# لە نیگای ڕونەوە بۆ ڕامیاری شەرعی


نوسینی

پرۆفیسۆر. د. محسن عبدالحمید

وەرگێڕ

هێمن قادر شاسواری


لەنیگای ڕونەوە
بۆسیاسەتی شەرعی
نو سینی
د.محسین عبدالحمید
وەرگێڕانی
هێمن قادر شاسواری
پێویستە موفتی لەهەموو سەردەمێکدا
بجولێت و ڕۆ بچێت لە دوو زانستدا
ڕۆچوونی زانستی لە شەریعەت
ڕۆچوونی زانستی لە جولەی دونیادا

ناوی کتێب: لە نیگای ڕونەوە بۆ ڕامیاری شەرعی

نوسەر: پرۆفیسۆر. د. محسن عبدالحمید

وەرگێڕ: هێمن قادر شاسواری

پێدا چونەوەی: فاروق سید حسین تاوگۆزی

# پێشەکی نوسەر

سوپاس‌و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهان، درودو سەلام لەسەر کۆتا پێغەمبەرو نێردراوان، محمدی کوڕی عەبدوڵلاو خانەوادە پاك‌و بەڕێزەکانی و، هاوەڵە تێکۆشەرەکانی و، شوێن کەوتوانی کە بەباشی شوێنی پەیامەکەی کەوتوون.

پاشان:

لای هەندێك لە بڕوادارە خاوەن زانستە بەویژدانەکان ئەوە هەیە، کە شەریعەتی ئیسلامی تەنها چەند دەقێکی چەقە بەستوو نەجوڵاونیە، لەهەر سەردەم‌و شوێنێکدا دەرگا دابخەن بەسەریاندا، بەڵکو ئەمە تۆڕێکی پەیوستە بە دەقە یەکلایی کەرەوەو (القطعي) و گوماناوییەکانی (الظني) لە قورئان‌و سونەتدا، کراوەو میانڕەوە بۆ ڕەچاوی گەشە سەندنەکانی بارو دۆخ‌و گۆڕانی تێگەیشتن و هەڵوەستەو خوو (العادە) و، نەریت (العرف)ی، بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بتوانێت ئەرکە شەرعییەکان

دەربهێنن لە نێوان حوکمەکانو بیچەسپێنن بەسەر پێشهاتەکاندا.

یەکلایی بوەکان (القطعية) لەنێویاندا زۆر کەمە، بەڵام گوماناوییەکانی زۆرن و ئیجتیهاد کردن تیایاندا بەردەوامە تا ڕۆژی قیامەت دەمێنێت.

ئەگەر ئەم دەقانە بهێنین و وردەکاری تیا بکەین دەبنین لە ڕوی پەرستشەکانو بارودۆخو ئەرك لە ئەستۆ دانانەکان (التكليفيه)و بارۆدۆخەکانو ئەرکە کەسییەکان بە درێژی دەبینرێت، بەڵام لەڕوی ڕامیاری و ئابوریو بەڕێوەبردنو شارستانیەتو ئەوانەی پەوەندیان پێوەی هەیە بە کورتی هاتووە، واتە ئەوانەی کە پەیوەندی بە جوڵەی دنیاوە هەیە.

دەقە لە پێشینەکان بواری هەستکردنی ئاوەزیی تیا نییە، بە گەشەکردنی ژیان گەشە ناکات، چونکە پەیوەندی بە سیفەتی بەردەوامی یەکێتی مرۆڤایەتو سونەنە کەونیەکانەوە هەیەو نە

گۆڕانی بەسەردا دێتو نە لە ناوەڕۆکیشدا جێگۆڕکێی پێ دەکرێت.

بەڵام ئەو دەقانەی پەیوەندنیان بە کاروباری دنیاوە هەیە، ئەمانە گشتین و بە توانایی ئاوەزی مرۆڤ دەتوانێت بە ڕێسا شەرعییەکان ڕێکی بخات و هەوڵی لەگەڵدا بدات و، بە درێژی باسی گۆڕانکارییە بەشیەکانی ژیانی بۆ بکات، ئەمەش بەبەریدا دەگیرێت، لە ژێری ڕۆشنایی ئەودا پێکەوە دەگوزەرێیت و، مەبەستەکانی دەردەخات، بەلای ڕاستو چەپدا لەسەر هەموو کێشە مرۆیەکان بە ئازادییەکی ڕێکخراوی دەیجولێنیت، زۆر حوکمی لە بنەما گشتییەکە دەردەهێنرێت، خۆی یەکلایی بکاتەوە بۆ چەسپاندنی دادپەروەریو دڵنیایی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەو تاك لە سەرجەم کاتو شوێنێکدا.

پاشان سەرچاوەکانی شەریعەتی ئیسلامی تەنها قورئانو سوننەت نییە، بەڵکو چەن سەرچاوەیەکی شوێن کەوتەی ئەمانەش هەیە وەك: (الإجماع: کۆڕا) و (القیاس: بەبەرداگرتن) و (الأستحسان: بەچاك و جوان زانینی شتێك) و (الأستصحاب:

ویستی لەگەڵدا بوون، و بەردەوامی پێدانی) و(البراءة الأصلية: بێ تاوانی هەر لە بنەمادا) و (مراعاه العرف: ڕەچاوی نەریت) و ( المصالح: بەرژەوەندییەکان) و (المقاصد: مەبەستەکان)و حوکمانێکی جگەلەمانەش، چەند ڕێسای تر هەیە لە بەشەلاوەکیەکانەوە خوێندنەوەی بۆ کراوە مانایەکی گشتی مەبەستەکانی شەریعەتی پێك هێناوە، نمونەی: گرانی ئاسانکاری کەمەند کێش دەکات، تەنگی هەڵگیراوە، پێویست بوون بە پلە بەندی، ئاتاجەکان (الحاجيات) شوێنی زۆر نیازمەندەکان (الضرورات) دەگرێتەوە، ڕێگە بە زۆر لێکردن دراوە بۆ بەدیهێنانی مافەکان، سەر ئەنجامەکان لەبەرچاو گیراوە (مالآت تلاحظ)، ڕەچاوی دادپەروەری دەکرێت، ئاوەز (العقل) کاری پێدەکرێت دەکرێت (العقل يعمل به)، ئامرازی ڕێگە گرتن بەکاردێت (تسد الذرائع)، زۆر ناچارییەکان (الضرورات) یاساغەکان ڕێگە پێدراو دەکەن (الضرورات تبيح المحظورات)، کار بە دەرفەت دان (الرخصه) دەکرێت وەك چۆن کار بە پێداگیری (العزيمه) دەکرێت، جێ بە جێ کردنی هۆکاری هاتنی حوکمێك

به گوێرەی تواناو جێگیر بوون، هێنانە دی بەرژەوەندییەکان لە ژێر ڕۆشنایی مەبەستەکان، دانانی دەقەکان لەسەر ئەو ڕوداوانەی ڕوو دەدەن لە ژێر ڕۆشنایی بنەماو یاساکان، شەریعەتی ئیسلامی پڕۆژەی وای هەیە چارەسەی ورترین کێشەکانی ژیان دەکات، لەم کاتەدا هیچ شتێك ناگوزەرێت مەگەر لە ژێر پلە بەندی (تندرج) زۆر پێویست (ضروري) و ئاتاجی (حاجيات) و جوانکاری (التحسينيات) جێگەی دەبێـتەوە، وە ئەمانە لە چوار چێوەی حوکمەکانی وەك ئەرك دانراوەو لە سەر شان (الحكم التكليفي)ەکان لە پێویست (واجب) یاساغ کردن (الحرام)، سوننەت بوون، و واباشتر بوون(المندوب) وە، بە ناجوان دانەنراو(المكروه)، دروست و ڕێگە پێدراو(المباح) دەرچێتو شوێنی نەبێت، بۆیە خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿إِنَّ هَـذَا الْقُرْآنَ يِهْدِي لِلَّتِي هِيَ أَقْوَمُ﴾[1].

---

١ – سورة الإسراء: آية ٩.

**واته: بێگومان ئەم قورئانە بۆمان ناردوون، ڕێگا و بەرنامەیەکی وا نیشانی خەڵکی دەدا، کە ڕاسترین بەرنامەو ڕێگایە[1].**

**شەریعەت بۆ هەموو بەشێك لەم بەشانە چەند فەرمانێکی داناوە بۆ هەر یەکەیان چەند لقێکی لێدەبێتەوە بۆ ئەوەی کاری جێ بە جێ کردنی ئاسان بکات.**

**پاشان حوکمەکانی شەریعەت لە ڕوکەشی بێژە (اللفظ) و دەستەواژەکان وەرناگیرێت، چەندین هاوچەمك (مفهوم الموافقة) دەربڕ (منطوق)ی دەقەکان هەیە، یان چەمکی پێچەوانەیە (المفهوم المخالفة)ەشی هەیە. دەربڕەکان (منطوق) دابەش دەکرێن بۆ گوزارشتکردنی ئاماژەیی (دلالة الأشارة) گوزارشتی دەق (دلالة العبارة)، زۆربەی دەقە شەرعییەکان لەڕوی هۆکارو**

---

١ – بۆ تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزانە سودم لە تەفسیری گوڵبژێری، (م.عبداللە احمد احمد ئاوایی). وەرگرتووە، خودا پاداشتی خێری بداتەوە، (وەرگێڕ).

(عله )[١] و دانایی (الحكمه) تێدەگەیت، ئەم بنەمایەش ئاماژەدەكات بۆ ئەوەی حوكمەكە لەگەڵ هۆكارەكەدا دەسوڕێت، هەركاتێك هۆكارەكە جێگیر بوو حوكمەكەش جێگیر دەبێت، هەركاتێك هۆكارەكە نەبوو حوكمەكەش نابێت.

دەقە سونەتیەكانی پێغەمبەر فرە جۆرن، هەندێك لەوانە پەیوەندییان بە پێغەمبەرێتی (ﷺ)یەوە هەیە و، هەندێكی دیكەشی پەیوەندی بە پێشەوایەتییەوەهەیە، ئەوەی پەیوەندی بە یەكەمیانەوە هەیە ئەوە نیگایە (وحی) بە تێپەڕ بونی كات‌و گۆڕینی جێگەكان ناگۆڕێت، ئەوەشی پەیوەندی بە پێشەوایەتییەوە هەیە، ئیجتیهاد كردنیەتی (ﷺ) بەگوێرەی بارو دۆخ‌و كات‌و شوێن و، لەسەر نەرت‌و عادەتی خەڵك‌و دایدەڕشت‌و، بەپێی گۆڕانی سەردەم‌و شوێن حوكمەكەی گۆڕاوە و دوەگۆڕێت، شەرع زانان نمونەیان لەسەر ئەم كارەی

---

١ – (علة) لەلای فەیلەسوفەكان هەر شتێك كاردانەوەی كارێكی لێ بكەوێتەوە بەسەر خۆی یان دانە پاڵی شتێكیتر ئەوا هۆیەكە بۆ ئەو كارەو كارەكەش هۆداری ئەو دەبێت. (وەرگێر).

هێناوەتەوە، بۆ نمونە: ئیبن‌و تەیمییە، ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) لە دانانی نرخدا بۆ بازاڕ حەرامی کردبوو, بەڵام ئەم بەهۆی بارودۆخی ئابوری حەڵاڵی کردووە، وایداناوە ئەم وتەی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر نرخ دانان بۆ سەردەمی خۆی بووە، ئەنەس بۆمان دەگێڕێتەوە (رضي الله عنه)، دەڵێت: (نرخی کاڵاکان لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بەرز بوەوە، وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا: ئەگەر نرخت لەسەر کاڵاکان دابنایە، فەرموی: خودا خۆی رۆزی دەبەخشێت‌و وەریدەگرێت‌و نرخ دانەرە، من هیوام وایە بگەمە بەخودای پەروەردگارو کەس وانەزانێت من ستەمی لێدەکەم لەسامان‌و خوێن ڕشتن)[1].

ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) ئەوکاتە نرخی دابنایە ئەوە —دوور لەو- تۆمەتی ستەمکردن لە خەڵکیان دەدایە پاڵی، کاتێك بارودۆخەکە گۆڕانی بەسەردا هات، پێشەوا بینی ئەگەر نرخ نەبێت خەڵك توشی زیان دەبێت ئەوکات نرخ دا دەنێن، سەر ئەنجامی ئەم سونەتە دەبێت بە عورفێکی نوێ.

١ – رواه الخمسة إلا النسائي وصححه الترمذي، نيل الأوطار: للشوكاني، ٥/ ٢٣٢.

ڕاستیەکانی شەریعەتی ئیسلامی بە قاڵ بونەوەو ڕۆچۆن لە ڕێساو مەبەستەکانی نەبێت تێیدا ناتوانیت پەی پێ ببەن، ئەو کەسانەی خۆیان بە زانا دادەنێن بەهۆی لەبەر کردنی ڕوکەشی دەقەکانەوە یان شوێن کەوتوانی ڕێبازەکانن (مقلدين المذاهب) ئەو هەستەیان لا دروست نابێت، ئەو چینەی یەکەمیان چەقیان بەستووە لە دەقەکاندا، لە ماناکانی تێناگەن، هیچ هەستیش ناکەن چی لەپشتی ئەو دەقانەوە هەیە لە بەرژەوەندی (المصالح)و مەبەستەکانی (المقاصد). ئەوان ناتوانن لە هەنگاوی یەکەمیانیاندا لە دەقە هاو مانا (التوافق) و پێچەوانەکان (التعارض)ەکان حوکمەکان دەربهێنن، چونکە ئەوان شارەزایی ئەو دوو زانستە گرنگەیان نییە کە بوەنەتە هۆی کۆمەکی کردنی شەرع زانان بۆ ئەوەی هاوسەنگ و ورد بن لە حوکمەکاندا، ئەوانیش: زانستی بنەماکان (علم الأصول) و، زانستی مەبەست و سەرئەنجامی کارەکانن، ئەم دووانە بوونەتە هۆی جوڵە پێکردنی دەقەکانو دەرهاویشتنی مانای ورد

لێیانەوە، ئەمە زانستی ڕوداوەکانی زۆرتر کردووە لەگەڵ فیهقی هاوسەنگی‌و فیقهی لە پێشینەکان.

بۆیە پێشەوا غەزالی بە ڕۆشنبیرەکانی سەردەم خۆی دەڵێت: (من لایعرف المنطق لا ثقة بعلمه) واتە: هەرکەسێك شارەزایی لەسەر لۆژیك (منطق) نەبێت متمانە بە زانستەکەی ناکرێت، جێگەی خۆیەتی ئەمڕۆ پێیان بڵێین: ئەوەی شارەزایی لە زانستی بنەماکان (الأصول) و مەبەستەکان‌و فیقهی پێش هات (واقع) و هاوسەنگی و لە پێشینەکان نەبێت متمانە بە زانستەکەی ناکرێت، هەرچەند دەقیشی لەبەربێت‌و چەندین فتوای سەر پێی‌و سەرزای بەتاڵ لە زانست‌و شارەزای‌و ئامانجیش دەربکات.

بەڵام ئەوانەی دووەم: زانستیان خوێندووە و خۆیان کردوەتە شوێن کەوتەی شەرع زانە ڕابردووەکان‌و بە بێ شیکردنەوە و گفتوگۆ، هیچ قوڵ نەبونەتەوەلە خوێندنەوەی بەڵگەکانیان، تەنها لەسەر ئەو فتوایانەی بۆ سەردەمی خۆیان دەریان کردووە وەستاون، دوور لە هەستکردن بە گۆڕانکاری‌و

جێگۆڕکێی سەردەمەکانو کێشە ئاڵۆزەکان. ساڵ بە دوای ساڵ ئەو بۆچونانە دووبارە دەکەنەوە کە دەریان کردووە، بە بێ ئەوەی خۆیان ماندو بکەن بۆ خوێندنەوەی شەریعەت لە ژێر ڕۆشنایی ڕێبازی بنەمای مەبەستەکانی. لێرەوە ئەوە دەزانین ئەوان ناتوانن ڕوو بەڕووی کێشە نوێکان ببنەوە، توانای چارەسەریشیان نییە. لەبەر ئەمەیە ئەو شەرع زانانە کەمن قوڵ بوبێتنەوە لە زانستە ئیسلامیەکانو پەی بردن بە حوکمەکانیان، ئەوانەشی کە بنەماو یاساو مەبەستەکان دەخوێننەوە تێکەڵی ژیان بوون، شارەزای نەخۆشیەکانیی ناو کۆمەڵگەی ئیسلامیو نا ئیسلامیەکان بوون، واتە: بە زانستیان دەربارەی دەقەکانو مەبەستەکانو پێشهاتەکان (الواقع) هەیە.

لەم ژینگە نەفامیو چەقبەستنو شوێن کەوتنو لەبەر کردنی ڕوکەشیەدا هەندێك خەڵك دەرکەوتون، فتوا دەردەکەن لە ئەنجامدا خۆیانو خەڵکانیش سەرگەردان دەکەن، خەڵك بە خراپەکارو بێ ئاین (فاسق) و بێ بڕوا دادەنێن بە بێ بنەمایەکی زانستیو تێگەیشتن، زیانێکی زۆریان گەیاندوەتە

دۆسیەی ئیسلامیو خەڵکە موسوڵمانەکان لە ناوخۆو دەرەوەی جیهانی ئیسلامیشدا، بەمەش نەوەستاون ئێستا دەستیان داوەتە ڕژاندنی خوێنی خەڵکانی بێ تاوانو حوکم نەفامیو بێ باوەڕی دەدەن بەسەر کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا، بەم شێوەیەیان ناشرین ترین وێنەیان لەسەر ئەو شەریعەتە میهرەبانە تۆمار کردوە کە شەوی ئەم شەریعەتە وەك ڕۆژ ڕوناکە هەر کەسێك پشت لەم شەریعەتە هەڵبکات لەناو دەچێت، وەك پێغەمبەری بەڕێز (ﷺ) فەرمویەتی.

من لەماوەی ئەو سێ (عقود)ەدا لە کولێجە شەریعەکان وانەم وتوەتەوە هەوڵمداوە ئەم لاپەڕانەی دواتردا باسیان دەکەین بدەم بەگوێی خوێندکاراندا‌و ئاگاداریان بکەمەوە لێی، لە ڕێگەی نامیلکەو وتنەوەی وانەکانمدا لە مزگەوتو دامەزراوە ڕۆشنبیریەکان هەمان کارم کردووە بەو ئامانجەی ئاوەز (العقل)ی ئیسلامیی ئاوەزێکی مەبەستکاری هاوچەرخی درەوشاوە بێت لای خوێندکارانو سەرجەم ڕۆشنبیران.

ئێستا ئەم نامیلکە بچوکە بە کورتیو ڕونی پێشکەشتان دەکەین بەو هیوایەی خوێنەرانو گەنجەکانمان ئاگادار بکەینەوە لە ڕێبازی گشتگیری مەبەستەکان و تێگەیشتن لە شەریعەتی ئیسلامیدا، هەرچی وەڵامی کێشەکان هەیە دەیخەینەڕوو، بۆ ئەوەی نەکەونە ناو ڕوداوە زۆر گەورەکان کە زۆر کەس لە بانگەشە کارانی زانست تێی کەوتن هیچیان چاك نەکر لەوەی نەفامەکانو لادەرەکان خراپیان کردبوو.

لە ساڵەکانی دوایی پاش ئەوەی ئەمەریکا عێراقی داگیرکرد ئەم بنەما شەرعیانەم بۆ براکانم لە بزوتنەوە ئیسلامیەکان ڕاڤەدەکرد، وە لە کۆبونەوە گشتیەکانی چینو توێژەکانی گەلانی عێراق باسم دەکرد، ئێمە دەبێت زۆر زۆر پێداگربین لەسەر ئەوەی هەموو کارە سیاسیو بڕیارە چارە نوس سازەکان بە پێوەری شەریعەت بپێوین، ئەوکات لە پێشمانەوە ئەوە ڕوناك دەبێتەوە چۆن لە نیگای ڕونەوە بڕۆین بۆ سیاسەتی شەرعی. پاشان بونیات نانی سیاسەتێکی قۆناغ بەندی دێتە سەریا، نابێت وابیر بکەینەوە ئێمە بارێزراوین لە هەڵە، بەڵکو دەبێت ئێمە بە

پێی توانای تێگەیشتنمان هەوڵ بدەین بۆ بەدەست هێنانی دوو پاداشت، یان پشت بەخودا یەك پاداشتمان دەست دەكەوێت.لە كۆتاییدا داوام لە خودای پەروەردگار ئەوەیە سەركەوتومان بكات لە بە دەست هێنانی ئامانجە ڕونەكانی شەریعەتەكەمان لە ئێستاو داهاتودا، ئەو بیسەرو وڵام دەرەوەی پاڕانەوەكانمانە.

د.محسن عبدالحمید– بغداد: الخضراء.

فی ١٣ ذی القعدة ١٤٢٦

# بەشی یەکەم

# لە بەلاغو موبین بۆ سیاسەتی شەرعی

# یاخود

# لە نیگای ڕونەوە بۆ ڕامیاری شەرعی

وشەی (بلاغ المبين) لە زۆرێك لە ئایەتەكانی قورئانی پیرۆزدا هاتووە، وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَإنْ حَآجُّوكَ فَقُلْ أَسْلَمْتُ وَجْهِيَ لِلّهِ وَمَنِ اتَّبَعَنِ وَقُل لِّلَّذِينَ أُوْتُواْ الْكِتَابَ وَالأُمِّيِّينَ أَأَسْلَمْتُمْ فَإِنْ أَسْلَمُواْ فَقَدِ اهْتَدَواْ وَّإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلاَغُ وَاللّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ﴾[1].

واتە: ئەگەر (خاوەن نامەكان) دەمەقالێیان لەگەڵ كردییت بڵێ: خۆمو ئەوانەی كە دوامكەوتوون ڕووی خۆمان سپارد بە خوا، وبڵێ: ئەوانەی كە نامەیان بۆ هاتووە، وبە نەخوێندەوارەكان (كە گەلی عەرەبن): ئایا موسڵمان بوون؟ ئینجا ئەگەر موسڵمان بوون ئەوا ڕێنموونییان كرد، وە ئەگەر ڕووشیان

---

١ – سورة آل عمران: آية ٢٠.

وەرگێڕا (تۆ بەرپرسیار نیت) وە هەر ڕاگەیاندنت لەسەرە، وە خوا بینایە بە بەندەکان[1].

یاخود دەفەرموێت: ﴿مَّا عَلَى الرَّسُولِ إِلاَّ الْبَلاَغُ وَاللّهُ يَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا تَكْتُمُونَ﴾[2].

واتە: پێغەمبەر (ﷺ) تەنها ئەوەی لەسەرە کە پەیامەکە بگەیێنێو فەرمانی خوداتان بۆ ڕوون بکاتەوە، لەوە بەدوا خۆتان بەرپرسن، خودا ئاگاداری هەموو شتێکتانە، ئەوەی دەڕیئەبڕنو ئەوەی ئەیشارنەوە[3].

تەبەری لە تەفسیری (البلاغ) دا دەفەرموێت: مانای فەرمودەی (وإن تولوا) واتە ئەگەر پشتیان هەڵکرد لەو شتەی کە ئایەتەکە بانگیان دەکات لە موسوڵمان بونو ئیسلامو یەکتاپەرستی، تۆ تەنها گەیەنەریت و جگە لە گەیاندنی ئەو

---

[1] - تەفسیری گوڵبژێر، م.عبدالله احمد ئاوایی..

٢ – سورة المائدة: آية ٩٩.

[3] - تەفسیری گوڵبژێر، م.عبدالله احمد ئاوایی..

**پەیامەی بەو کەسانەی تۆم بۆلایان ڕەوانەکردوە لە دروستکراوەکانم جێ بە جێ کردنی ئەوەی پێم سپاردی لە گوێڕایەڵێم[1].**

**واتاکانی البلاغ:**

**(البلاغ والبلوغ): گەیشتن کۆتایی هاتن واتا ئەوپەڕو دوا مەبەست، لە ڕوی شوێنو کاتەوە، یان فەرمانێك لە فەرمانە دیاری کراوەکان.**

**والبلاغ: پێڕا گەیاندن (ئاگادارکردنەوە)، وەك خودای پەوەردگار دەفەرموێت: ﴿هَـذَا بَلاَغٌ لِّلنَّاسِ﴾[2]. یان فەرمودەی پەوەردگار: ﴿فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلاَغُ وَعَلَيْنَا الْحِسَابُ﴾[3] . واتە: بەڕاستی تۆ تەنها گەیاندنی بەرنامەو بڕیارەکانی خوات لەسەرە، ئیتر**

---

١ – جامع البيان: للطبري، ١٤٠٨ – ١٩٩٨، دار الفكر، بيروت، ٣/٢١٥.

٢ – سورة إبراهيم: آية ٥٢.

٣ –سورة الرعد: آية ٤٠.

**حیساب و پاداشت و تۆڵەیان لەسەر ئێمەیە، کەوابوو تۆ درێژە بەکاری خۆت بدەو مەوەستە[1].**

**البلاغ: بەمانای پەسەند بون دێت[2]، وەك فەرمودەی خوای پەوەردگار﴿إِنَّ فِي هَذَا لَبَلَاغاً لِّقَوْمٍ عَابِدِينَ﴾[3]. واتە: بەڕاستی لەم ئایەتانەدا! ڕاگەیاندنێ هەیە بۆ کەسانێ کە خواپەرستن.**

**دەستەواژەی (البلاغ المبين) گەیاندن (البلاغ) لەگەڵ وشەی ڕونکەرەوە (مبين) دا لە چەند ئایەتێکی دیدا هاتووە، وەك خوای پەوەردگار دەفەرموێت: ﴿وَأَطِيعُواْ اللّهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ وَاحْذَرُواْ فَإِن تَوَلَّيْتُمْ فَاعْلَمُواْ أَنَّمَا عَلَى رَسُولِنَا الْبَلاَغُ الْمُبِينُ﴾[4]. واتە: بە گوێی خوداو پێغەمبەری خودا(ﷺ) بکەن‌و، خۆتان لە بێگوێی کردنی بپارێزن، ئەگەر پشتتان هەڵکردو سەرپێچیتان**

---

[1] - تەفسیری گولبژێر، م.عبدالله احمد ئاوایی..

٢ – مفردات ألفاظ القرآن: الرغب الأصفهاني، تحقيق: صفوان عدنان داود، دار القلم، دمشق – بيروت، ١٩٩٦، ص١٤٤.

٣ – سورة الأنبياء: آية ١٠٦.

٤ – سورة المائدة: آية ٩٢.

کرد ئەوا پێغەمبەری ئێمە(ﷺ) هەر ڕاگەیاندنی ئاشکراو بێ پێچو پەنای لەسەرە، ئیتر بە گوێ کردنو بە گوێ نەکردن پەیوەندی بە خۆتانەوە هەیە[1].

تەبەری لە تفسیری وشەی (البلاغ المبین) دا دەفەرمویێت: ( ئەوە بزانن ئەو کەسەی کەنێراوە بۆ ئاگادارکردنەوەتان تەنها گەیاندنی لەسەرە بۆتان، ئەو پەیامەی کە بۆمان ناردوون بۆتان ڕون دەکاتەوەو ڕێگەی ڕاستو ڕەوانتان نیشان دەدات))[2].

ڕونو ئاشکرایە لای زۆربەی پێشەوایانی ئیسلام ئەم ڕونکردنەوەیە جاری وا هەیە بە قورئان یاخود بە سونەت دەبێت، ڕونکار (البیان)ش واتە: دەرهێنانی شتێك لە شوێنێکی ناڕون بۆ ڕونیو ئاشکراکردنو و جیاکردنەوەی[3].

---

[1] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبداللە احمد ئاوایی).

٢ – إحكام الأحكام: للآمدي، ط الحلي/ القاهرة، ٣/٢٢.

٣ – صفوة البيان لمعاني القرآن: محمد حسنين مخلوف، ط٣، الكويت، ص٧٦٥.

ڕاڤەو ڕونکردنەوەی قورئانی پیرۆز بۆ ئایەتەکانی چەند بەلگەیەك دەخەن ڕوو، وەك پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُ وَقُرْآنَهُ * فَإِذَا قَرَأْنَاهُ فَاتَّبِعْ قُرْآنَهُ * ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا بَيَانَهُ﴾[1] واتە: بەڕاستی بەپێی بەلێنێك کە داومانە، لەسەر ئێمەیە کۆکردنەوەی لە سنگتداو خوێندنەوەی ⋆ ئینجا کە قورئانمان بۆ خوێندیتەوە، بەهۆی جبریلەوە، پەیڕەوی خوێندنەوەی ئەو بکە، لەپاشدا⋆ ڕوونکردنەوەی لەسەر ئێمەیە[2].

واتە: ڕونکردنەوەی ئیشکالاتە واتایی و بڕیارەکانی.

- بۆ نمونە- لە باسی ڕونکردنەوەی حەرامی خورادنەوە کحولییەکاندا، سەرەتا دەفەرموێت: ﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الأهِلَّةِ قُلْ هِيَ مَوَاقِيتُ لِلنَّاسِ وَالْحَجِّ وَلَيْسَ الْبِرُّ بِأَنْ تَأْتُوْاْ الْبُيُوتَ مِن ظُهُورِهَا وَلَـكِنَّ الْبِرَّ مَنِ اتَّقَى وَأْتُواْ الْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَابِهَا وَاتَّقُواْ اللّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾[3]. واتە: پرسیارت لێ ئەکەن لە مانگە نوێکان، بلێ: ئەمانە

---

١ – سورة القيام : آية ١٧ – ١٨ –١٩.

٢ - تەفسیری گولٚبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

٣ – سورة البقرة: آية ١٨٩.

نیشانەی کاتن بۆ مەردووم و بۆ حەج، چاکە ئەوە نییە کە لە پشتی خانووەوە بچنە ژوورەوە، بەڵکو چاکە (چاکەی) کەسێکە کە پارێزگاریی بکات، وە بچنە ناو ماڵ لە دەرگایەوە، وە لە خوا بترسن تارزگار ببن[1].

پاشان دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَقْرَبُواْ الصَّلاَةَ وَأَنتُمْ سُكَارَى حَتَّىَ تَعْلَمُواْ مَا تَقُولُونَ﴾[2] ئەی خاوەن باوەڕەکان! لەکاتی مەستی و بێهۆشیدا نزیکی نوێژ مەکەونەوە، واتە : نوێژ مەکەن، تا هۆشیار دەبنەوەو ئاگاتان لە قسەی خۆتان ئەبێ، و ئەزانن کە چی دەڵێن[3].

---

[1] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

٢ – سورة النساء: آية ٤٣.

[3] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

له پاشان بۆ کۆتا جار ئەم حوکمەی ڕوون کردوەتەوەو دەفەرمویت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالأَنصَابُ وَالأَزْلاَمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾[1] .

واتە: ئەی بڕواداران! شەرابو قوماركردنو سەربڕینی حەیوان لەسەر بەردەکانی دەوری کەعبە، یا لای بتەکان، هەروەها پەیڕەوی کردنی ئەزلامو بەکارهێنانی، کارێکی پیسو قیزەونو کرداری شەیتانی نەفرین لێکراون، کاری ئینسانی ژیرو له خودا ترس نین، خۆتان لەمانه بپارێزنو لێیان دووركەونەوە بەڵکو سەرکەونو بەختەوەر بن[2].

هەروەها کاتێك ئایەتی ﴿إِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنتُمْ لَهَا وَارِدُونَ﴾[3] دابەزی، واتە: هەندێك له بێباوەڕان پرسیاریان دەکردو دەیان وت: فریشتەکان پەرستراوی جگەلە خودایان دەپەرست، عوزەیرو عیساش بە هەمان شێوە

---

١ – سورة المائدة: آية ٩٠.

٢ - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

٣ – سورة الأنبياء: آية ٩٨.

جگە لەخودایان دەپەرستو دەڕۆنە ئاگرەوە، خودای پەوەردگار ئەم ئایەتەی دابەزاند: ﴿إِنَّ الَّذِينَ سَبَقَتْ لَهُم مِّنَّا الْحُسْنَى أُوْلَئِكَ عَنْهَا مُبْعَدُونَ﴾[1].

ئەگەر وشەی بەیان بەشێوە گشتگیرییەکەی وەرگرین ئەوکات ماناکانی گشتی (عام) و تایبەتی(خاص) و ناڕون‌و کورت (مجمل) ڕونکراوە(مبین) و ڕەها(مطلق) و کۆتکراو (المقید)دا بەشدار دەبێ، لە قورئانی پیرۆز بەشێوەیەکی زۆر فراوان هاتووە لەسەر یەك، هەر ئەمەشە ڕاڤەکارانی قورئان بە ڕاڤەی قورئان بە قورئانیان ناوزەد کردووە.

ئەگەر سەیری ڕونکردنەوە (البیان)ی پێغەمبەری خودا (ﷺ) بکەین ئەویش نمونەی زۆرە، چونکە فەرمودەو کردەوەکان‌و (تقریر)و تایبەت مەندێتی(شمائل) هەموویان ڕونکەرەوەی قورئانی پیرۆزن.

---

١ – سورة الأنبیاء: آیة ١٠١.

نمونەی ئەمەش: وەك ڕون كردنەوەی پەیامبەری خودا (ﷺ) بۆ وشەی ناوەند (الوسطى) بە نوێژی عەسره[1]. یاخود فەرمودەی خوای پەروەردگار: ﴿فَاقْطَعُواْ أَيْدِيَهُمَا﴾[2] پێغەمبەر (ﷺ) ڕونی كردوەتەوە دەستی دز لە مەچەك یدا بقرتێ نرێت.

هەروەها فەرمودەی خوای پەوەردگار: ﴿فَامْسَحُواْ بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُمْ﴾[3] دەست پێدا هێنان لە كاتی تەیەموم تا ئانیشكەكان[4].

كاتێك فەرمودەی خوای پەورەدگار دابەزی، كە دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ آمَنُواْ وَلَمْ يَلْبِسُواْ إِيمَانَهُم بِظُلْمٍ أُوْلَـئِكَ لَهُمُ الأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ﴾[5] ئەمە لەسەر موسوڵمانان گران بو، وتیان: جا ( كێ بێ لە ئێمە ستەم لە خۆی نەكات؟!، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی:

---

١ – الإتقان في علوم القرآن: للسيوطي، الحلبي، القاهرة، ٢/٢٢٧.

٢ – سورة المائدة/ ٣٨.

٣ – سورة النساء: آية ٤٣.

٤ - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

٥ – سورة الإنعام: آية ٨٢.

مەبەست ئەوە نییە، بەڵکو هاوبەشی بۆ خودا دانانە، مەگەر گوێتان لەو وتەی –لوقمان- نەبووە کە بە کوڕەکەی وت: کوڕی شیرینم، هاوبەشی بۆ خودا بڕیار مەدە، چونکە هاوبەشی ستەمێکی گەورەیە)[1].

وە ئەوەی لە تایبەت (تخصیص) کردنی گشتی (عام)ەکانی قورئاندا فەرمویەتی: ﴿إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنزِيرِ﴾[2].

ئەم ئایەتەی تخصیص کرد بە فەرمودەی (ﷺ): (دوو مردارەوەبوو و دوو خوێن ڕێگە پێداوە بۆمان، دوو مردارەوە بوەکە: کولەو ماسی، دوو خوێنەکەش: جگەرو سپڵ)[3].

وەڕاڤەکردنی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئایەتەکانی نوێژو زەکاتو حەج، بە دیاری کردنی کاتەکانی نوێژو ڕونکردنەوەی

---

١ – رواه البخاري: ١٧/٦، لەباسی تەفسیری سورەتی الأنعام دا هێناویەتي.

٢ – سورة البقرة: آية ١٧٣.

٣ – مفاتيح الغيب: للرازي، ١٧/٦، طبعة مصطفى محمد، القاهرة.

ژمارەی ڕکاتەکان و، دیاری کردنی بڕەکانی زەکات و، جیٚ بەجیٚ کردنی بنەماو ڕێساکانی حەجکردن، شتانێکی تریش لە پەرستش‌و حوکمەکانی تر لە فەرمانە چەسپاو و زانراو و وتراوەکان لە پەرتوکەکانی فەرمودەو فیقهدا ڕوون کراوەتەوە[١].

لەسەر ئێمەیە ئەوە بزانین کە دەقەکانی (نصوص) قورئانی پیرۆز و سونەتی دروست (صحیح) وەك یەکن جا ئەو دەقانە گوزارشتی یەکلا کەرەوە بێت (القطية الدلالة) یان گوزارشتی گوماناوی و نایەکلا کەرەوە بێت (الظنية الدلاله) ئەوە پێی دەوترێت: گەیەنەریی ڕونە (البلاغ المبين) ە، قورئانی پیرۆز بە بێژەو (اللفظ) واتا (معنى)وە سونەتی بەواتای بەسروش بۆ پێغەمبەر (ﷺ) هاتوون، بەڵام ئیجتیهاد لە ژێر ڕوناکی تیشکی پەیامبەردا (ﷺ) لە کارو بارە گۆڕاوەکانی دونیایدا ئەوە پێی دەوترێت: سیاسەتی شەرعییە.

---

١ – راجع أنواع بيان رسول الله (ﷺ) في إعلام الموقعين عن رب العالمين: لابن القيم الجوزي، ٣٢٢/٢.

سیاسەتی شەرعی لە دابەزاندنی بەرجەستەکردنی (بلاغ المبین) دا دەردەکەوێت لەسەر ئەو ڕوداوە نوێیانەی بە گوێرەی کاتو شوێن دێنە پێشەوە، چونکە ئیسلام تەنها بۆ یەك شوێنو سەردەم نەهاتووە تاوەکو دەقەکانی تەنها بۆ ئەو سەردەمە چەقببەستێت بمێنێتەوە و نەجولێت، بەڵکو ئیسلام هاتووە ببێتە کۆتا ئاین بۆ مانەوەی هەمیشەیی لە هەموو سەردەمو شوێنێکدا بەردەوام بێت تا ڕۆژی قیامەت.

ئەوە ڕونو ئاشکرایە کە دەقەکان کۆتایی پێ هاتووە، بەڵام کارو باری دنیاو بەردەوامی ژیان هێشتا بەردەوامی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ژیانی دونیا بەردەوام لە گەشەدایە، بارو دۆخی دونیا لە گۆڕاندایە، نەریتەکانیش لەجێی خۆیان نەماون، لەبەرچاو گرتنی ئەم گەشەو گۆڕانو لە جێی خۆ نەمانە پێویستە بە پێوانەی ژیری (عقل) و هاتوو (نەقلی) ڕوو بەڕووی ببینەوە ئەو کارانە بە سیاسەتی شەرعی دەکرێت، ئەویش لەسەر ڕوونکردنەوەی بنەچینەی هەڵهێنجاندن (أصول إستنباط) حوکمەکە لە بەڵگە تێرو تەسەلەکان لە لایەکو، لە دانایی

شەرعیو مەبەستە گشتییو تایبتەکان لە لایەکی تر دادەنرێت، پێشەوا (تاهیر بن عاشور) دەڵێت: ( زۆربەی بابەتەکانی بنچینەییە فیقهیەکان ناگەڕێتەوە بۆ خزمەت کردنی هونەری شەریعەتو مەبەستەکانی، بەڵام لە چوار چێوەی دەرهێنانی حوکمەکانو وێژە (الفاظ)ە شەرعییەکان بە پشت بەستن بە یاسا جێگیرەکان دەتوانرێت پێیان بزانرێت لە جیاکردنەوەی بەشەکانی یان جیاکردنەوەی ئەو خەسڵەتانەی (أوصاف) رێگە دەدات بە و (وێژە: الفاظ)ە، دەتوانرێت ئەو خەسڵەتانە ببێتە هۆکاری شەرع دانان...)، پاش شیکردنەوەیەکی درێژ، دەڵێت: ئەمە هەمووی چنینەوەی ئەو بابەتەیە بە دوور کەوتنەوە لە ڕونکردنەوەی هونەری شەریعەت (حکمە الشریعە) و مەبەستە (مقاصد) گشتییو تایبەتییەکایەتی لە حوکمەکانی[1].

بۆیە ئێمە لەم سەردەمەدا ئەگەر بمانەوێت ئیجتیهاد بکەین، پێویستە جارێکی تر بنچینەو مەبەستەکان (المقاصد) کۆ

---

١ – مقاصد الشريعة الإسلامية: الإمام الطاهر بن عاشور، ١٤٢٦ – ٢٠٠٥، دار السلام، القاهرة، ص٤.

بکەینەوە بۆ ئەوەی بیکردنەوەمان وەك شەرع زانێکی بەبەرهەم بێت، لە ڕاستیشدا ئەم سیاسەتەش بۆ دروست بونی پێویستی بە دوو زانست هەیە، زانستی بنەماکانی فیقهی (أصو الفقه) و زانستی مەبەستەکانی شەریعەتو هونەرەکانی (علم المقاصد الشریعه وحکمتها)، بە لەبەرچاو گرتنو زانینی یاسا جوڵاوەکانی ژیانو گۆڕانە پێشهاتەکان.

سیاسەتی شەرعی: ئەو سیاسەتە بە پڕشتەیە کە پەیوەندی بە ژێر دەستەکانیەوەی هەیە.

ئەم مانایەش لە فەرمودەیەك وەرگیراوە، کە دەفەرموێت: ( پێغەمبەر لە بەنی ئیسرائیل بە بە ڕێوە بردن (تسوس) کاریان دەکرد، کاتێك پێغەمبەرێکیان دەمرد پێغەمبەرێکی تر شوێنی دەگرتەوە، بەڵام من پێغەمبەر شوێنم ناگرێتەوە، بەڵکو خەلیفە

لەدواى من ديت بەڕاستى لە دواى من پێغەمبەر نايە، بەڵكوجێ نشين لە دواى منەوە دێت)[1].

فەيروز ئابادى دەڵێت: (وسست بەڕێوە بردنى ژێر دەستە بە سياسەت، بە فەرمان بەردارىو قەدەغە كارى)[2].

پێناسەى مانا زاراوەييەكەى زۆر دوور نييە لە ماناى زمانەوانيەكەيەوە (اللغوى)، چونكە سياسەتى شەرعى لە ڕوى زاراوەوە، بريتييە: لە پلان دانان بۆ بەڕێوە بردنى كارو بارى مرۆڤەكان لە چاودێرى دينو سياسەتى دنيايان، واتا: سياسەتى گەل و چاودێرى لە نەتەوە، يان بەرژەوەنديە گشتييەكانى نەتەوەو بەڕێوەبردنى[3].

ئەبو بەقا لە كولياتيدا بەم شێوەيە پێناسەى دەكات: (چاكسازييە بۆ بەندەكان بە ڕێنومايى كردنيان بۆ ڕێگاى

---

١ – صحيح البخاري – كتاب أحاديث الأنبياء– باب ماذكر عن بني إسرائيل الحديث رقم (٣٢٦٨) عن أبي هريرة موقوفا.

٢ – القاموس المحيط، باب السين، فصل السين.

٣ – الأحكام السلطانية: للماوردي، ط بغدادد، ١٤٠٩ – ١٩٨٩، ص ١٢، ٢٠، ٢٧.

ڕزگاربونیان له ئێستاو ئاینده‌دا، له هه‌مان کاتدا دابین کردنی پێداویستییه‌کانیان‌و چاوێدری کردنی به‌رژه‌وه‌ندییه گشتییه‌کان به ڕێگه‌یه‌کی ڕاست‌و دروست)[1].

محمد عه‌ماره ئه‌مه‌ی سه‌ره‌وه ڕاڤه ده‌کاته‌وه و ده‌ڵێت: ( ئه‌مه ته‌نها باسی به‌رژه‌وه‌ندییه دونیاییه خێراكان ناكات به‌ڵكو باسی ئه‌و به‌رژه‌وه‌ندیانه ده‌كات ده‌بێته هۆی ڕزگار بون له‌دنیادا و هێنانه دی سه‌ركه‌وتنیش له دواڕۆژدا، ئه‌مه ته‌نها باسی نه‌خشه دانان بۆ هێنانه دی بژێروی ناكات به‌ته‌نها به‌پێی پێوه‌ره‌كان، به‌ڵكو نه‌خشه داده‌نێت بۆ بڕیار له‌تیا دراه‌وكانیان (محكوم) به پێوه‌ره‌كانی سونه‌نی دادگه‌ری‌و ڕێك وه‌ستان، بۆ به دیهێنانی ئه‌و یاسایانه‌ی په‌روه‌ردگار دایناوه له چوارچێوه‌ی فه‌لسه‌فه‌و حاكمیه‌تی سیاسه‌تی ئاوه‌دانكردنه‌وه)[2].

یه‌كێك له شه‌رع زانه‌كانی حه‌نبه‌لی به‌ناوی (إبن عقیل)، به‌م شێوه‌یه پێناسه‌ی ده‌كات: ( ئه‌و كارانه له‌گه‌ڵ خه‌ڵك

---

١ – نقلا عن (الإسلام والسياسة: أ.د.محمد عمارة، ص١٨) ط١، دمشق.

٢ – المصدر السابق، نفس الصفحة.

دەیکەیت چەند زۆر نزیك بێت لە چاکسازیو دووربێت لە خراپەو گەندەڵی، گەر چی پێغەمبەر (ﷺ) ئاماژە پێ نەدابێتو بە سروشتیت دانەبەزیببێت)[1] .

عبدالوهاب خلاف لە پێناسەیدا دەڵێت: (ڕێکخستنی کاروباری گشتی دەوڵەتداری ئیسلامییە بەوەی چی بەرژەوەندی خەڵکی تیایە بیهێنێتە دیو ئەوەی زیانو خراپەیە دوری بخاتەوە، بەو مەرجەی سنوری شەریعەتو یاسا گشتییەکان نە بەزێنێت، ئەگەر کۆڕای هەموو پێشەوایانی موجتەهدیشی لەسەر نەبێت)[2].

دکتۆر یوسف قەرزاوی دەڵێت: (یەکەم کار سیاسەتی شەرعی تیشك دەخاتە سەری فیقهی دەقە شەرعییە لاوەکییەکان[3] لە ژێر ڕۆشنایی مەبەستە گشتییە

---

١ – السياسة الشرعية د.يوسف القرضاوي، مكتبة وهبة، القاهرة، ١٩٩٨، ص٣٣.

٢ – السياسة الشرعية. نظام الدولة في الإسلام، ط٤، ١٤٠٩ – ١٩٨٩، مؤسسة الرسالة، بيروت، ص١٧.

٣ – الجزئيات (لاوەكي).

شەرعییەکاندا، بەشێوەیەك بەشە لاوەکییەکان لە دەوری بەشە گشتییەکان دەسوڕێتەوەو حوکمەکانی بە مەبەستە دروستەکانی پەیوەست دەکاتو هیچ لێك جودا نین)[1].

پێناسە نوێکانی سیاسەتی شەرعی نزیکە لەوەی (ماوەردی و، ئەبو لبقاو، ئیبن عقیل و، خلاف،،،هتد) جگە لەم شەرع زانانەیش، چونکە سیاسەتی شەرعییان بەوە پێناسە کردووە: زانستی حوکمی دەوڵەت یان هونەری حوکم کۆمەڵگا مرۆییەکانە.

١ – السياسة الشرعية: ٢٢٨.

# بوارەکانی سیاسەتی شەرعیو گرنگییەکەی

لە بوار ڕامیاری شەرعیو کارەکانیدا بە تایبەت لەم سەردەمەی ئێستادا بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە مرۆییەکانە.

لەم سەردەمەدا جەنابی شێخی ئەزهەری پێشوو (عبدالرحمن تاج) لە پێشەکی کتێبە بەپێزەکەیدا – السياسة الشرعية والفقه الإسلامي- دەڵێت: سیاسەتی شەرع بەشی خۆی کاری کردوەو زۆر دەوڵەمەندە، چونکە ئەوە دینی خوداو شەریعەتی ئیسلامە، سیاسەتو فیقه لە یەك سەرچاوەو ڕەگن، ئیسلام بە سیاسەتەو فیقهەکەی داینەمۆی هێنانەدی بەرژەوەندیەکانی هاوڵاتین لە هەموو بارودۆخو سەردەمێکدا، لە هەموو بانگەیەشەکی تر جودایە، لە هەموو مەسەلەیك حوکمی خۆی هەیە، بۆ هەموو پێشهاتێك فتوای هەیە، بەم پێوەرانە دەتوانێت ڕوبەڕوی هەموو کێشەیەك ببێتەوەو، هەموو گرێ کوێرەکان بکاتەوە، هەرچەند زانست لە پێشکەوتنو گەشەکردندابێت و، ئایدۆلۆژیاو ڕێچکەکانی ژیان بەر بڵاو

بوبنەوە و، ڕوداوەكان بەشێوەیەكی نویٚ دەربكەون‌و كێشەكان زیاتر ئاڵۆز بوبن و، جۆرەكانی سیڤیل بون (المدنیە) جۆراو جۆر تر بێت، موسوڵمانان ناتوانن پەنا ببنە بەر ئەوەی پێداگری بكەن لە دین‌و شەریعەتەكەیان بۆ هەمو ڕوداو بابەتێك حوكمێك دەربهێنن‌و لە گشتی‌و تایبەتی ئەو حوكمە بدوێن و، بەڵگەی قورئان‌و سوننەتی بۆ بهێننەوە، یان بە ڕێگەیەكی شیاو حوكمەكە جیٚ بە جیٚ بكەن بە گیانی شەریعەتیدا بكەن‌و بە وردی بیر لە ئامانج و نهێنییەكانی بكەنەوە چی رویداوە، یان بە هۆی بنچینە گشتییەكانی ئیسلام‌و یاسا گشتییەكان‌و جێگیرەكان بڕیارو ڕێنمونی وەرگن، هەروەها ناتوانن خۆی لە حوكمە ئیسلامییەكان بە كێشەیەك یان بە ڕوداوێك ڕزگاری بكات.

بۆیە موسوڵمانان لە سەرەتای كارەكەیاندا، كاتێك لەسەر ڕاستە ڕێی ئەم دین‌و شەریعەتە دەڕۆشتن پێویستیان بەوە نەبوو پەنا ببەنە بەر سیاسەت‌و یاسا دانراوەكان‌و یان یاسایان لە دەقە یاساییە بیيانییەكانی وەرگرن.

## مەرجە دان پێدا نراوەکانی سیاسەتی شەرعیی ئەمانەن

١- دەبێت هاوڕابێت لەگەڵ ڕۆحی شەریعەتداو پشت ببەستێت بە یاسا گشتیو بنەما سەرەکییەکان، ئەویش یاسا جێگیرەکانە ڕێگە بە گۆڕانو جێ گۆڕکێی (التبديل)ی نادات، بە جیاوازی نەتەوەو سەردەمەکان گۆڕانی بەسەردا نایەت.

٢- ناکۆکی تەواوی نەبێت لەگەڵ بەڵگەیەك لە بەڵگە شەرعیە تەفصیلییەکان لەکاتێکدا لە لای خەڵکی بەگشتی شەرع دانرابێت و جێگیربووبێت. لە هەموو سەردەم و بارودۆخێکدا[١].

ئەگەر بەڵگەیەکی تەفصیلی نەبوو بەڵگەبێت لەسەر شتێك بەڕێگەی شوێنی حوکمەکە ئەوکاتە بە ڕێگەی سیاسەت جێگیر دەکرێت، ڕووکەشی ئەو کارە وایە بەشێوەیەك لە بنچینەدا پێچەوانەی ئەو حەقیقەتی بەڵگەکە نییە.

لە کاتێکدا ئەگەر بەڵگەیەکی تەفصیلی هەبوو گوزارشتی بۆ پێچەوانەی ئەو حوکمە سیاسیە دەکرد، بەڵام ئەو پێچەوانەیە

---

١ –السابق ص ٣٧، ط١، دار السلام، ١٤٣٥ – ٢٠١٤.

له ڕوكەشدابوو نەك حەقیقی, یان زانیاری هەبوو لەسەر ئەو گوزارشتە لەسەر بەڵگە تەفصیلییەكەیە ئەو مەبەستەی نەبووە بۆ ئەوەی شەریعەتی گشتیی بێت, بەڵكو بۆ هونەرێكی تایبەت هاتووە، هۆكارەكەشی ئەوە بووە بونی ئەو كارە جگە لە پێشهات (واقع)ی ئەو حوكمە هیچی تر نەبووە، لەو كاتەدا ناتوانرێت ئەوە بە دژایەتی بەڵگە شەریعییەكانو حوكمە ئیسلامییەكان بزانین[1].

دەڵێم: ئەم جۆرە لە سەردەمی خەلیفە ڕاشدینەكان زۆر ڕویداوە، كاتێك هاتینە سەر باسی هەڵوەستەی ئەوان لەسەر ئەم بابەتە نمونەكانیان دەخەینە بەرچاو.

سیاسەتی شەرعی بە زاراوەی ئەمڕۆ باس بكەین هەموو پەیوەندییە مرۆییەكان دەگرێتەوە، لەوانە: پەیوەندی مرۆڤ بە خودای خۆیەوە پەرستشەكان (العبادات)، پەیوەندی مرۆڤ بە ژیانی تایبەتی خۆیەوە، وەك: ڕێگە پێدراوەكان و قەدەغە

---

١ – السياسة الشرعية، ص٥٠.

کراوەکان(الحلال والحرام)، پەیوەندی بە خێزانو ژنو ژنخوازیو جیابونەوە و وەسیەت کردنو میراتیو...هتد وەك: یاسای باری کەسێتی (الاحوال الشخصیە)، پەیوەندی تاك بە کۆمەڵگە لە مامەڵەی بازگانیو ئاڵوگۆڕە جیاجیاکاندا وەك: یاسای بازرگانیو مەدنی (القانون المدنی والتجاری)، پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان (القانون الدستوری)، یاسای ئیداریو دارایی (المالی والإداری)، پەیوەندی وڵاتێك بەوڵاتێکی تر، یاسای دبلۆماسی (القانون الدولیە)، ئەو تاوانانەی لە کۆمەڵگەدا ڕوو دەدەن، یاسا تاوانکاری (القانون الجنائە)و بەم شێوەیە.

سیاسەتی شەرعی دوو لای هەیە، تەوەرێکیان سەرەکییە، ئەویش دەقە شەرعییەکانن (البلاغ المبین) وەك باسمانکرد، تەوەرەی دابەزین ئەم کارەش بەهۆی ڕووداو پێشهاتی گۆڕاو، لە چوارچێوەی بنەماو یاساو مەبەستەکان ئەو دەقانەی هاتوون هەندێکیان ڕاڤە دەکەن.

موجتەهید دەبێت زانیاری تەواوی هەبێت لەسەر جوڵاندو جێ گۆڕکێی دەقەکان، کامیان لەپێشەوە هاتوون کامیان لە

دواوەوەن، پوخت و ڕوون (مجمل، مبين)، ڕەهاو وابەستە (مطلق، مقيد)، سڕیار و سڕاوە (ناسخ، منسوخ) هەرچەند لەسەر بۆچونی کۆ ڕای زانایانی زانستی ئوصولی دەڵێن: سڕیار (منسوخ) هەیە لە قورئانی پیرۆزو سونەتدا[1].

زانای پایەبەرز ئیبن‌و قەییمی جەوزی، دەڵێت: ( موفتی و دادوەر ناتوانن فتوایەك یاخود حوکمێك دەربکەن ئەگەر دوو تێگەیشتنیان نەبێت، یەکەمیان: تێگەیشتنی دنیا بینی‌و شارەزایی فیقهی تیایدا، ئەو حوکمە لە حەقیقەت هەڵێنجنێت‌و بەو بەڵگەو نیشانەو دەسەڵاتەی کە هەیەتی، تا بە شێوەیەکی زانستی پەی پێ ببات، دووەم: تێگەیشتنی پێویست لە پێشهاتەکان (الواقيعه)، ئەویش ئەو تێگەیشتنەیە لە حوکمی خودای پەروەردگار کە پەیامەکەیەتی یان لەسەر زمانی پێغەمبەر حوکمی ئەو پێشهاتە دەکات، پاشان یەکە یەکە بەسەر

---

١ – لەسەردەمی نوێدا پێداچونەوە کراوە بۆ بابەتی (نسخ في القرآن)دا، کۆتایی هاتوە لەسەر ئەوەی نەسخ نییە لە قورئانی پیرۆزدا، بۆ ئەم بابەتە بڕوانە (البيان لرفع غموض النسخ في القرآن: د.مصطفى الزلمي).

یەکیاندا جێبەجێی دەکات، ئەوەی توانای خۆی لە پێناویدا سەرف بکاتو هەوڵی بێ وچان بدات بێ بەش نابێت لە دوو پاداشتەکە یان یەك پاداشتیان، زانا ئەوەیە بگاتە تێگەیشتن لە واقیعو شارەزا بوون لێی بەهۆی زانینی حوکمی خوداو پێغەمبەرەکەی)[1].

لەلایەکی تریشەوە پێویستە موجتەهید شارەزاییەکی تەواوی هەبێت لەبارەی یاسای لابردنی دژ بەیەكو ئاشکرا لە ناو ڕوکەشی دەقە شەرعییەکاندا، جیاوازی نییە لە نێو قورئان بێت یان سونەتی پیرۆز.

ئەم باسە زۆر فراوانە کەس ناتوانێت پەنای بۆ ببات ئەو کەسانەی نەبێت زۆر ڕۆچون لە زانستدا، بەهۆی زۆری بنەماو یاساو بەکار هێنانی ئاوەز (عقل) لە زانینی شێوەکانی هاتنی حوکمو دروست بونی ئاشوب کە بەهۆی دەمارگیرییەکی زۆر بەهێزەوە لە نێوان هەندێك لەوانەی خۆیان بە هەڵگری خاوەن

---

١ – إعلام الموقعين، ٩٤/١.

زانست دەزانن هەیە، وا دەزانن ئەوەی پێیانە کۆتایی زانستەو لەوە باڵاتر نەماوە، بەڵکو ئەوە لوتکەو کۆتا ڕێگای نەزانییە، چونکە تەنها بە لەبەر کردنی دەقەکان ناتوانن ئەو دەقانەی لەبەریانە لەسەر ڕوداوە پەیدا بوەکان حوکم دەربکەن، چونکە ئەوکاتە هیچ هۆکارێکی پەیوەندی نییە لەنێوانیاندا، بە دەربڕنێك حوکمێکی هەڵە دەردەکەن، بە دەست کەوتنی ئەنجامێکی هەڵە کۆتایی بە کارەکە دێت.

فیقهی کەرت بوو لەدەقەکاندا کەمن‌و وەك پێویست نین بۆ ڕوو بەڕوو بونەوەی ڕوداوە زۆرو هەمە چەشنەکان، لەبەر ئەوەی فیقهی داوا کراو شارەزایی حوکمە بە بەڵگە، پێغەمبەریش (ﷺ) ئاماژەی بەمە داوە، وەك دەفەرموێت: (خودای پەروەردگار ناوچەوانی کەسێك ڕون بکاتەوە کاتێك شتێکی بیست لێمان لەبەری دەکات، دەیگەیەنێت بە کەسێکی

تر، هەندێك هەڵگری فیقهـ لەوانەیە لەو شارەزاتربێت، ڕەنگە زۆر کەسی هەڵگری فیقهـ خۆی نەتوانێت ببێت بە شەرع زان)[1].

ئەو وتەی پێشەوا ئیبن و قەیمی زۆر ڕاستە، دەڵێت: (گەیاندن (تبلیغ) لەلای خودای پەروەردگار تەنها پشت بەوە نابەستێت زانستت پێی هەبێتو بە ڕاستی دابنێیت، ناگەیتە پلەی گەیەنەر (تبلیغ) بە فتوایەك یان بە گێڕانەوەی فەرمودەیەك، مەگەر بە ریزکردنو رۆچون زانستو بڕوا پێ هێنان، ئەوکاتە دەبیتە ئەو زانایەی کە گەیەنەرێکی باش بیتو ڕاستگۆ بیت لە گەیاندنەکەی، ئەوکات لە گەڵ ئەوەیشدا باشترین ڕێگە دەگرێتە بەر، ژیانی جێگەی ڕەزامەندییە، داد پەروەرد دەبیت لە گوتارو کرداردا، لە ئاشکراو نهێنیداو ناخیو ڕوخساریو کاروباری)[2]، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەو شێوە لادانانە زۆر دەبینین بەشێوەیەك تێکەڵ بە جیهانی ئیسلامی بووە بەرەو کارەساتێکی زۆر گەورە دەیبات، هۆکاری ئەم کارەساتەش

---

١ – أبوداود – كتاب العلم – باب فضل نشر العلم – رقم (٣٦٦٩)، ٣/٣٢٢.

٢ – إعلام الموقعين، ١/١١.

ناوخۆیی‌و دەرەکیە. گەنج‌و پیر دەبینی بە ڕوکەشی هەندێك لەو دەقانەی لە قورئان‌و سونەت لەبەریانە بە بێ گەڕانەوە بۆ خوێندنەوەیەکی بەراوردکاری لە نێوان دەقەکانی تری قورئان‌و سونەت فتوا دەدات، ڕەنگە لە ڕوکەشدا دژایەتیەك هەبێت لەنێو دەقەکاندا، چونکە پێویستی بە زانینی یاسای هەڵگرتنی ئەو دژایەتییەو دیاری کردنیەتی، یان ناتوانێت پەی ببات بەلایەنی هەموو دەقەکانی تر ئەم لێیان بێ ئاگایە، بە بێ خوێندنەوەیەکی تەواو بۆ بنەماو یاساو مەبەستەکانی سەر ئەنجامی کارەکان‌و جێبەجێ کردنی حوکمەکانی و، بەبێ شارەزاییەکی زۆر لە سەر چۆنیەتی جێ بە جێ کردنی پێغەمبەر (ﷺ) و خەلیفەکانی ڕاشدین‌و (رضي الله عنه) بۆ ئەو دەقانە لەسەردەمی خۆیاندا ڕویان داوە، بەبێ شوێن کەوتن‌و چاودێری ئەو پەرتوکانەی زانا ئوصولییەکان شەرعزانە بلیمەتەکان نوسیویانەو بە وردی و قوڵی توێژینەوەیان لەسەر کردووە لە سەر چۆنییەتی گواستنەوە لە نیگای ڕونەوە (البلاغ المبين) بۆ ساسەتی شەرعی، یان مەبەستەکانی شەرعییان گۆڕیوە بۆ یاسای جوڵەی تاك‌و کۆمەڵەو وڵاتەکان لە سەردەمی خۆیاندا کردویایە

به بەڵگەیەکی پێشهات و واقیعی درەوشاوە بۆ بەردەوام بونی ئەم شەریعەتە خودابییە میهرەبانە.

ئێمە لێرەدا ناڕۆینە ناو باسەکانی بنەماکانی فیقه (أصول الفقه) بە وردیو درێژو باسی مەبەستەکانو هونەری یاساکان بکەینو توێژینەوەی تیا بکەین، بەڵکو بنەماو یاسا کورتو ڕونو پاراو پێشکەش بە خوێنەر دەکەین، زۆر ئاڵۆزی ناکەین بۆ ئەوەی ئەوە بگەیەنینە خوێنەر ئەم شەریعەتە میهرەبانە چۆن توانیویەتی ڕوو بەڕووی کێشەکانی ژیان ببێتەوە لەهەموو کاتو شوێنێکدا بەهۆی ئەو تۆڕە پەیوەستو بڵندو بالآیەی کە هەیەتی، بۆ ئەوەی هەست بکات قسە کردن لەسەر کاروباری شەریعەت پێویستی بە تێگەیشتو هەڵهێنجاندنی لە چوارچێوەی ڕێکخراویدا هەیە، بۆ ئەوەی بە دیاری ڕوکەشی دەقەکانەوە نەوەستێتو هیچ شارەزاییەكو پەی پێ بردنێکی بۆ جێ بەجێ کردنی نەبێت، بۆ ئەوەی نەشارزا نەبێت لەسەر چۆنییەتی دابەزاندنی دەقەکان لە قورانو سونەتدا لەسەر ئەو ڕوداوانەی پێش دێن.

# بەشی دووەم

## بنەما گشتییەکان بۆ تێگەیشتن لە شەریعەتو جێ بە جێ کردنی:

### بەکار هێنانی ئاوەز (عقل):

خودای پەروەدگار ئاوەزی بە دیاری داوە بە مرۆڤ بۆ ئەوەی لە کاتی جێنشینیدا لەزەوی بەکار بێ نێ، قورئانی پیرۆز هەموو مرۆڤایەتی لە سەرەتاوە تا کۆتایی بانگ دەکات بۆ بەکار هێنانی ئاوەز لە پێناو گەیشتن بە ڕاستیەکانی بونی و بیرکردنەوە لە ڕێبازێکی کاریگەر، پاش ئەوەی بۆ ئەوەی بگاتە بەدیهێنەری بە دڵسۆزییەوە پەرستشی بۆی.

وەك خوای پەوردگار دەفەرموێت: ﴿إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِلاَفِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَالْفُلْكِ الَّتِي تجْرِي فِي الْبَحْرِ بِمَا يَنفَعُ النَّاسَ وَمَا أَنزَلَ اللّهُ مِنَ السَّمَاءِ مِن مَّاء فَأَحْيَا بِهِ الأرْضَ بَعْدَ

مَوْتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٍ وَتَصْرِيفِ الرِّيَاحِ وَالسَّحَابِ الْمُسَخِّرِ بَيْنَ السَّمَاء وَالأَرْضِ لآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾[1].

واته: بەڕاستی هەیە لە دروستکردنی ئاسمانەکانو زەوییو گۆڕانی شەوو ڕۆژ (بەکورتییو درێژیی) و ئەو کەشتیانەی کە دێنو ئەچن لە دەریادا بەو شتانەوە کە قازانج ئەگەیەنن بە مەردوم، ئەو ئاوەی کە خوا باراندی لە ئاسمانەوە، وەزەوی پێ زیندوو کردەوە دوای مردنی، بڵاوی کردەوە تێیدا لە هەموو جۆرە ڕەوەندەیەكو گێڕانیی با (بەهەموولایەکا) و هەوری ڕامکراو لە ناوەندی ئاسمانو زەویدا، نیشانەها (ی زۆر، لەسەر تاكو تەنیاییو میهرەبانیی خوا) بۆ گەلێك کەتێ بگەن[2].

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَهُوَ الَّذِي يُحْيِي وَيُمِيتُ وَلَهُ اخْتِلَافُ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ أَفَلَا تعْقِلُونَ ﴾[3] . واتە: دیسان خوا ئەو خوایەیە گیانتان ئەکا بەبەراو ئەتانمرێنێ و بەدووی یەکداهاتنی شەوو

---

[1] – سورة البقرة: آية ١٦٤.

[2] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

[3] – سورة المؤمنون: آية ٨٠.

**ڕۆژ بە دەستی خۆیەتی، دەسا بۆ بیر ناکەنەوەو ئەقڵ ناگرن و نافامن تا بزانن خوای شایانی پەرستن هەر ئەوەو هاوبەشی نییە[1].**

**هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَتِلْكَ الْأَمْثَالُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ وَمَا يَعْقِلُهَا إِلَّا الْعَالِمُونَ﴾[2] واتە: بەڕاستیی خوا دەزانێ چین ئەوانەی ئەوان هاواروهانایان بۆدەبەن، هەرخۆیشی دەسەڵاتداری لەکارزانە[3].**

**هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ إِلاَّ رِجَالاً نُّوحِي إِلَيْهِم مِّنْ أَهْلِ الْقُرَى أَفَلَمْ يَسِيرُواْ فِي الأَرْضِ فَيَنظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَدَارُ الآخِرَةِ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ اتَّقَواْ أَفَلاَ تَعْقِلُونَ﴾[4] .**

---

[1] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

[2] – سورة العنكبوت: آية ٤٣.

[3] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

[4] – سورة يوسف: آية ١٠٩.

واتە: ئێمە لەپێش هەڵبژاردنی تۆ ئەی موحەممەد! (ﷺ) هەر لەپیاوان پێغەمبەرانمان ناردووە، واتە: هەرگیز نە لەفریشتە، نە لەئافرەت، نە لەجننیی پێغەمبەرمان نە ناردووە، جائەو پیاوانەش وەحییو سروشمان بۆ دەناردن، لەخەڵکی شارەکان بوون، نەك لەخەڵکانی دەشتەکی و نەزان ودڵرەق و، دوور لە ئاوەدانیی وشارستانیەت، ئەوەبۆ ئەو موشریکانە نەچوون بەڕووی زەوییدا گەشتێ بکەن، تا ببینن؟ پاشەڕۆژو ئەنجامی ئەو کەسانە لەپێشیانەوە بوون و وەك ئەمان بڕوایان نەهێنا چۆن بوو؟ و بێگومان بنماڵی دوا ڕۆژی بەهەشت، بۆئەوانەی وا پارێزدەکەن و تەنها شوێنی بەرنامەکەی خوا دەکەون، چاکترە لەم دنیای ئێستەیان، دەسا بۆچی ئاوەز ناگرن[1].

لە هەمان کاتدا خوای پەوەردگار ئەوانەی کە ئاوەز بەکار ناهێنن بە ئاژەڵیان بەراورد دەکات، لە ڕوی گوێرایەڵی نەکردن

---

[1] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

و بێ دەنگ بونیان، دەفەرموێت: ﴿إِنَّ شَرَّ الدَّوَابِّ عِندَ اللّهِ الصُّمُّ الْبُكْمُ الَّذِينَ لاَ يَعْقِلُونَ﴾[1] .

واتە: بێگومان بەدترین‌و بێکەڵکترین گیانلبەر لای خودا ئەوانەن کە کەڕو لاڵن‌و هیچ نافامن،مەبەست کافرو مونافیقەکانە[2].

الرازی دەڵێت: کەسێك پێی وتم: (چواندنیان بە ئاژەڵ بەهۆی نەفامی‌و نادادی‌و ئەوەی دەیان وت بە سوود نەبوو بۆیان)[3] وتراوە ئەوەی تۆیە ئەگینا ئەوە واتاکەیەتی.

جگە لەوەش لە چەندین ئایەتی پیرۆزی تریشدا ئاماژە دراوە بە پێگەی ئاوەز بۆ تێگەیشتنی دین‌و ژین.

بەڵام ئایا ئاوەز (عقل) خۆی دەتوانێت ببێت بە بەڵگە؟

---

[1] – سورة الأنفال: آية ٢٢.

[2] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

[3] – ١٥/ ١٤٤.

پێشەوا شافیعی (رحمه الله) وەڵامی ئەم پرسیارەمان دەداتەوەو، دەفەرموێت: (خودای پەروەردگار ئاوەزیان وەك بەخشش بە بەندەکانی داوە، ڕێنمایان دەکات بۆ جیاکردنەوەی ڕێگا چەوتەکانو ڕێبازی ڕەواو ڕاستەکان دەقو گوزارشتەکانەوە (دلاله))[1].

پێشەوای زاهیریەکان ئیبنو حەزم لەسەر بە بەڵگە گرتنی ئاوەز دەڵێت: بە بەڵگە دەگیرێت و دەڵێن: چی هۆکاری ئەوەیە کە دروستبێت ئاوەز بەبەڵگە دابنرێت ؟ ئایا بەهۆی ئاوەز خۆیەوە یان بەهۆی جگە لەخۆیەوە بووە؟ ئەگەر بڵێن بەهۆی بەڵگەی ئاوەزی (عقلی)یەوە بووە ئێمە لەگەڵ ئەوە ناتەباین، ئەگەر وتان بە جگە لەئاوەزەوە زانیمان ئێمەش وادەڵێین.

ئیبنو حەزم دەڵێت: وەڵامی ئەمە پشت بە خودا وادەبێت ئەوەی ئاوەز بەڕاستی داناوە شارەزابوین بە بێ نێوەند گیریو سەردەم پێش ئەوەی سەرەتا لێی تێبگەینو شارەزا بین لەو

---

[1] – الرسالة، بتحقيق: محمد أحمد شاكر، القاهرة، ص٥١.

شته، له یەکەم ساتەوە زانیمان وتێگەشتین کە گشتی زۆرترە له بەشێك، هەموو کەسێك خودی خۆیەتیو جیایە له کەسێکی تر، کەسێك ناتوانێت له یەك کاتدا دانیشتبێتو وەستابێت به پێوە، درێژ زۆرترە له کورت، بەهێزی هەست شارەزای ئەو کارە باشانە دەبین ئاڕاستەمان دەکەن[1]، ئەگەر ئەم وتەی ئیبن و حەزم ڕونتر بکەینەوە، دەڵێین: ژیرمەندان لەسەر ئەوە هاودەنگن له ئاوەزی ئێمەدا پشتیوانێکی بەڵگە نەویست هەیە له توێژینەوەو گفتوگۆ سەرچاوەی گرتووە بۆ ڕاستی هزرو بیرکردنوەو بیر نەکردنەوەمان، هەموویان ڕێککەوتون لەسەر ئەو پێشینە بەڵگە نەویستە وەك بنەمایەکی وەرگیراوی بێ ڕکابەری، حاڵەتو ڕۆڵی ئەم وەهابێت بەشێکیی دژی بێت ڕاستبێتو ئەویتریان درۆبێت، وە هیچ پێویستی بەبەڵگە نییە ڕاستی ڕۆژ هەڵهاتن بدەیت بەگوێدا. ئیبنو تەیمییە ئەوانە بە هەڵە دادەنێت ئاوەز بە بەڵگەی ڕەها دادەنێن، چونکە وا پێشبینی دەکەن ئەم وتانە

---

[1] – إحكام الأحكام، ١٦/١.

وتەی بیدعە چیانو ئەوانە ئەو کەسانە دایان هێناوە کە خۆیان بیدعە چین، وەك: موتەکەلیمینو فەیلەسوفەکان[1].

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ هەڵوێستی فەیلەسوفو موتەکەلمەکانی ئیسلامی دەبنین هەندێکیان ئاوەزیان کردوە بە بەلگەی هەڵسەنگاندی بنەما سەرەکیەکانو بەشەکانی دین وەك موعتەزیلە، یان وەك ڕێنومایی کارێك بۆ شارەزابوون لە زانیاریە دینیەکانو بڕیارە شەرعییەکانەو دەتوانێت مەبەستەکانیو هونەرەکانی (حکمتها) دەربخات.

پێشەوا شاتبی دەڵێت: بەلگە ئاوەزییەکان ئەگەر بەکاری بهێنین بۆ ئەم زانستە ئەوە بە شێوەیەکی ئاوێتەیی (مرکب) دەتاوانین کاری پێ بکەین لەسەر بەلگە بیستراوەکان یان دیارکراوەکان بەڕێگەی خۆی یان بۆ بە دی هێنانی بە شێوەی تایبەتی خۆی لەو شێوانە، بە سەربەخۆیی خۆی بە بەلگە

[1] – مجموع فتوى شيخ الإسلام إبن تيمية، ١٣/١٣٧.

دانانرێت، چونکە تێڕوانین بۆی وەك تێڕوانینە بۆ فەرمانێکی شەرعی ئاوەزیش شەرع دانەر نییە[1].

بەڵام کارەکانی ئاوەز بۆ هێنانە دی بەرژەوەندییەکان لەکاتی نەبوونی دەقێکدا یان شایستە بوونی مانای دوور مەودا (تأويل) لە کاتی نەبونی بارودۆخی گونجاو بۆ جێ بەجێ کردنی، کارێکە لەنێوان ئوصولییەکانی زانایانی ئیسلام کۆڕان لەسەری، بەمەرجێك شەریعەت پێشی نەکەوتبێت بۆ ئەو کارە، واتە حاکم بڕیاری کۆتایی لەسەر نەدابێت، پێشبینی ناکرێت دژ بەیەكو پێکدادان ڕوو بدات لە نێوان یەکلا کەرەوەیەکی ئاوەزیو یەکلا کەرەوەیەکی دەق (نقل) بە پێچەوانەی بەڵگەکانەوە، ئەمە هانی پێشەوا ئیبنو تەیمیەی داوە بۆ نوسینی (موافقة صريح المعقول لصحيح المنقول).

مامۆستا عەقاد لە سەرەتای گەشتە قوڵەکەیدا لە نێوان ئایەتە کانی قورئانی پیرۆزدا دەڵێت: بەڵام قورئانی پیرۆز لە

[1] – الموافقات: ٣٥/١.

پلەیەکی مەزندا نەبێت باسی ئاوەزی نەکردووە هۆشداری داوە بە پێویستی کارکردن پێی و بگەڕێیتەوە بۆلای، هیچ ئاماژەیەکی نەداوە بەوەی دژی بوەستینەوە وە پشت تێکردنیش نییە لە دەقی ئایەتەکاندا، لە هەموو ئەو ئایەتانەی ئاوەزی تیا دەرکەوتووە بە بێژەو گوزارشت (اللفظ والدلالة) جەختی لەسەر کردوەتەوە، لە هەموو ئەو دەرخستانەی لە خستنەڕووی فەرمانەکانو ڕێگرییەکان جەختی کردوەتە سەر ئەوەی پێویستە موسوڵمان هاندەدات فەرمانەکان بە ئاوەز (العقل) بەڕێوە ببات، ئاسان کاری بۆ پشتگوێ خستنو ڕێگری لێ کردنی ئاوەز نەکات، لە هیچ جێگەیەك چەند جار ئاماژەی تەواوی نەداوە بە ئاوەز بە یەك مانا لەو مانایانەی نەفسانییەکان لە هەوادارانی زانستی نوێ شیدەکەنەوە، بەڵکو هەموو ئەو ئەرکانە دەبنینێتەوە ئەرکیان کارکردنە بە ئاوەز با بواری کارکردنیش جیاواز بێتو تایبت مەندێتی خۆی هەبێت، پشتی بەستوە بە جیاکاری لەنێوان ئەم ئەرکانەو تایبەت مەندێتیان لەمەیدانی گوتارو بۆنەکاندا، گوتاری ئاوەزی کورت نەکردووەتە لە گوتاری

ئاوەزێکی یاساغ کەر، یان ئاوەزێکی تێگەیشتوو (مدرك) یان ئەو ئاوەزەش نا شێوەی تێفکرینی ڕاستیو حوکمی دروستی دەدرێتە سەر، بەڵگو گوتار لە ئایەتە قورئانیەکەدا بە گوێرەی بیرو هۆشی مرۆڤ فراوان دەبێت لە تایبەتێتیو ئەرکەکەی)[1].

کۆی ئەم وتەیە ئەوەیە: پێویستە ئاوەز لە جێگەی ڕاستو دروستی خۆی بەکاری بهێنین بۆ ئەوەی بنەماو لقەکانی شەریعەتمان بۆ ڕوون بێتەوە، ئەمەش ئەو کارەبووە قوتابخانە فیقهیو ئوصولییەکان بە درێژایی مێژووی ئیسلامیدا گرتویانەتەبەر، بۆیە دەبینی هەمیشەی داوە بە شەریعەتی بەپێزو میانەڕەوییەکی پڕشنگداری دابینکردووە بۆ ڕو بەڕوو بوونەوەی گەشەی ژیان.

---

[1] – التفكير فريضة إسلامية، ص٨ وما بعدها.

# دادگەری شەریعەت

دادگەری دژی ستەمە، ستەمیش لادانە لە مەبەست، دەڵێت: حوکمی بەخراپی دا[1].

خوای پەروەردگار دەفەموێت: ﴿وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطاً لِّتَكُونُواْ شُهَدَاء عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيداً وَمَا جَعَلْنَا الْقِبْلَةَ الَّتِي كُنتَ عَلَيْهَا إِلاَّ لِنَعْلَمَ مَن يَتَّبِعُ الرَّسُولَ مِمَّن يَنقَلِبُ عَلَى عَقِبَيْهِ وَإِن كَانَتْ لَكَبِيرَةً إِلاَّ عَلَى الَّذِينَ هَدَى اللّهُ وَمَا كَانَ اللّهُ لِيُضِيعَ إِيمَانَكُمْ إِنَّ اللّهَ بِالنَّاسِ لَرَؤُوفٌ رَّحِيمٌ ﴾(٢).

واتە: هەروا کردمانن بە گەلێکی مامناوەند (ی هەڵبژاردە) تا چاودێر بن بەسەر مەردوومەوە، وە پێغەمبەریش چاودێر بێ بەسەر ئێوەوە، ئەو ڕووگەیە کە جاران لەسەری بویت نەمانگێڕا (بە ڕووگەو لە پاشا گۆڕیمان بە کەعبە) تەنها بۆ ئەوەی بزانیین کێ دوای پێغەمبەر ئەکەوێ (و جیائەبێتەوە) لەوانەی کە

---

[1] – مختار الصحاح، مادة عدل وجار.

[2] – سورة البقرة: آية ١٤٣.

پاشگەز ئەبنەوە؟ وە بەڕاستی (ئەم گۆڕیینە) کارێکی زۆر گەورە بوو، مەگەر لای ئەوانەی کە خوا ڕێ نموونی کردوون، خوا بڕوا (و نوێژەکانی جاران) تانی لە دەست نەداوە، (چونکە) خوا لەگەڵ مەردوم بەخشندەی میهرەبانە.

واتە دادگەری، چونکە نێوەند (الوسط) نێوەندێکە لە نێوان دوو لادا هیچ لایان لە لایەکی تریان نزیك نییە، بێ دادی (جور) ستەمە، بنەمای ستەمیش دانانی شتێکە لە جێگەی خۆی نەبێت[1].

قورئانی پیرۆز دادگەری بەم مانایە لە چەندین ئایەتدا بەکار هێناوە، لەوانە، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُونُواْ قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاء لِلّهِ وَلَوْ عَلَى أَنفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالأَقْرَبِينَ إِن يَكُنْ غَنِيّاً أَوْ فَقَيراً فَاللّهُ أَوْلَى بِهِمَا فَلاَ

---

[1] – الكشاف: للزمخشري، ١٤٩/١، طبعة الإستقامة، ١٣٧٣ – ١٩٥٣.

**تتَّبعُواْ الْهَوَى أَن تعْدِلُواْ وَإِن تلْوُواْ أَوْ تعْرِضُواْ فَإِنَّ اللّهَ كَانَ بِمَا تعْمَلُونَ خَبِيراً ﴾(١).**

**واته: ئەی خاوەن ئیمانەکان! هەمیشە لەگەڵ دادپەروەریو حەقدا بن،شایەتی بەجۆرێ بدەن خودا پێی ڕازی بێ، واتە حەق نەکات بە ناحەقو ناحەق نەکات بەحەق، شایەتیی ڕاست بدەن با لەسەرخۆتانو باوكو دایکتانو خوێشە زۆر نزیکەکانیشتان بێ، واتە لەبەر خزمایەتیو برادەری چاو لەحەق مەپۆشن، ئەگەر شایەتی بۆ دراو یا شایەتی لەسەر دراو، دەوڵەمەند بێ یا هەژار، خودا بەرژەوەندی باش ئەزانێو چاکتر سەرپەشتییان ئەکات، حوکمی شەرعو بەڕاستی شایەتی بۆدانو شایەتی لەسەردانیان قازانجی ئەوانە نە کەسیان حەقی ئەفەوتێو نەکەسیان .گوناهبار ئەبێ، مەکەونە دوای ئارەزووی نەفس تا لە حەق لابدەن، خۆ ئەگەر لە شایەتیدا زوبانتان گۆڕیوحەقو ڕاستیتان کرد بەژێرەوە یا بەتەواوی گوێی خۆتان لێکەڕ کردو**

---

(١) – سورة النساء: آية ١٣٥.

شایەتیتان تیا نەدا ئەوا زیان لە خۆتان ئەدەن، خودا ئاگای لە هەموو کردەوەتان هەیەو هیچی لێ ناشاررێتەوە[1].

واتە: خزمایەتی واتان لێ نەکات ناداد پەروەردبن، دادگەر بن ئەوە لە پارێزەران نزیکترە.

زمخشری دەڵێت: ئەم ئایەتە ئاگادارییەکی زۆر گەورەی تیایە لەسەر پێویست بونی دادگەری لەگەڵ بێ باوەڕانیشدا کە دژی خوداشن، ئەگەر دادپەروەری بۆ بێ باواڕان ئاوا گرنگی پێ بدرێت، ئەبێت بەرامبەر بە بڕواداران وخۆشەویستان و هاو ئاینەکانتان چۆنبێت[2].

سەرجەم پێغەمبەران بۆ دادگەری نێراون، خوای پەوەردگار دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ﴾[3]، (قسط) واتە دادپەروەری[1].

---

[1] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

[2] – الكشاف: ١/٤٧٦.

[3] – سورة الحديد: آية ٢٥.

واتە: بەڕاستی ئێمە پێغەمبەرانی خۆمانمان بە نیشانەی زۆری ڕووناکەوە ڕەوانە کرد، و نامەی ئاسمانی و تەرازووی دادمان لەگەڵدا ناردن، تا مەردوم بە داد و یەکسانیی لەگەڵ یەکتریدا کار بکەن[٢].

شەریعەتی ئیسلامی هەموو حوکمەکانی لەسەر بنەمای دادپەروەری بنیات ناوە، زانای پایەدار ئیبن‌و قەییم دەفەرموێت: (شەریعەتی ئیسلامی بنەماو بنچینەی حوکمەکانی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی بۆ بەندەکان لە دونیاو قیامەتدا داڕشتووە، دادەگری‌و میهرەبانی‌و ژیری سەراپاگیرە هەر بابەتێك لە دادگەری دەربچێت دەڕوات بۆ ستەم، لە بەمیهرەبانی دەرچێت دەبێت بە دژەکەی، لە بەرژەوەندی دەرچێت دەبێت بە گەندەڵی، لە ژیرییەوە دەبێتە پوچگەرا، ئەوانە هیچی پەیوەندی بە شەریعەتەوە نییە، ئەگەر بە ڕاڤەیەکی زۆر

---

[١] – صفوة البيان: لمخلوف، ص ٧٠٥.

[٢] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

دوریش بیخەیتە ناو شەریعەتەوە، شەرعەتی خودای پەروەردگار دادپەروەری بە میهرەبانی خۆی خستوەتە نێوان بەندەکانی)[1].

هەروەها دەڵێت: (هەر ڕێگەچارەیەك لە دادگەریو دادپەروەری دەری بهێنیت ئەوە لە دینەوەیەو پێچەوانەی دین نییە)[2].

هەروەها دەڵێت: (خودای پەروەردگار پەیامبەرێکی ناردووەو پەرتوکێکی بۆ دابەزاندووە بۆ ئەوەی بە دادگەری باڵادەست بێت بەسەر خەڵکدا بەو دادپەروەریەی ئەرزو ئاسمانی لەسەر دروست کردووە ئەگەر ئەم فەرمانە دادگەریانە دەرکەونو جێگەی خۆیان بکەنەوەو ڕوی خۆیان دەربخەن بە هەر ڕێگەیەك بێت ئەوە شەریعەتی خودا لەوێیە)[3].

---

[1] – إعلام الموقعين: ٣/٥.

[2] – الطريق الحكيمة، ص١٦.

[3] – الطريق الحكيمة، ص١٤، طبعة السنة المحمدية، القاهرة.

بۆیە پێویستە لەسەر شەرع زانانو بیرمەندان هەمیشە بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی هەر نەهامەتییەکی نوێ بگەڕێن بە شوێن دادپەروەریدا بۆ چارەسەرکردنی، بەڵکو کاتێك هەر حوکمێکی نوێ دەردەکەیت پێویستی بە گەشە پێدانیەتی، ئەمە یاسایەکی ئاڵتونی پاڵفتەیە بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی کێشەکانی تاكو گەلان، گەلان بە دادپەروەردی بەختەوەر دەبنو، بە ستەم بەد بەخت دەبن، لە سێبەری یەکەمیاندا یەك گرتو هاوکاری یەکتر دەبن، وە بۆ دوومیان تەنها بۆ بەش بەش بونو نەمان دەیان بات، شارستانیەتەکان بە دادپەروەری ماونەتەوەو بەردەوامن، بە ستەمیش کۆتاییان دێت و دەفەوتێت، چونکە گەشە کردنی شارستانیەت پەیوەندییەکی تەواوی بە دادگەرییەوە هەیەو بێ یەك نایەن، بە ئامادە نەبوونی دادپەروەری هەستی بێزاریو بێ هیوایی لای گەلان دروست دەبێت کۆسپی گەوەریان بۆ دروست دەبێت، ئەمەش بە جێی خۆی ڕۆڵی نێگەتیڤ (سلب)ی دەبێت لەسەر تواناو لێوەشاوەییان بۆ داهێنان، هەروەها کاردەکاتە سەر توانای بەڕێوەبردنو سەرکدردایەتییەکان و جگەلەوانەش کاردەکاتە سەر هەموو ڕەوشتە پەسەندەکانیی دیکەش، هەموو

کەرتەکان توشی لێك هەڵوەشان دەکاتەوەو کۆمەڵگە بەرەو لەناو چون دەبات[1].

کۆی وتە ئەوەیە دادپەروەری لە ئیسلامدا ڕێبازێکی گشتی نەخشەیەکی جێگیرە لەگەڵ تاكو کۆمەڵدا، گەلان هەموویان هاوبەشن تیایدا، ئەوەی بۆ کۆمەڵگەی ئیسلامی دانراوە پێشتر ئەو دادپەروەرییە پوختە پیادە کراوە لە ژێر سێبەری پیادەکردنو بەدی هێنانی ئەم دادگەرییە لە نێوان کۆمەڵگەدا وەك ڕوداوێکی مێژووی ماوەتەوە.

---

[1] – علل العالم الإسلامي المعاصر – المسببات والعلاج في ضوء نظرية العمران: د.محمد عمر شابرا، من كتاب الأمة وأزمة الثقافية والتنمية، م الأول، ص ٣٩٧.

# جێگیر کردنو تۆکمەکردن (التمكين)

یەکێك لە میهرەبانیەکانی خودای پەروەردگار ئەوەیە فەرمانی جێ بەجێ کردنی حوکمە شەرعییەکانی نەداوە بەسەر موسوڵمانانیدا تا ئەو کاتەی دادەمەزرێن، بۆیە دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ إِن مَّكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ﴾[١].

واتە: ئەو لە ماڵی خۆ دەرکراوانەی ئەگەر ئێمە جێگیریان بکەین و دایانمەزرێنین لە ئەرزدا نوێژ ئەکەن و زەکات ئەدەن و فەرمان بە چاکە ئەکەن و نەهی لە خراپە ئەکەن و ئەنجامی هەر کارێکیش هەر بۆ خودا ئەگەڕێتەوە[٢].

---

[١] – سورة الحج: آية٤١.

[٢] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

**هەروەها لە سەر زمانی (ذي القرنين) دەڵێت: ﴿قَالَ مَا مَكَّنِّي فِيهِ رَبِّي خَيْرٌ فَأَعِينُونِي بِقُوَّةٍ أَجْعَلْ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ رَدْماً﴾[1].**

**واتە: ئەویش وتی: ئەوەی خودا بە منی داوە لە دارایی و زانیاری لەو خەراجەی ئێوە چاکترە، ئێوە تەنها بە هێزی کاریگەران یارمەتیم بدەن تا لەنێوان ئێوەو ئەواندا بەستێکی بەرزو، ئەستوور دروست بکەم[2].**

**پێشەوا ئیبنو تە یمییە دەڵێت: لای زانایان ڕوونکردنەوەو گەیاندندا چون یەکن، هەندێك جار لەبەر هەندێك هۆکار گەیاندنو ڕونکردنەوە (البلاغ والبیان) دوادەخرێت تا کاتی جێگیر بوون، وەك چۆن خودای پەروەردگار دابەزاندنی ئایەتەکانی ڕوونکردنەوەو حوکمەکانی دواخست بۆ کاتی جێگیرکردنی پێغەمبەر (ﷺ) لە مەککە، بۆ ئەوەی بەڵگە بێت لەسەر بەندەکان پێویستە دوو ئەرك ئەنجام بدەن: بۆ مەبەستی**

[1] – سورة الكهف: آية ٩٥.

[2] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

تەواوی پشتگیری کردنی زانست بەوەی خودا ناردوویەتی، توانای کارپێکردنیشی هەبێت پێی)[1]، ئەمە مانای ئەوە نییە موسوڵمان دابنیشێت لەماڵی خۆیداو هیچ هەوڵێكو خۆ ئامادەکردنێك نەکات بۆ گرتنە بەری هۆکارەکانی جێگیربوون، بۆیە وەك واجبێکی شەرعی ئەوەی لە ئەستۆدایە هۆکاری ئامادەکردن بگرێتە دەست، بۆ ئەوەی خودای پەورەدگار سەرکەوتنو بنێرێتو جێگیری بکات لە زەویدا، بۆمەبەستی جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی ئاماژە بۆ ئەم ئایەتە پیرۆزە دەکەین، دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللّهَ لاَ يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنْفُسِهِمْ﴾[2]. واتە: بێگومان خوا چارەنووس و نازو نیعمەتی خۆی لەهەر هۆزو نەتەوەیەك ناگۆڕێ ولێیان تێکنادات، تا ئەوان دڵ و دەروونی خۆیان نەگۆڕن[3].

---

[1] – فتاو شيخ الإسلام إبن تيمية، ٥/ ٥٩– ٦١.

[2] – سورة الرعد: آية ١١.

[3] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

ئەگەر ئەم کارەیان کردو گۆرانکاریان لە خۆیاندا کرد، ئەوکاتە بە دڵنیاییەوە هاوکاریو یارمەتی پەروەردگار دێت سەرکەوتو دەبن لە گۆڕانو جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُم فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّن بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْناً يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئاً وَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَلِكَ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ﴾[١].

واتە: خوا گوفتی داوە بەوانەتان کە ئیمانیان هێناوەو کردەوەی باشیان کردووە ئەیانکا بە جێنشینی ئەوانەی پێش ئەوان دەسەڵاتدار بوون بەسەر زەویدا، وەك ئەوانی پێشوویشی کرد بەجێنشینی دەسەڵاتدار لەجێی پێشینانی خۆیان و ئەو ئایینەیان بۆ دائەمەزرێنێ کە بۆی پەسەند کردوون و لەجیاتیی ئەو ترسەی بەسەریانەوەیە لە زۆرداران ئەمن و ئاسایشیان بۆ دێنێ بەمەرجێ ئەوانیش بەندەیی و فەرمانبەرداریی من بکەن

[١] – سورة النور: ٥٥.

و کەس نەکەن بە هاوبەشم لە خوایەتیدا، هەرکەسیش لەپاش ئەم پایەو مایەیە کە خوا ئەیداتێ کافر ببێ و لەفەرمانی خوا دەربچێ ئەوانە فاسقن و لەفەرمانی خوا دەرچوون و لایانداوە[1].

هەوڵدانی بۆ دروست کردنی جێگیربوون پێویستە لە چوارچێوەی ئەو سونەنە خوایانەدابێت لەناو کۆمەڵگەی مرۆیدا بڵاو بوەتەوە، چاودێری کردنی ئەو سونەتانە بە تێگەیشتنێکی زۆر وردو پلانێکی کاریگەر و کارکردنی بەردەوامی مرۆڤی موسوڵمان وا لێدەکات جێگیرو تۆکمەبێت بۆ بەدەست هێنانی سەرکەوتنێکی بەرچاو.

ئەو وتەی شەهید (حسن بەننا) چەند وردو پوختە کاتێك باسی ڕێبازو بەرنامە (منهجیە)و چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵیدا دەکات، دەڵێت: (ئەگەر لە جیاتی ئاوەز پەنا ببەینە بەر تێڕوانینە خەیاڵیە کورتە سۆزدارییەکان ئەوە ڕوناکی تیشکی ئاوەز بە بڵێسەی سۆزداری دەسوتێت، ئەگەر زۆری لێ

---

[1] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

بکەیت خەیاڵە ڕاستیەکان بێنەدی لە ڕوداوەکان (الواقع)[1] بێ کەم‌و زیاد لەدڵ‌و دەرەوە یەکسان بن لەگەڵ یەکێکیاندا، نەوەئتا بەتەوای ئازادی بکەیت عەقڵ بڕیار بدات نە وازیشی لێ بهێنیت کارەکە بە هەڵوەسراوی ماوەتەوە، بۆ ئەوەی توشی ناخۆشییەکانی ڕۆژگاری نەبن، چونکە ئەوە تێشکانە، بەڵام ئێوە سەرکەون بەسەریانداو بەکاری بهێنن هەوڵ بدەن لەت لەتی بکەن‌و پاشان هەندێکیان بەکار بهێنن، لەدوای ئەوە چاوەڕوانی کاتەکانی سەرکەوتن بن چونکە سەرکەوتن لێتانەوە دوور نییە)[2] ، ئەگەر مرۆڤی موسوڵمان لە گەڵ ئەوەی هەموو هەوڵەکانی بۆ جێگیر بونبێت ئەو پێشهاتانە لە پلان دانان و، چاودێری و، ناهەمواری و، ڕوو بەڕوو بونەوە هێشتا نەگەیشت پێی، ئەوە تێکۆشانێکی تەواوی کردووە لە ژیانیدا بەر پرسیارێتی لەسەر نامێنێت وەك کەسێك بە ئەرکی خۆی

---

[1] – (الواقعیە) لە فەلسەفەدا: ئەوەیە کە ڕوو دەداتو دۆزراوەتەوە. فەرهەنگی دەریا: رزگار کەریم/ حرف الوال/ (١٥٧٥).

[2] – مجموع الرسائل – مؤتمر الخامس، ص ١١٥، طبعة منقحة ومزيدة الأول، ١٤٢٦ – ٢٠٠٥.

هەستاوە بۆ ئەوی ئامانجەکەی بێتە دی بۆ گەیشتن بە تۆکمەبوون.

جگە لەوەش پێویستە بێ ئومێد نەبێت، بەڵکو هێشتا هەر هەوڵبدات بە گوێرەی ئەوەی بۆی بگونجێتو تێ بکۆشێت بۆ لابردنی بەرپرسیارێتی لەسەر خۆی تا ئەوکاتەی جیهان بە جێ دەهێڵێت، چونکە ئەزمونەکانی ئەم ژیانە دەمان گەڕێنێتەوە بۆ لای ئەو کەسانەی کە بە هیوایەکی زۆر هەوڵێکی بێ وچانیان داوە بۆ هێنانە دی ئەو هیوایە لە پێناویدا تێکۆشاون زۆربەی جار ئەوەی ئەیان ویست هاتوەتە بەرهەم بۆیان، پشتیوان بەخودا گەیشتوون بە ئامانجەکانیان.

گەیشتن بە بابەتی جێگیر بون بە گوێرەی توانامان، ئەو ئەرکە شەرعیانەی لەسەرمان دانراوە بە گوێرەی توانای موسوڵمان لێمان داواکراوە، وەك پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿لاَ

يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْساً إِلاَّ وُسْعَهَا﴾[1]، واتە: خوا داوا لە هیچ کەسێك ناکا مەگەر بە ئەندازەی توانایی خۆی[2].

کەواتە: خودای پەروەردگار ئەوەی لە توانای ئیمانداردا هەیە بە ئەرکی داناوە لەسەر، کاری لەسەرو تواناو تەنگەبەری لەسەریان دانەناوە، کاروباری دینەکەیانی بە فراوانی بۆ داناون، بەواتای فەرمودەی پەروەردگار﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ﴾[3] [4]، واتە: تا ئەتوانن لە خوا بترسن[5].

پێشەوا ئیبنو تەیمییە دەفەرمووێت: شوێن باسی شەرع (مدارك الشريعه) لەسەر فەرمودەی خوای پەروەردگار ﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ﴾[6] واتە: (تا ئەتوانن لە خوا بترسن، بە

---

[1] – سورة البقرة: آية٢٨٦.

[2] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

[3] – سورة التغابن: آية ١٦.

[4] – الطبري، ١٥٣/٣.

[5] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

[6] – سورة التغابن: آية ١٦.

فەرمودەی خوای پەورەدگار: ﴿اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ﴾[1] واتە: ئەی خاوەن ئیمانەکان بەڕاستی لە خودابترسن، ترسێکی ڕاستەقینە کە شایانی گەورەیی‌و بە دەسەڵاتی خودا بێ) ئەو فەرمودەی پێغەمبەر (ﷺ): (ئەگەر فەرمانێکم بەسەردا کردن بە پێی توانای خۆتان جێ بەجێی بکەن)[2] ڕاڤەکردووە، لەسەر ئەمەیە ئەوەی فەرمانە بۆ هێنانە دی بەرژەوەندی یان تەواوکردنیان، وە کۆتایی هێنان بە خراپی‌و گەندەڵییەکان‌و کەم کردنەوەیانە، ئەگەر ئەمانە دژ بەیەك وەستا ئەوکات کامیان بەرژەوەندی زیاتر بوو ئەوەیان جێ بە جێ دەکرێت و لە کیس دانی بچوکەکەیان، وە لابردنی خراپەو گەندەڵییە گەورەکەیان، ئەگەری ئەوەش هەیە بچوکەیشان ڕێگە پێدراوبێت[3].

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو ئایەتە پیرۆزەی لە دەستپێکردنی ئەم بەشە هێنامان، دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ إِن مَّكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ

[1] – سورة آل عمران: ١٠٢.

[2] – اخرج في الصحيحين.

[3] – مجموع الفتاوى، ٢٨/٢٨٤.

أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ ﴾[1]، واته: ئەو لە ماڵی خۆ دەرکراوانەی ئەگەر ئێمە جێگیریان بکەین و دایانمەزرێنین لە ئەرزدا نوێژ ئەکەن و زەکات ئەدەن و فەرمان بە چاکە ئەکەن و نەهی لە خراپە ئەکەن و ئەنجامی هەر کارێکیش هەر بۆ خودا ئەگەڕێتەوە[2].

تێبینی ئەوە بکەین تۆکمە بوون بریتییە لە: نوێژکردن، زەکات دان، فەرمان بەچاکە، ڕێگری لە خراپە، بۆیە ئەو لایەنەی فەرمانی خودا جێ بە دەکات ئیسلامە، بەڵام چۆن خوای پەروەردگار ئەو کەسانەی ئاڵای خوایان هەڵگرتووە تۆکمەو جێگیری تەواویان پێ دەبەخشێت بۆ ئەوەی ئەیانەوێت لە جێ بە جێ کردنی ئامانجە ناوازەیەدا؟

بۆ تۆکمەبون‌و سەرکەوتن ﴿إِن تنصُرُوا اللَّهَ يَنصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ ﴾[3]، واتە: ئەگەر ئێوە پشتیوانی لە ئاینی خودا

---

[1] – سورة الحج: آية ٤١.

[2] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

[3] – سورة محمد: آية ٧.

بكەن و هەوڵی سەرکەوتنی بدەن، خوداوەندیش پشتیوانی لە ئێوە دەکات و سەرتان دەخات، و پایەدار و جێگیرتان دەکات[1].

سەرکەوتنی خوای پەروەردگار لە کاتێکدا دەبێت بەڕاستی بڕوات پێی هەبێت و، پشتی پێ ببەستیتو بەتەواوی بەندایەتی خۆتی بۆ ساغ بکەیتەوە و، دوور بکەویتەوە لە دیمەنە ڕوپۆشە شیرکە ئاشکراو نهێنییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا هەست بە سونەنە گەردونو کۆمەڵایەتییەکانیش بکەین، ڕێگەی ڕاست بگرنە بەر لە پیادەکردنی شەریعەت بگریتە بەرو، دەست گرتن بە بنەما ئەخلاقییەکانەوە بۆ ڕێکخستنی جوڵانەوە تاکیو کۆمەڵییەکان دەگیرێنەبەر.

ئەم گشتگیرە کۆبوانەبۆ دەستگرتن بە دین بە یەك جار نایەتەدی، چونکە ئامادەکردنی جیلی هاوەڵان لە مەککە بۆ ئەوەی ڕوو بەڕووی بێ باوەڕانو دەوڵەتەکەیان بێتەوە (١٣) ساڵی خایاند بۆ ئەوەی لە ڕووی بیروباوەڕیو دەرونیو

[1] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

ڕۆحییەوە ئامادەبن، هەرگیز خوای پەروەردگار ڕێگەی نەدا بەگژ ملهوڕییەکانی مەککەو هێزەکەیان ببنەوە، بەڵکو پێی دەفەرموون: ﴿كُفُّواْ أَيْدِيَكُمْ وَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ وَآتُواْ الزَّكَاةَ﴾[١]. واتە: جارێ واز لە جەنگ بێنن‌و دەستی مەدەنێ‌و، خەریکی نوێژ بن‌و زەکاتی ماڵتان دەرکەن[٢].

چونکە بۆ بەدەست هێنانی توانای ڕوو بەڕوو بونەوەی دەوڵەتی بێ باوەڕان لەڕوی بیرو باوەڕو دەرونی‌و ڕۆحی پێویستی بە هەبوونی دەوڵەتێکی دامەزراو هێزێك هەبوو هاوکاری بکات لە بونیات نانی بۆیە پشتیوانان لە (یثرب) لە چوارچێوەی کیانێکی بەهێز ئامادەیی باشی هەبوو بۆ ئەو کارە.

وەك چۆن بینیمان سەرەتا پەروەردەو خۆ ئامادەکردن بوو وەك مەرجێکی جێگیر بوون، پاشان ڕۆشتن بۆ مەدینە، لەبەر ئەوە پێویست بوو ئەو هۆکارانە بگرنە بەر بۆ بەدی هێنان جێگیربونێکی گشتگیر، پاشان لەوێ خۆیان هێزو توانا

---

[١] – سورة النساء: آية ٧٧.

[٢] - تەفسیری گولبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

ئامادەكرد، وەك قورئانی پیرۆز دەفەرمویێت: ﴿وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدْوَّ اللّهِ وَعَدُوَّكُمْ﴾[1]. واتە: ئەوەی لە تواناتاندا هەیە لە ئەسبابی هێزو سەركەوتن ئامادەی بكەن، بۆ جەنگی كافران، وەك شیرو تیرو زریێو تاس‌و كڵاوو چەكی هەر ڕۆژێ بە پێی ئەو ڕۆژە، بە ئەتۆمی ئەمڕۆیشەوە، هەروەها ئەسپی بەستراوەی ئامادە بۆ سواری، تا دوژمنەكانی خواو خۆتانی پێ بترسێنن[2].

واتای فەرمودەی خودای پەوەردگا﴿مِّن قُوَّةٍ﴾ سەرجەم جۆرەكانی هێزی پێویست كۆ بكاتەوە بۆ بەگژا چونەوەی دوژمن. سەید قوتب (رحمه الله) دەڵێت: دەقەكە فەرمان دەكات بە ئامادەكاری بۆ هەموو جۆرەكانی هێز لەڕوی چەشن‌و شێوەو هۆكارەكان، كاتێك باسی ئامادەكردنی سوراچاكی دەكات، چونكە گوتاری ئایەتەكە ڕووی لەوانە بووە ئەوكات بەكاریان هێناوە، لەبەر ئەوە دیارترین هۆكاری جەنگی ئەو كاتەبووە، قورئان

---

[1] – سورة الأنفال: آية ٦٠.

[2] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

یەکەم جار ئاوابووە، ئەگەر فەرمانی پێ بکردنایە بە خۆ ئامادەکردنی ئەو هۆکارانەی ئەم ڕۆ دیارن و لەو کاتەدا نادیار بوون ئەوە جۆش دامان و شلەژان ڕوی تێدەکەن، پاك و بێگەردی بۆ ئەو خوایەی ئاماژە دانەکەی سەراپا گیریە (عموم)[1]، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ خۆ ئامادە کردنێکی گشتگیری (شامل) پێویستە دەست بگریت بە سونەنە خوداییەکان کە لە گەردون و ژیاندا دایناوە، لێروە نابێت هیچ جۆرە هێزێك بە کار بهێنیت لە جێگەی خۆیدا نەبێت بۆ ڕۆشتنی پلانەکەمان بە ڕێگەی ڕاستی خۆیدا. دەستگرتن بە هۆکارەکانەوە دژنابێتەوە لە پشت بەستن بە خودای پەروەردگار، چونکە کۆتایی ئەم زنجیرەیەی دەیگرینە بەر لای بەدی هێنەری گەردون کۆتایی دێت.

نەتەوەی موسوڵمان ڕۆژگارێك توشی کۆمەڵێك کێشەوە بوەتەوە ئەویش بەهۆی بێ مێشکی هەندێکەوەیە ، لە ململانێ یەکی زۆر ئاڵۆز دان، هەندێکیان سیاسین، هەندێکیان ئابورین، هەندێکیشیان سەربازین... هتد، پێویستی بە خۆ ئامادەکردنێکی

[1] – في ظلال القرآن، ٣/١٥٤٣، ط دار الشروق، ١٩٧٢.

بەهێزو خۆ سازدانێکی سەراپاگیری‌و گەشە پێدانێکی بەردەوام هەیە بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی، بۆ ئەوەی بگەین بە قۆناغی تۆکمەیی (تمکین)ییەك کە لە ژێر چوارچێوەی سونەنە خوداییەکان بەڕێوە بچێت بلاوی کردوەتەوە لە گەردوندا.

بۆ نمونە:

پێویستمان بە هێزی زانست‌و تێگەیشتن هەیە بۆ ئەوە بگەین بە کاروانی زانستی، پێویستە نەخشە بۆ جیهان بینییەکی ئیسلامییەکی (عولمە إسلامیە) گشتگیری بکێشین، شارەزای ئەوەش بین چۆن بە زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ جیهان بینی سەرمایە داری نوێدا بکەین.

پێویستیشمان بە پسپۆڕییەکی سیاسی جیهانی هەیە بۆ ڕوو بەڕوو بونەوەی گەمە سیاسیە تەکنەلۆجیا پێشکەوتووەکان، وە بیرێکی قوڵی جەنگی لە ناخی نەتەوەکەماندا بچێنین بۆ بەگژا چونەوەی ئەو وڵاتە چاو چنۆکانەی چاویانب ڕیوەتە وڵاتمان بەرپەرچی هەموو پیلانەکانیان بدەینەوە.

مامەڵە کردن لەگەڵ جیهانی هاوچەرخدا پێویستی بە هەبوونی ئامێرو کەرەستەی هاوچەرخ هەیە، بۆ ئەوەی بە بەهێزی بڕۆینە ناو ئەو سەردەمە شارستانیە نوێیەوە.

لەبەر چاو گرتنی ڕێسای تێڕوانینی سەر ئەنجامەکانو هاوسەنگی بەرژەوەندیو خراپەکان لەکاتی هەبونی تۆکمەبوون (تمکین) زۆر گرنگە، لە پێناو بەهێز بونی کۆمەڵگەی ئیسلامیو چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی جیاوازی دروستکردووە.

چاوکراوەیی قوڵمان لەسەر بنەماکانی شەریعەتو یاساکانیو مەبەستەکانیو ڕۆچون لە زانینی بارودۆخو کاتی ئێستامان وامان لێدەکات شایستەی ئەو جێگیر بونەی خودای پەروەردگاربین بۆ ڕوو بەڕوو بونەوەی ئەو ململانێ جۆراو جۆرانەیی ژیاندا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە.

بۆ ئەوەی سبیەینێ نەتەوەکەمان بگەیەنین بەم دەستکەوتانە زۆر گرنگە بە دەستەو یەخە ڕوو بەروی ئەو شەپۆلانەی سەردەم ببینەوە.

سۆزە بەجۆش هاتوەکان بەتەنها ئێمە لەم کێشە دەرناکات، بەڵکو تەنها کاتی پێوە بەفیرۆ دەدەین‌و دوامان دەخات، خودای پەوەردگار هیچ گەلێك جێگیرو تۆکمە ناکات ئەگەر پێچەوانی سونەنە کەونیەکانی ژیان‌و کۆمەڵگەو مرۆڤایەتی بجولێینەوە.

# بەشی سێیەم

## بەرژەوەندییەکانو خراپەکارو مەبەستەکانی شەریعەت:

### بەرژەوەندییە ڕەهاکان (المصالح المرُسَلة):

کاتێك شەریعەتی ئیسلامی بۆ هێنانە دی بەرژەوەندییەکانی بەندە لە وردیو ئاشکرایی لە ژیانی دونیاو دوارِۆژیشدا هاتووە، بۆ ئەوەیە مرۆڤ بەهۆی میانرِەوی شەریعەت بەختەوەربێت بۆ بەگەڕ خستنی تواناکانی مرۆڤ و بارودۆخە گۆڕاوەکانو کێشە جۆراو جۆرەکانی ژیان.

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ ﴾[1]، واتە: ئەی موحەممەد (ﷺ) تۆیشمان بە هیچ حاڵێ نەناردووە بە ڕەحمەت و خێرو بەرەکەت نەبێ بۆ هەموو ئەهلی جیهان. خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَنُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاء وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ وَلاَ يَزِيدُ الظَّالِمِينَ إَلاَّ

---

[1] – سورة الأنبياء: آية ١٠٧.

خَسَاراً﴾[1] واتە: ئێمە لەم قورئانەدابۆتۆم(ﷺ)ان ناردووە ئەی موحەممەد! (ﷺ) گەلێ ئایەت و سوورەت دادەبەزێنین کەمایەی شیفاو چاکبوونەوەیە لەنەخۆشیی نەفامیی و گومڕایی و ڕەحمەت وبەزەیی و میهرەبانیشە بۆ خەڵکانی بڕوادار، لەگەڵ ئەمەیشدا بۆستەمکاران و خوانەناسان جگە لەمە کە دەبێتە مایەی زیان بۆیان وپتر یاخییبوونیان شتێتر زیاد ناکات بۆیان، چونکە خۆیان ئامادە نین هیچ سوودێکی لێوەرگرن[2].

هەروەها دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالإِحْسَانِ وَإِيتَاء ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاء وَالْمُنكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾[3]، واتە: بێگومان خوا فەرمان بەدادگەریی و چاکە کردن لەگەڵ تەواوی دروستکراوەکانیدا دەدا، تەنانەت لەکاتی تۆڵە سەندنەوەیشدا، وفەرمان بە بەخشش و پیاوەتیی‌و چاکە لەگەڵ خزم و نزیکانیشدا دەدا، ولە هەموو کارێکی دزێوو

---

[1] – سورة الإسراء: آية ٨٢.

[2] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

[3] – سورة النحل: آية ٩٠.

خراپەو ستەم و لەسنوور دەرچوون ڕێ دەگرێ، سەرەتا ئەم ئایەتە هەموو خێرو چاکەیەکی لەخۆ گرتووەو فەرمانیشی پێکردووە، هەروەك بەشێکی تری ڕێ لەهەموو خراپەو خراپەکارییەك دەگرێ، خوا بەوشێوەیە ئامۆژگاریتان دەکات، تا بەڵکو بیر بکەنەوە وپەند بگرن[١].

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ يَا أُولِيْ الأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾[٢]. واتە: لە کوشتنەوەدا ژیانتان بۆ هەیە، خاوەنانی ژیری، بەڵکو خۆتان بپارێزن[٣].

شاتبی دەڵێت: مەبەست لە بەرژەوەندی (المصالح) ئەوەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەو کارانەی لە ژیانی مرۆڤدان و هەموو ژیانیان لەسەریەتی وە هێنانە دی تەواوی پێداویستیەکانی ژیانی بەتایبەتی ئەو شتانەی ویستەمەنییەکاو ئاوەزی داوای دەکات بۆ

---

[١] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

[٢] – سورة البقرة: آية ١٧٩.

[٣] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

**گەیشتنی بە ئازادی تەواو، بۆ ئەوەی بە ئازادی چێژ لە ژیانی ببینێت[1].**

**بێجگە لەوەش جەخت دەکاتەوە لە سەر ئەو بەرژەوەندیانەی پێویستە دابین بکرێت بەفەرمانی شەرعدانەر، بۆیە دیسان دەڵێت: کاتێك شەریعەت هەر بەرژەوەندییەکی دانا ئەوە لە بەرژەوەندی بەندەکانە، ئەوکات بە گوێرەی فەرمانی شەرعدانەرو ئەو سنورانەی دای ناوە بۆیان دەگەڕێتەوە، نەك بە گوێرەی حەزو ئارەزوی خۆیان دایڕێژین[2].**

**پێشەوا غەزالی دەربارەی (المصلحە: بەرژەوەندی) دەفەرموێت: بریتییە لە فەراهەم هێنانی سودو قازانجو لابردنی زیان، بەڵام ئەو مەبەستانەی لە بەرژەوەندییەکان دروست دەبن دەکرێن بە دوو بەشەوە: مەبەستەکانی خەڵك و مەبەستەکانی شەریعەت، واتە بە بەرژەوەندییەکان مەبەستەکانی شەرع دەپارێزێت، مەبەست (مقصود)ەکانی**

---

[1] – الموافقات: ٢/٢٥.

[2] – الموافقات: ٢/١٧٢.

شەرعیش بەرامبەر بەخەڵك پێنج دانەن، بریتین لە پاراستنی (دینیان، گیانیان، ئاوەزیان (عقلهم) وەچەیان، سەروەت‌و سامانیان) هەر شتێك ئەم پێنج بنەمایە بپارێزێت ئەوە بەرژەوەندییە، هەر شتێکیش ئەم بنەمایانە بەجێ نەهێنێت ئەوە خراپەو گەندەڵییە، لابردنی ئەو خراپەش بەرژەوەندییە، هەر لەم سۆنگەیەوە غەزالی بەرژەوەندییەکانی تەنها لە زۆر نیازمەندەکان (الضرورات) کورتکردوەتەوە، نەك لە پێداویستیە ماما ناوەند و ئاتاجی(الحاجیات) جوانکاری (التحسینیات)ەکان. لای ئەو بەرژەوەندییەکانی شەرع لە قورئانی پیرۆزو سوننەت‌و کۆ ڕای زانایان پێناسە کراوە، بۆیە هەر بەرژەوەندییەك سەرچاوەکەی نەگەڕایەوە بۆ قورئان‌و سوننەت‌و کۆڕای زانایان، ئەوە بە بەرژەوەندییەکی نامۆ دادەنرێت‌و گونجاو نییە کاری پێ بکەیت‌و ئەوە لە بنەڕەتدا پوچ‌و نەگونجاوە، ئەوە دەرچوون نییە لەناو ئەم بنەمایە، بەڵام ئەمە بە بەرداگرتن (القیاس) نییە بۆ هەموو کارێك، بەڵکو ئەمە بە بەرژەوەندییە ڕەهاکان (المصالح المرُسَلة) ناوبراوە. کەواتە بە بەردا گرتن (القیاس)

بنەمایەکی جێگیرو دیارە، بونی ئەم مانایانە بە یەك بەڵگە باسمانکردووە، خۆی بەڵگەی زۆریش هەیە لە قورئانو سونەت لە ژمارە نایەن، بە پێی بارودۆخو بەڵگەکانو پێشەوایان دەگۆڕین، ئەمە پێی دەوترێت بەرژەوەندی، ئەگەر بەرژەوەندی ڕاڤە بکەین بە پاراستنی مەبەستەکانی شەریعەت پێویستمان بە ناکۆی (اختلاف)نییە بۆ شوێن کەوتنی، بەڵکو پێویستمان بەڵگە گرتنیەتی، لەکاتی دژ یەك بوونی دوو بەرژەوەندیی یان دوو مەبەست پێویستە بەهێزەکەیان پەسەند بکەین.

غەزالی خۆی سەربەستانە بۆچونی خۆی لەسەر بنەمای ئەم وتانە دامەزراندووەو، بەرژەوەندییەکانی دابەش کردووە بۆ سێ بەش:

- بەشێکیان شەرع بە بایەخی دادەنێن، ئەویش بە هۆی گەڕانەوەیان بۆ بەدەست هێنانی بەڵگەیەکی بەبەردا گرتن (القیاس) چونکە بنەمای ئەو حوکمەی لە ئاوەز دانان بۆ دەقێك و کۆڕایەك هاتووە، نمونەی ئەمەش، وەك: هەموو سەرخۆش کەرێك لە خواردنو خواردنەوە حەرامە بە بەڵگەی بەبەردا

گرتنی به سەر عارەقدا، هۆکاری حەرام بونیشی بۆ پاراستنی ئاوەزە, چونکە ئەوە هۆی حەرام بون (مناط )[١] ئەرکە دانراوەکەیە (التکلیف)، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر تێبینی کردن لەسەر ئەم بەرژەوەندییە.

- هەندێکیان شەرع دانەر بە پوچ‌و خراپ دایان ناوە، وەك فتواکەی (یەحیای کوڕی لەیس) بۆ هەندێك لە خەلیفەکانی ئەندەلوسی دا، بەوەی دوو مانگ بەڕۆژوبێت بەهۆی ئەوەی لە ڕۆژی ڕەمەزاندا سەر جێی لەگەڵ خێزانی کردووە، بەو پێیەی ئەمە زۆر گرانە لەسەری، بۆیە بۆ هەر ڕۆژەو یەك بەندە ئازاد بکات، لەکاتێکدا ڕۆژووی دوو مانگەکە قورستربوو لەسەری، بەمە پێچەوانەی تەرتیبی ئەو سزایە جولایەوە. غەزالی دەڵێت: ئەم وتەیە پوچ‌و بێ بنەمایەو پێچەوانەی قورئان‌و سوننەتە، کردنەوەی ئەم دەرگایە سەر دەکێشێت بۆ گۆڕینی حوکم‌و دەفکان بەپێی گۆڕانی بارودۆخ. ئەگەر ئەمە دروستکرای دەستی

---

[١] – مناط التکلیف: لای ئوصولییەکان ئەوە ئەو شتەیە کە بوەتە هۆی حەرام کردنی شتێك‌و حوکمێکی لەسەر هاتووە، وەك هۆی حەرام بونی مەی، بریتییە لە سەرخۆشی‌و لەدەست دانی ئاوەز. (وەرگێڕ).

زاناكان بێت ئەوكاتە فەرمانڕەواكان متمانە بە فتواى زانايان ناكەن وا گومان دەبەن هەرجارە فتوايەك دەدەن ئەوە لەلايەن خۆيانەوە گۆڕانكاريان تيا كردووە.

- بەشێكيان شەرع دانەر نەى نرخاندوەو بە پوچيشى دانەناوە بە دەقێكى ديارو ئاشكرا، بەڵكو هێشتا جێى تێڕامانە، بۆ نمونە: لەكاتى جەنگدا بێ باوەڕان كۆمەڵێك بەندى موسوڵمان وەك قەڵغان بەكاربهێنن، ئەگەر بوەستين لە شەڕكردن لەگەڵيان ئەوە دەست دەگرن بەسەر وڵاتى ئيسلاميدا، ئەگەر شەڕيشيان لەگەڵ بكەين ئەو موسوڵمانە بێ تاوانانە دەكوژرێن, ئەگەر ئێمە بدەين لە قەڵغانەكە ئەو موسوڵمانە بێ تاوانانە دەكوژين، بەڵام تەنها بۆ پاراستنى موسوڵمانانو ئەوانيش هەمان مەبەستيان دەوێت؛ چونكە ئێمە دەزانين مەبەستى شەريعەت كەم كردنەوەى كوشتنە، ئەم هەموو زانياريانە ڕۆشتنە بۆ بەرژەوەنديى ئەمانە لە شەرعەوە

وەرگیراون تەنها بە یەك بەڵگە نا، بەڵگو بە چەندین بەڵگەی بێ ژومار[1].

بەڵام غەزالی ئەوەی بە مەرج داناوە پێویستە ئەم زۆر پێویستیانە (ضرورات) یەکلای کەرەوەبێت، بەڵام (شاتبی) دەڵێت لابردنی تەنگی پێویستە لەدنیادا ئەویش بەگەڕانەوە بۆ باسێکی سوکر کردن نەك قورس کردن[2].

شێخ قەرزاوی خۆی ئارەزووی بۆ بۆچونەکەی شاتبییە، کاتێك دەڵێت: هیچ پێویست نییە ئەوەی پێشەوا غەزالی کردویەتی بە مەرج لەسەر ئەوەی بەرژەوەندییەکان بەشێکی زۆر پێویستییەکانن (الضرورات)، بەڵکو دەکرێت سەراپاگیریەکی گشتی بێت، ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی تاكو گروپە جۆراو جۆرەکان کارێکە لای شەریعەت نرخێنراوەو دانی پێدا نراوە.

---

[1] – المستصفى: ١٣٩/١، ط الأولي، مطبعة مصطفى محمد، ١٣٥٦ – ١٩٣٧.

[2] – الإعتصام: ١٣٣/٢، الطبعة التحارية الكبرى، القاهرة.

هیچ پێویست نییە ئەو بەرژەوەندییە یەكلا كەرەوە بێت (قطعیة)، لە حوكمە لاوەكییەكاندا دەتوانیت كار بە گومانی پەسەند بكەیت، شەریعەت زۆركاری تری دوور خستوەتەوە.

تاكە كارێكی زۆر گرنگ هەیە پێویستە ئاوڕی لێ بدرێتەوەو پێداگری بكەیت لەسەری ئەویش ئەوەیە ئەو بەرژەوەندییە ڕاستی بێت نەك خەیاڵی، چونكە هەندێك خەیاڵو حەزو ئارزوو گومانو بیری خراپ عورفو عادەت لای هەندێك لە خەڵك بە بەرژەوەندی ناو دەبرێت، لەڕاستیدا ئەمانە هەموویان خراپو نەشیاون، یاخود ڕونتر بڵێین: ئەوانە زیانیان زۆرترە لە سودو قازانجیان.

قەرزاوی دەڵێت: ئەوەی لە كارەكانی هاوەڵان دەردەكەون، ئەوان زۆر پەیوەست نەبوون بە گشت ئەم مەرجانەوە، بەڵكو بە گوێرەی بەرژەوەندی پەیوەست بون پێییەوە ئەگەر ئەو بەرژەوەندییە بەشێك بێت، یاخود ئاتاجی (حاجیات)، یاخود گوماناوی (ظنیة)، عومەر حوكمی كرد بە جیابونەوەی ئەو ئافرەتەی (٤) ساڵ مێردەكەی دیار نەبێت، پاشان دوایی ئەم

حوکمەی لابرد، ئەگەر دڵنیاش نەبن لە مردنی مێردەکەی، ئەم بەرژەوەندییە بەشییە (جزئی) ئاتاجییە، گوماناویشە[1].

ئەوە ڕونو ئاشکرایە ئەو قورسکردنەی غەزالی بۆ مەرجەکانی بەرژەوەندی ترسی ئەو بووە بۆ ئەوەی چەند بەرژەوەندییەکی گوماناوی نەکرێنە بەرژەوەندی ڕاستیو حەقیقی، بۆیە مەبەستەکانی کورتکردوەتەوە پاشان بەرژەوەندی کردووە بە مەبەستی شەرع نەك مەبەستی بەدیهێنراوەکانو مرۆڤ.

جێگەی باسە بەرژەوەندی دەمێنێتەوە لەگەڵ مانەوەی هۆکار (علە)، هەرکاتێك هۆکارەکە نەما ئەوکاتەش بەرژەوەندییەکە نامێنێت.

شێخ فەرزاوی دەڵێت: پێویستە ئاماژە بدرێت بە ڕاستییەکی گرنگ ئەویش ئەوەیە حوکمەکە لەسەر بەرژەوەندیکی دیاری کراو دانراوە و نرخێنراوە هەتا ئەو

---

[1] – السياسة الشرعية: ص٩٩ وما بعدها.

بەرژەوەندیە بمێنێت کە هۆکاری هاتنی حوکمەکەیە لەسەر هۆکارەکە، ئەگەر ئەو شێوەی لەدەستداو نەما پێویستە بە پێی گۆڕانەکەی حوکمەکە بگۆڕێت، چونکە حوکمەکە لەگەڵ هۆکارەکە بە بون‌و نەبونی دەسوڕێتەوە.

نمونەش لەسەر ئەمە: سزای تەمێکردن (التعزیری) و حوکمەکەی کە سیاسەتی شەرعی کاتی جێ بەجێی دەکات، ئەوەی لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدین‌و هاوەڵانی تر گێڕاویانەتەوە، و پاش ئەوانیش، یان هەندێك جار لەسەردەمی خودی پێغەمبەر (ﷺ) خۆیشدا جێ بەجێ کراوە، بۆ نمونە: قەدەغە کردنی نوسینەوەی فەرمودە لەسەردەمی پێغەمبەردا، ترسان لەوەی تێکەڵ بە قورئان بێت، کاتێك ئەم ترسە ڕەوایەوە لای هەندێك لە هاوەڵان، نمونەی عومەر ئەوەی گرتە ئەستۆ هیچ کەسێك لەوانە قورئان دەنوسن فەرمودە نەگێڕنەوە، ئەمە سیاسەتی بوو[1].

---

[1] – السياسة الشرعية، ص١٠٢.

# مەبەستەکانی شەریعەت (مقاصد الشريعه)

خودای پەروەردگار زۆر مەبەستی بۆ شەریعەتی ئیسلامی داناوە بۆ هێنانە دی بەرژەوەندییەکانی بەندە لە هەردوو ژیانەکەیدا، ئەم بەرژەوەندییانەش هیچ یەکێك لە گەورە زانایان ناکۆك نین لەسەری، چونکە ئەم ڕاستیانە بە بەدوادا چوون (إستقراء) جێگیر کراون، ئەوەش زۆر سودی هەبووە بۆ زانستەکە، ئەمەش لە درێژەی شەریعەتدا بونی هەیە[1].

ئەنجامی تیۆریای مەبەستەکان لە دیدی ئاوەزییەوە دەردەچێت کەوا دەبینێت شەریعەتی خودا تەنها شەریعەتی میهرەبانیو ویژدانە، شەریعەتی ڕێکخستن و هاوسەنگە، پێوەرەکانی ڕێکخراون، چونکە پشتیان کردووەتە ئەم سونەتەی خوای پەروەردگار.

هەرکەسێك خاڵ بە خاڵی حوکمەکانی شەریعەتو دەقەکانی بخاتە ڕوو بە هەموو پەلو لقو بوارەکانییەوە ئەوکات

---

[1] – الموافقات: ٢/ ٦ – ٧.

زۆر هۆكارو بەڵگەی بۆ دەردەكەوێت، هەركەسێك سەیری شوێنەوارو ئەنجامەكانی بكات دەبینێت لە پشتی ئەم كارەوە بەرژەوەندییەك هەیە دەردەكەوێت، وە خراپەیەكیش دوور دەخاتەوە، ئەوەی بیر لەڕوكەش‌و ناوەڕۆكی دەكاتەوە بە تێڕوانینێكی تەواو سەراپاگیر گشتگیر دەردەچێت لە مەسەتەكانی شەریعەت‌و نیازەكانی.

پێشەوا جوەینی دەڵێت: هەر كەسێك ڕۆشتە ناو مەبەستەكانی شەریعەت‌و فەرمانەكان‌و ڕێگرییەكان وەرنەگرێت هیچ بەرچاو ڕوونیەكی نییە لە دانانی شەریعەت[1].

بەڵگەی هەموو ئەوانەی كە وتمان، ئەم فەرمودەی خوای پەروەردگارە: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ﴾[2]. واتە: ئەی موحەممەد!(ﷺ) تۆیشمان بە هیچ حاڵێ نەناردووە بە ڕەحمەت و خێرو بەرەكەت نەبێ بۆ هەموو ئەهلی جیهان[1].

[1] – البرهان: ٢/٣١٩.

[2] – سورة الأنبياء: آية ١٠٧.

مەبەست لە میهرەبانی بۆ هەردوو ژینەکە ناردنی پێغەمبەرە (ﷺ)، وە فەرمودەی پەروەردگار: ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾[2]. واتە: من پەریی و ئادەمییم هەر بۆ ئەوە دروست کردووە کە بمپەرستن[3].

مەبەستی هاتنی مرۆڤەکان بۆ سەر زەوی پەرستشی پەروردگارە، وە خوای پەورەدگار دەفەرموێت: ﴿الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ﴾[4]. واتە: ئەو کەسەی کە مردن و ژیانی داناوە تاقیتان دەکاتەوە، کە کردەوەی کامتان چاکترە، و هەر ئەوە زاڵ و خۆشبوو[5].

---

[1] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

[2] – سورة الذاريات: آية ٥٦.

[3] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

[4] – سورة الملك: آية ٢.

[5] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

ئەو تاقیکردنەوەش مەبەستی بونی مردنو ژیانە بۆ ئەوەیە خراپەکان لە باشەکان جیا ببێتەوە، خراپەکان بۆ جەهەنمو باشەکانیش بۆ بەهەشت پاداشت بکات.

شاتبی دەڵێت: کارە شەرعییەکان تەنها مەبەستی خۆی نییە, بەڵکو مەبەستی کاروباری ترە، مانای وایە ئەویش ئەو بەرژەوندیەیە کە شەریعەت لە پێناویدا هاتووە[1].

زانای پایەبەرز (طاهری بن عاشور) دەڵێت: مەبەستەکانی گشتی شەریعە ئەو ماناو حوکمانەیە لە لایەن شەرعدانەرەوە تێبینی کراوەو دانراوە لە هەموو بارودۆخێکی شەرعدانان، یان زۆربەیان بەشێوەیەك تێبینییەکانی تایبەتن بە گەردونو لە جۆری تایبەتی حوکمەکانی شەریعەت، بەم وەسفانەش شەریعەتو مەبەستەکانی دەڕۆنە ناو ئەو شتانەشی کە تێبنی

---

[1] – الموافقات: ٣/٣٢٤.

**ناکرێت لە هەموو جۆرەکانی حوکم لە گەردوندا، بەڵام لە زۆر جۆریتردا تێبینی دەکرێت[1].**

**مەبەستەکانی شەریعەت لە سێ بەشدا کورد دەکرێنەوە: یەکەم: پێك دێت لە زۆر نیاز مەندەکان (الضرورية)، دووەم: پێك دێت لە ئاتاجیەکان (حاجيات)، سێیەم: پێك دێت لە جوانکارییەکان (تحسينيه).**

**پێشەوا شاتبی دەڵێت: مانای زۆر نیاز مەندەکان ئەوانەن دەبێت جێ بەجێ بکرێن بۆ بەرژەوەندی دینو دنیاش، بە شێوەیەك ئەگەر لەدەست بدرێت بەرژەوەندییە دنیاییەکان سەقامگیر نابێت، بەڵکو بۆ بێ سەرو بەریو خراپە دەڕواتو ژیانیش لەناو دەبات، وە پاشە ڕۆژیش دەبێتە هۆی لە دەست دانی نازو خۆشییەکانو بە خەسارەتێکی زۆر گەورە کۆتایی**

---

[1] – مقصد الشريعة الإسلامية، ص ٥٠.

دێت[1] ، ئەم نیازمەندانەش (ضرورات)ەی کۆکردوەتە لە: پارێزگاری لە دین‌و گیان‌و وەچەوو سامان‌و ئاوەز.

بەڵام ئاتاجییەکان: بەپێی فراوان بوونی بارو دۆخ دەگۆڕێت، لابردنی ناهەمواری‌و لە زۆربەی کات دەبێتە هۆی بەرتەسك بونەوەو زۆربەی کات سەر دەکێشێت بۆ توش بوون بە نارەحەتی‌و ئەگەر ئەوەی پێویستیە نەهاتەدی، بەڵام ناگاتە ئاستی ئەو خراپەو گەندەڵیەی چاوەڕوان دەکرێت لە بەرژەوەندی گشتیدا ڕوودات، ئەمیش لە بوارەکانی پەرستشەکان‌و مامەڵەکان‌و تاوانکارییەکان دێت.

جوانکارییەکان: مانای دەستگرتنە بەوەی نەریتە جوان‌و شایستەکان‌و دور کەوتنەوە لە کارە چەپەڵەکان کە جار جار توشی ئاوەزە پەسەندەکانیش دەبێتەوە، ئەمەش هەمووی لە ڕەوشت بەرزیدا کۆ دەبێتەوە[2].

---

[1] – الموافقات، ٢/ ٨ – ٩.

[2] – المصدر السابق: ٢/ ١٠ – ١١.

کەواتە شەرع زان لە چوارچێوەی پەی بردن بە ڕوکەشی دەقەکانەوە ئەم مەبەستە پیرۆزانەی بۆ دەردەکەوێت هەوڵێکی زۆر دەدات بەو زانستەی پێیەتی بە بنەمای ئەم شەریعەیەو تۆڕە ڕێکخراوەکانی بۆ ئەوەی بیان دۆزێتەوەو حوکمی لەسەر بداتو فتوای لەسەر هاتنی دەرکات، ئەوکاتە دەزانێت ئەمانە هەموویان بۆ بەهێز کردنی ئەو نیازمەندە گرنگانەی بەرژەوەندین کە شەرع داوای کردووە، هەرکاتێك سەر بکێشێت بۆ کەم کردنەوەی یان هەڵوەشاندنەوەی ئەوە خراپەیەو ڕەدی دەکەنەوە.

ئەگەر ئەم مەبەستانەش بەرامبەر بە یەك وەستان، ئەوکات نیازمەندە گرنگەکان (ضرورات) پێش دەخرێن بەسەر ئاتاجییەکاندا (حاجيات)، ئاتاجەکان (حاجيات)یش پێش دەخرێن بەسەر جوانکارییەکاندا (التحسينيات)، ئەگەر ئەم سیانەش پێکەوە لە یەك نمونەدا بهێنینەوە، دەڵێین: چارەسەرکردنی نەخۆشی لە پێشترە چونکە ئەمە پاراستنی گیانە، وە کڕینی سەیارە پێش دەخەین چونکە ئەمەیان

ئاتاجییه، وه پاشان گرنگی دەدەیت بە جوانکاری ماڵو ئەوەی لە چوار دەوریدایە لە باخچەو رازاندنەوەی، بەم شێوەیە مەبەسەتەکان بریتییە لە پارێزگاری کردن لە دینو سامانو ژیان و وەچە و ئاوەز.

ئەم مەبەستانەش پەیوەستن بە یەکەوە، لەبەر ئەوەی ئەمە دەبێتە هۆی پاراستنی نیازمەندە گرنگەکان (ضرورات) پێویستە پارێزگاری بکەین لە ئاتاجییەکان، ئەگەر پارێزگاری کرا لە ئاتاچییەکان ئەوکاتەش پێویستە پارێزگاری بکرێت لە جوانکارییەکان، ئەوکاتە ئەوە دادەمەزرێت کە جوانکارییەکان خزمەتی ئاتاجەکان دەکاتو ئاتاجەکانیش خزمەتی نیازمەند (ضرورات)کان دەکات[1].

پێشەوا شاتبی دەڕواتە ناو وردەکارییەکانی ئەم مەبەستی شەریعەتە توێژینەوەیەکی زۆر وردی تیا کردووە پێویستە ئەوەی بڕوانێتە فیقه پشتی پێ ببەستێت، بەتایبەتی لەم

[1] – المصدر السابق، ٢/ ١٦.

سەردەمەی ئەمڕۆماندا چونکە ئێستا خاوەن فتوای دەقی زۆرن بە بێ گەڕانەوە بۆ تێگەیشتن لە دەق و، بە بێ گەڕانەوە بۆ خاڵە پەیوەستەکانو حوکمەکان لە نێوان بەشیەکانو گشتییەکاندا، بە بێ خوێندنەوە لە بەشە گرنگیەکانی بۆ گەیشتن بە گشتییەکان.

لەگەڵ ئەوەی جێگیر بونی مەبەستەکانی شەریعە پێویستی بە تێڕوانینی وردو هەڵسوکەوتی شەرعی هەیە بۆ تێڕامان لە هۆکارو حوکمە جۆراو جۆرەکانی، بەدەست هێنانی حوکم لە ناو ئەو هۆکارانەدا زۆرن، هەروەها دیمەنەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بەبەرچاو هاوەڵانەوە لە ژێر ڕۆشنایی وتەو دەرخستن (تقرير) ئەوان لە م ڕوداوانە مەبەستێك لە مەبەستەکانی شەریعەتیان بۆ پوخت کراوەتەوە[1].

کۆی وتە ئەوەیە مەبەستی گشتی شەریعەتی ئیسلامی ئاوەدان کردنەوەی زەوییە و، پاراستنی پێکەو ژیانە تێیدا،

---

[1] – مقاصد الشريعة الإسلامية، ص ١٦ – ١٨.

**بەردەوام بوونی چاکسازی بەو دەسەڵاتەی پێی دراوە بۆ جێنشینی تیایدا, ئەو داد پەرورو ڕاستە ڕێگەی لەسەریانە ئەنجامی بدەن، ڕێگە دان بە ئاوەزو کارپێکردنی بۆ چاکسازی لە زەویدا دەرهێنانی خۆشیەکانیو و نەخشە دانان بۆ سودوەرگرتن لێی[1].**

[1] – مقاصد الشريعة الإسلامية ومكارمها: علال الفاسي، ٤١ – ٤٢ – ٤٣.

# بەشی چوارەم

# مەبەستەکانو بنچینە فیقهییەکان

به ئاگابوون له بنچینه فیقهیەکان چەندین دەرگای فراوانمان بۆ دەکردێتەوە لە تێڕوانینمان بۆ مەبەستەکانی شەریعەت کە لەسەر گشتییە سەراپا گیریەکان بنیات نراوە، ئەم دوانە بە تێڕوانینی شەرع دوو دیوی دراوێکن، لەبەر ئەوەی (مەبەستی شەرع دانەر ڕێك خستنی کاروباری گشتییە) وەك چۆن شاتبیی لە (موافقات) دا ئاماژەی پێداوە[1].

هەر کەس بگەڕێتەوە بۆ کتێبەکانی بنچینەی فیقھ دەبینێت شەرع زانەکان زۆر یاسایان لە قورئانو سونەت دەرهێناوە، بە هەموویەوە گەورەیی ئەم شەریعەتە دەنوێنن لە پیتو بەرەکەتیو گونجاویو مەبەستە گشتییەکانی بۆ هەموو بارودۆخە گۆڕاوەکان دەگونجێت، لەوانە: حاڵەتە پێویست و

---

[1] – الموافقات: للشاطبي، ط٣، ١٤١٧ – ١٩٩٧، دار المعرفة، بيروت، ٢٣٦/٣.

ناوچارکان، هۆکارن بەڕێگەدان بەکارو بارە ڕێگە پێنەدراوەکان (الضرورات تبيح المحظورات)، زیان دەبێت، لابدرێت، و بڕەوێنرێتەوە (الضرر يزال)، مرۆڤ نابێت زیان بە مرۆڤێکی دیکەی بگەیەنێت، نە لەسەر تادا نە لەسزادا، ونابێت سزای زیادەی بدات (لاضرر ولا ضِرار)، بە گوێرەی توانا زیانەکان دوور دەخرێتەوە (الضرر يدفع بقدر الإمكان)، زیان نابێت بە زیان لابرێت (الضرر لايزار بالضرر)، زیانێکی گەورە لادەدرێت بە زیانێکی بچوك (الضرر الأشد يزال بالضرر الأخف)، لە ئەستۆ گرتنی زیانێکی تایبەتی لە پێناو لادانی زیانێکی گشتی (يحتمل الضرر الخاص لدفع الضرر العام)، زیان هەمیشە پێشینەی هەیە (الضرر لا يكون قديماً) ، لابردنی زیانی لە پێشترە وەك هێنانی سود (دفع الضرر أولى من جلب النفع)، لەدوای سەختی و ناخۆشی ئاسانکاری و خۆشی دێت (المشقة تجلب التيسير)، دوور خستنەوەی و لابردنی خراپە لە پێشترە وەك هێنانی بەرژەوەندی (درو المفاسد أولى من جلب المصالح)، ئەگەر دژ یەك بوونێك هەبوو لە نێوان دوو خراپەدا ئەوەیا کە زیانی زۆرترە

لایدەبەین بە ئەنجام دانی ئەوەیان کە کەمترین زیانی هەیە(إذا تعارضت المفسدتان روعي أعظمها ضرراً بارتكاب أخفهما)، بەدەست هێنانی بەرژەوەندییەکی پێویست باشترە لە لابردنی خراپەیەکی ناپەسەند(تحصيل مصلحة الواجب أولى من دفع مفسدة مكروه)، هیچ نزیکییەك هێندەی خاوەن ماف لە پێشتر نییە بۆ پێدانی بەرژەوەندو دوو خستنەوەی خراپە بۆی (لا يقدم في أي ولاية إلا أقوم الناس بجلب مصالحها ودرء مفاسدها)، لە کاتی حوکمێکدا کەمترین خراپە لە ئەستۆ دەگرین بۆ لابدرنی خراپەیەکی گەورەتر (يحتمل أخف المفسدتين دفعا لأعظمها)، ئەوەی ڕێگە پێدراوە بۆ زیان بە گوێرەی خۆی وەری بگرەو ئەنجامی بدە (ما أبيح لضرورة يقدر بقدرها)، ئاتاجی شوێنی نیاز مەندییەکی گشتیو یان تایبەتی دەگرێتەوە (الحاجة تنزل منزلة الضرورة عامة أو خاصة)، ناهەمواری مافی خەڵکانی تر هەڵناوەشێنێتەوە (الاضطرار لا يبطل حق الغير)، هەڵسوکەوتی حاکم بەرامبەر بە بەردەستەکانی پەیوەستە بە شێوەی هاتنی بەرژەوەندییەکە ( تصرف الحاكم على الرعية

منوط بالمصلحة)، ئەگەر واجبێكو یاساغ كراوێك هاتە پێشەوە بۆ كارێك واجبەكە هەڵدەبژێردرێت (عند تعارض الواجب والمحظور یقدم الواجب)، یاساغەكان دروستەكان یاساغ ناكات (الحرام لا یحرم الحلال)، هەرشتێك بەهۆی بیانویەك دروست بووبێت بە نەمانی ئەو بیانووە هەڵدەوشێتەوە (ما جاز لعذر بطل بزواله)، ئەگەر كارێكی ڕەوا و یاساغ و ڕێگە پێدراو كۆ بونەوە دروست سەر دەكەوێت بەسەر یاساغدا (إذا إجتمع الحلال والحرام والمباح والمحرم غلب جانب الحرام)، ئەوەی لە سەرەتاوە ڕەنگە لێی خۆشبێت لە كۆتاییدا لێی خۆش ناوبێت (یغتفر في الإبتداء مالا یغتفر في الإنتهاء)، پاراستنی ئەوەی هەیە بۆ ئەوەی نەبووەكانیش بە دەست بێت (حفظ الموجود في تحصیل المفقود)، پاراستنی هەندێك باشترە لە لەدەستدای هەمووی (حفظ البحض أولى من تضیع الكل)، ئەگەر هەموویت نەكرد زۆربەی واز لێ مەهێنە (ما لا یدرك كله لا یترك جله)، نەریتو خو كاری پێ دەكرێت (العادە محكمە)، ئەو شتەی كە بەهۆی نەریتەوە ناسراوە، وەك ئەو شتە بەمەرج گیراوە وایە، كە مەرج گرتنەكەی لە سەر

**دانراوه (والمعروف عرفا كالمشروط شرطا)، کارەکان بە پێی مەبەستەکانیەتی (الأمور بمقاصدها)، دڵنیایی بە گومان لانابرێت، و ناڕەوێتەوە. (اليقين لا يزال بالشك)**[1].

**ئەگەر ئەم یاسایانە هەموویان شی بکەینەوە ئەوە درێژە دەکێشێت‌و پەرتوکەکەمان زۆر گەورە دەبێت، بۆیە ئێمە لێرەدا تەنها ئەو بنچینانە ڕاڤە دەکەین پەیوەندیان بە بابەتەکەمانەوە هەیە.**

---

[1] – يراجع: الفروق: للقرافي، وقواعد العز بن عبدالسلام، وشرح القواعد الفقهية: للعلامة أحمد الزرقا، و موسوعة القواعد الفقهية، لدكتور أبي حارث محمد صدقي.

# بنچینەی لابردنی نارەحەتی (رفع الحرج)

ئەمەش دۆزینەوەی دەرەچەیەکە لە نارەحەتی، واتە: دۆزینەوەی هۆکارە بۆ ڕزگاری، بۆ ئەوانەی کە تاوانو سزاکانیان لەسەر کەڵەکە بووە[1]، سەرچاوەی ئەم بناغەیەش لەم فەرمودەی خوای پەوەردگارەوە وەرگیراوە، دەفەرمویێت: ﴿وَجَاهِدُوا فِي اللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِ هُوَ اجْتَبَاكُمْ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ مِّلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَاهِيمَ هُوَ سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمِينَ مِن قَبْلُ وَفِي هَذَا لِيَكُونَ الرَّسُولُ شَهِيداً عَلَيْكُمْ وَتَكُونُوا شُهَدَاء عَلَى النَّاسِ فَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَاعْتَصِمُوا بِاللَّهِ هُوَ مَوْلَاكُمْ فَنِعْمَ الْمَوْلَى وَنِعْمَ النَّصِيرُ﴾[2]، واتە: غەزا بکەن و تێبکۆشن لەڕێگای خوادا بەرامبەر بە دوژمنانی دینی خوا بە غەزاو تێکۆشانێکی ڕاستەقینە، ئەو خۆی ئێوەی هەڵبژاردووە بۆ ئەم ئەرکەو کارێکی لە ئاییندا پێویست نەکردووە لەسەرتان کە نارەحەتتان بکاو نەتوانن

---

[1] – رفع الحرج في الشريعة الإسلامية (رسالة دكتوراه): يعقوب عبدالوهاب، ص ٣٥، مطبعة الجامعة/ البصرة، ١٩٨٠.

[2] – سورة الحج: آية ٧٨.

بیکەن، ئەم ئایینی خوا بەیەك زانینە ئایینی ئیبڕاهیمی باوکتانە (کە باوکە گەورەی پێغەمبەری خۆتانەو وەك باوکە گەورەی خۆتان وایە)، ئیبراهیم ناوی ئێوەی ناوە مسوڵمان بەر لەوەی قورئان ئەم ناوەتان لێبنێ و لەم قورئانەیشدا کە خوا ناردوویە بۆسەر پێغەمبەری خۆی هەر بە مسوڵمان ناوبراون، بۆ ئەوەیش ناونراون مسوڵمان تا پێغەمبەر ببێ بە شایەت بۆتان کە ئایینی خوای پێ گەیاندوون و، ئێوەیش ئەی مسوڵمانان شایەت بن بەسەر خەڵکی ترەوە کە ئێوەیش ئەو ئایینەتان گەیاندووە بە خەڵکی تر، کەواتە نوێژ بکەن و زەکات بدەن و لەهەموو کاروبارێکتاندا خوا بکەن بە پشت و پەنای خۆتان، ئەو گەورەو یارمەتیدەرتانە لە هەموو کاروبارێکدا، ئەو باشترین گەورەو باشترین یارمەتیدەری ئادەمیزادە. جگە لەم ئایەتە پیرۆزەیش ئایەتی تر هاتووە[١].

بەڵگەی سونەتی پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمودەی عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاسە دەفەرموێت: ڕۆژی

[١] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

جەژەنی قوربان پیغەمبەر (ﷺ) لەسەر بارگیرەکەی وەستابوو خەڵکان پێی دەگەشتن‌و پرسیاریان لێدەکرد، یەکێك گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) من نەمدەزانی‌و هەستم نەکرد بەردباران پێش ئاژەڵ خسەربڕینە ئاژەڵەکەم پێش بەردباران سەر بڕی؟ پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: بەردباران بکەو کێشە نییە. یەکێکی تر پێی گەیشت، وتی: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) من هەستن نەدەکرد سەر بڕین پێش سەرچاك کردنە سەرم چاك کرد پێش ئەوەی قوربانی بکەم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: قوربانی بکەو کێشەی تیا نییە، دەڵێت: ئەو ڕۆژە هەر کەس پرسیاری دەکر لەسەر شتێك لەبیری چووە یان بە نەزانی پێشی خستوە لە هەندێك کاروباریاندا پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو: بیکەو کێشەی تیا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا کردەوەکانی ئەو ڕۆژەی پێغەمبەر (ﷺ) یەکیان نەدەگرتەوە، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) ئەو دینە پاکە سپیە میهرەبانەی هێناوە بۆ چاودێری کردنی بارودۆخ‌و ڕێگە پێدانیان، ئەوەی کە کردویەتی تەنها بۆ لابردنی ناڕەحەتییە لەسەریان و، ئاسانکاری بۆ هەموو ئومەتی ئیسلام تا ڕۆژی قیامەت داناوە، چونکە ئەو

کارانەی وەك یەکن بە تێپەڕ بوونی سەردەمەکان بەهۆیی هۆسەو قەرەباڵغی زۆرەوە دەبێتە هۆی مردنی خەڵکێکی زۆر لە کاتی جی بە جێ کردنی حەجدا، بۆیە زانایان ئەم نارەحەتیەیان لەسەر خەڵك ئاسانکردووە لەکاتی بەردباران کردنی شەیتانو شتی تردا، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿یُرِیدُ اللّهُ أَن یُخَفِّفَ عَنکُمْ وَخُلِقَ الإِنسَانُ ضَعِیفاً ﴾[1] واتە: خودا ئەیەوێ باری سەرشانتان سووك بکا، بەڕاستی مرۆڤ بە لاوازوو کەم توانا دروست کراوەو ئەگەر بڕیارەکان سووك نەبن پێیان هەڵناگیرێت.

لابردنی تەنگی لایەنێکە لە بە دی هێنانی بەرژەوەندییەکانو لابردنی خراپە لە هەموو ڕوویەکی ژیانەوە، یەکێکە لە مەبەستەکانی تری شەریعەت.

---

[1] – سورة النساء: ٢٨.

## بنچینەی ئاسانکاری (قاعده التیسیر):

بەڵگەی قورئانی لەسەر ئەم یاسایە، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿يُرِيدُ اللّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلاَ يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ﴾[١]. واتە: خوا ئاسانیی ئەوێ بۆ ئێوە، وە گرانیی ناوێ بۆتان[٢].

زانای پایە بەرز ئیبنو عاشور دەڵێت: ئەمە جەخت کردنەوەیە ئەوەی لە فەرمودەی خوا هەیە بۆمان دەدەکەوێت کە دەفەرموێت: ﴿يُرِيدُ اللّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ﴾ پاشان دەفەرموێت﴿وَلاَ يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ﴾، گوزارشتی ئایەتەکە نزیکە لە دەقەکەوە ئەم ئایەتە پیرۆزەش لە خۆ دەگرێت: ﴿رَبَّنَا وَلاَ تَحْمِلْ عَلَيْنَا إِصْراً كَمَا حَمَلْتَهُ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِنَا﴾[٣] واتە: (پێمان ئەڵێ هەمیشە لەگەڵ نزای خۆتانا بڵێن): ئەی

---

[١] – سورة البقرة: آية ١٨٥.

[٢] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

[٣] – سورة البقرة: آية ٢٨٦.

پەروەردگارمان باری قورسمان لەسەر دامەنێ، وەك دات ناوە لەسەر ئەوانەی پێش ئێمە[1].

وە خوا پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَلاَ تحَمِّلْنَا مَا لاَ طَاقَةَ لَنَا بِهِ﴾[2]. واتە: خوایە بەڵای وامان بەسەرا مەدە کە بۆمان هەڵ نەگیرێ. ئایەتانی دیکەش[3].

بەڵگەی سونەتی پێغەمبەر (ﷺ): عائیشە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەگەر سەر پشك بکرایە لەنێوان دوو هەڵبژاردەدا ئاسانەکەیانی دەکرد، ئەگەر یاساغ نەبووبێت، بەڵام ئەگەر تاوان بوبێت ئەوە لە هەموو کەس زیاتر لێی دوور دەکەوتەوە وە هەمیشە نێوەندی دەگرت لە کارەکانیدا خوداش وای بۆ دەڕەخساند، هەرگیز پێغەمبەری خود (ﷺ)

---

[1] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

[2] – سورة البقرة: آية ٢٨٦.

[3] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

تۆڵەی بۆ خۆی وەرنەگرتوە مەگەر قەدەغەکراوێکیان بکردایە ئەوجا تۆڵەی دەسەند[1].

ئەبی هورەیرە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: دین خودا ئاسانە، هیك کەسێك دینی لەسەر خۆی زۆر گران‌و نارەحەت نەکردووە توشی خراپە بووە کورت بڕو مژدە بەخشن بن، پشت بەستن بە سەرەتا و کۆتایی رۆژ و بەشێکیش لە شەو بۆیادو زکری پەروەردگار)[2].

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (من بۆ دینی پاکی حەنەفیەت‌و میهرەبانی نێراوم) وە دەفەرموێت: (ﷺ): (ئەو کارانەی لەسەرتانەو تواناتان هەیە بە سەریاندا ئەنجامی بدەن)، وە دەفەرموێت (ﷺ): ( دین ئاسانەو گران‌و نارەحەت نییە) وە کاتێك مەعازی کوڕی جەبەلی نارد بۆ یەمەن پێی فەرموو: (کار ئاسان بکەن‌و نارەحەتی مەکەن).

---

[1] – مختصر صحيح مسلم، ص١٧٢، رقم الحديث (١٥٤٦) بتحقيق الألباني.

[2] – البخاري – كتاب الإيمان، باب الإيمان، باب الدين يسر.

ئیبن‌و عاشور دەڵێت: نمونەی ئەم بەدوادا چووانە توێژەر دەست کراوە دەبێت لەمیانەی مەبەستەکانی شەرعی‌و دەڵێت: مەبەسەتەکانی شەریعەت ئاسانکارییە، لەبەر ئەوەی بەڵگەی بەردەستی دوبارە هەیە لەسەر سەراپاگیری، هەموو بەڵگەکانیش یەکلاکەرەوەن‌و شەرع دانەر دایناوە، چونکە بەڵگەکانی قورئان‌و دەقەکانیش یەکلایی کەرەوەن[١].

ئەم ئاسانکاریەشە ئەوەی لەسەر ڕۆژووەوانان ئاسان کردووە – بۆنمونە- ئەگەر ڕۆژوەکەیان ببێتە مایە ناڕەحەتکردنیان بەهۆی قورسی لەسەریان دەتوانن بیشکێنن، وەك: نەخۆشی و ڕێبوارو پیاوی بەتەمەن‌و پیری بێ هێزو دوو گیان‌و ئافرەتی شیربدات بارودۆخە ماندوکەرە تەنگانە زۆرەکان[٢].

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضاً أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ وَعَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ

---

[١] – مقاصد الشريعة الإسلامية، ص٣٩.

[٢] – الجامع لأحكام القرآن: للقرطبي، ٢/٢٨٨، ط٣، عن دار الكتب المصرية، ١٣٨٧ – ١٩٦٧.

مِسْكِينٍ﴾[1]. واتە: ئینجا هەرکەسێك لە ئێوە نەخۆش، یا لەسەر سەفەر بوو (وە بەڕۆژوو نەبوو) با قەزای بکاتەوە لە ڕۆژانی ترا، پێویستە لەسەر ئەوانەی کە ناتوانن بەڕۆژووبن (و بەرۆژوو نابن) بریتیی لە پێدانی ژەمە خۆراکێك بە کەسێکی هەژار[2].

## بنچینەی پلە بەندی (قاعدە تدرج)

ئیسلام هاتو ڕوو بەڕوی نەفامی نەفامەکانی مەککە بویەوە کە خەڵك ئەو ڕۆژە پێوەی دەناڵاند، عەرەب زۆر هۆگری ئەو دەستکەوتانەی بۆیان دەمایەوە و تاوانەکانییان بوون، زۆر ئەستەم بوو بە یەك جار ئەم ڕەگو ڕیشە نەمافییە لەدڵی ئەو گەلەدا هەڵبکێشرێت، بۆیە بە یاسای پلە بەندی دەستی کرد بە پیادەکردنی حوکمەکانی پەروەردگار، دابەزینی قورئان زۆر شارەزایانەو بە نەرمی دابەزییە سەر بەندەکان، ڕەچاوی بارو دۆخو دەرونو وابەستەییەکانی ژیانیانی دەکردن، یاساغ کردنی

[1] – سورة البقرة: آية ١٨٤.

[2] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

عارەق ئەم پلە بەندییە بەخۆیەوە بینی، بەهەمان شێوە نوێژو ڕۆژو حەجو جیهاد ئەم پلەبەندیەیان بەخۆیانەوە بینی، ئەمە بۆ ڕەچاو کردنی سونەنی ژیان بوو بۆ ئەو بارو دۆخەی ئەو خەڵکە لەسەری هۆگری بونو ڕاهاتبوون پێیەوە، پاشان گرتنە بەری ئەم ڕێو شوێنانە ئێستا ئاماداکاریی تەواویان تیا دروست بووە بۆ وەرگرتنی حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامی.

ئەم بنەمایە گشتگیرە لە هەموو کۆمەڵەگە مرۆڤایەتیدا تا ڕۆژی قیامەت بەردەوام دەبێت، بەڵکو لە هەموو گەردونیشدا بەهەمان شێوەیە، بازدان بەسەر پلەیەکدا تیاچوونە، دەبێت بونەوەر لە رەوشتی خۆیەوە بڕوات بۆ سونەنی خودای پەروەردگار﴿فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفاً فِطْرَةَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴾[١]. واتە: دەی ڕووی خۆت ڕاست بکە بۆ ئاینی ئیسلام بە حاڵێ کە لابدەی لە هەموو کارێکی بەتاڵ، لەسەر ئەو فیترەتە پاکەی خوا مەخلوقی لەسەر دروست کردووە، کەس

---

[١] – سورة الروم: آية ٣٠.

ناتوانێت ئەوەی خوا کردی بیگۆڕێ، ئەمەیە ئاینی ڕاست، بەڵام بەشی زۆری خەڵك نازانن[1].

بەڕاستی شەریعەتی ئیسلامی ڕەنگدانەوەی ناوە پیرۆزەکانی خوای پەروەردگارە لە بوندا، بەتایبەت ناوی (الحکیم) بە یاسای دروست ڕازییەو بێ یاسایی ڕەد دەکاتەوە، زۆر جەخت دەکاتەوە لەسەر پلەبەندی (التدرج)ی کارەکان، یاساو پلەبەندی بنەمای بونی گشتی دروست بوونن، هەر دەرچونێك لەم یاسایە واتە چوونە ناو خراپەو گەندەڵی، ئەمە دەرچونێکی ڕوونە لە فێرکارییەکانی قورئانی پیرۆزو سونەتی مەزن، قورئان گەردونێکی خوێندراوەیەو سونەتیش جێ بە جێ کردنی قورئانە لە ژیانی کردەییدا، گەردون ئەوەی کۆمەڵگەی تیایە گەردونێکی ڕێکخراوە لە گۆڕەپانی ژیانیدا یاسا گەردونیەکانو دەخوێنرێنەوەو جێ بەجێ دەکرێن لەسەری، لە چوار چێوەی ئەم یاساو سونەتە پلە بەندیەدا ژیان لە گەردوند و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەردەوامە.

---

[1] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

# بنچینەی لابردنی زیان (رفع الضرر)

بەڵگەی لابردنی زیان لە قورئانی پیرۆزدا، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاء فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ سَرِّحُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ وَلاَ تُمْسِكُوهُنَّ ضِرَاراً لَّتَعْتَدُواْ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ وَلاَ تَتَّخِذُوَاْ آيَاتِ اللّهِ هُزُواً وَاذْكُرُواْ نِعْمَتَ اللّهِ عَلَيْكُمْ وَمَا أَنزَلَ عَلَيْكُمْ مِّنَ الْكِتَابِ وَالْحِكْمَةِ يَعِظُكُم بِهِ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾[1]. واتە: کاتێك ژنتان تەڵاقداو گەیشتن بە ئاخرو ئۆخری عیددەیان، یا بیان هێڵنەوە بدەنەوە بە خۆشیی، یا بەباشی بیان نێرنەوە، مەیان هێڵنەوە، بەئێش‌و ئازارەوە بۆ ئەوەی ستەمیان لێ بکەن، هەرکەسێك کاری وا بکات ئەوە ستەم لە خۆی ئەکات، وە گاڵتە بە فەرموودەکانی خوا مەکەن، وە یادی چاکەی خوا بکەن لەگەڵتاناو ئەوەی کە بەسەریان ڕشتوون لە قورئان‌و

---

[1] – سورة البقرة: آية ٢٣١.

فەرموودەی بەجێ، وە لە خوا بترسن وە بزانن کە خوا بە هەمووشت دانایە[1].

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلاَدَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ لِمَنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ وَعلَى الْمَوْلُودِ لَهُ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ لاَ تُكَلَّفُ نَفْسٌ إِلاَّ وُسْعَهَا لاَ تُضَآرَّ وَالِدَةٌ بِوَلَدِهَا وَلاَ مَوْلُودٌ لَّهُ بِوَلَدِهِ وَعَلَى الْوَارِثِ مِثْلُ ذَلِكَ فَإِنْ أَرَادَا فِصَالاً عَن تَرَاضٍ مِّنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِمَا وَإِنْ أَرَدتُّمْ أَن تَسْتَرْضِعُواْ أَوْلاَدَكُمْ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِذَا سَلَّمْتُم مَّا آتَيْتُم بِالْمَعْرُوفِ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾[2]. واتە: دایکەکان شیر ئەدەن بە منداڵەکانیان دوو ساڵی تەواون (ئەمە) بۆ کەسێکە کە بیێبەری شیری تەواو بدات، وە لەسەر باوکی منداڵەکەیە ڕۆزییو کاڵای دایکەکان بە باشیی، هیچ کەسێك لە تەوانای خۆی زیاتر داوای لێناکریێ، با زییان نەگەیەندریێ بە هیچ دایکێك بە هۆی منداڵەکەیەوە، وە بەهیچ

---

[1] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

[2] – سورة البقرة: آية ٢٣٣.

باوکێك بە هۆی مناڵەکەیەوە، وە (ئەگەر باوکەکە مرد) لەسەر کەلەپوورگرە مانەندی ئەوە (ی پێشوو)، ئینجا ئەگەر ویستیان بیبڕنەوە (لە پێش دوو ساڵەکەدا) بە ڕەزامەندیی‌و ڕاوێژی هەردولایەکیان، گوناهیان ناگات، ئەگەر ئەوەی بۆتان داناوون بە خۆشیی بیاندەنێ، وە لە خوا بترسن‌و بزانن کە خوا ئاگادارە بەوەی کە ئەیکەن[١].

خوای پەروەردگار لە ئایەتی میراتدا دەڵێت: ﴿غَيْرَ مُضَآرٍّ﴾[٢].

لەگەڵ ئەم ئایەتانەی هەر یەکەیان لە سیاقی خۆیدا بۆ حوکمێکی تایبەتی خۆی هاتووە، بەڵام بەگشتی دەمێنێتەوە هەموو زیانەکان دەگرێتەوە مرۆڤ بۆ هەر کارێك لە کارەکانی

---

[١] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

[٢] – سورة النساء: آية ١٢.

ژیانی تاك‌و كۆمەڵگە دەتوانێت بەكاری بهێنێت‌و كاری پێ بكات[1].

ئەمەش بە پشت بەستن بە فەرمودەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) (لاچرر ولا چرار)[2]، لێرەوە شەرع زانەكان یاسای (زیان پێگەیاند لادەبرێت) لێرەوە ئەوەی لێ جیا دەبێتەوە هەوڵی هەڵبژاردنی سوكترین زیان بدەین، وەك هەڵبژاردنی زیانی تاك بۆ دوور خستنەوەی زیانی گشتی، واتای ئەمە ئەوەیە بەرژەوندی كۆمەڵ پێش دەخرێت بەسەر بەرژەوەندی تاكدا، بە شێوەیەكی گشتی (لابردنی دوو زیان بە هەڵبژاردنی ئاسانەكەیان).

زانایانی ئوصولی بە ڕونی باسی ئەم بابەتەیان كردووە، لەوانە پێشەوا ئیبن‌و تەیمییە، دەفەرموێت: پێویستە ئیماندار شێوەی هەموو ڕوداوە خراپەكان و پلەكانیان لە قورئان‌و سوننەتدا بزانێت، وەك چۆن دەبێت دەستكەوتەكان‌و پلەكانی لە

[1] – الجامع لأحكام القرىن: ٥/ ٨٠.

[2] – جامع علوم والحكم: لابن رجب الحنبلي، ص ٥٦٢.

قورئانو سونەتدا بزانێت، جیاوازی بکات لە نێوان حوکمەکانی واقیعی بونەوەرو ئەوەشی باسکراوە ڕوو دەدات لە قورئانو سوننەتدا، بۆ ئەوەی زۆرتین چاکەی بەرکەوێتو کەمترین زیانی پێ بگات بەو شێوەیەی گەورەترین زیانو خراپ لە خۆی دور بخاتەوە و بچوکترینیان هەڵبژێرێت، وە گەورەترین چاکەی توش بێت بە لە دەست دانی چاکە کەمەکە[1].

پاشان بنچینەی زیان پێ نەگەیاندنی لێ دروست دەبێت، ئەویش ئەوەیە زۆر بەکاربهێنیت بۆ دەست خستنی مافەکان. شەریعەت هەر مافێك بێت ڕایدەگرێت ئەگەر بەکار هێنانی ببێتە زیان بۆ کەسانی تر، بۆ ئەمەش نمونە زۆرە لە کردەوەکانی پێغەمبەر (ﷺ) و خەلیفەکانی ڕاشیدین (رعن)، لەوانەش: مالك بە سەنەدەکەی کە (ضحاك)ی کوری خەلیفە جۆگەلەیەکی بچوکی پێویستب و بۆ ئاودێران، دەیوست بە زەوی (محمد ی کوڕی مەسلەمە)دا بیبات، ئەویش نەیدەهێشت، زەحاك پێی وت: بۆ ڕێگری دەکەیت، خۆ سودی بۆ تۆش هەیە

[1] – جامع الرسائل: ٢/ ٣٠٥

!؟ لێی دەخۆیتەوەو یان قازانجت پێ دەگەیەنێت ، هیچ زیانی بۆت نییە؟ محمد ڕێگری لێدەکرد، زەحاك ئەمەی بۆ عمری کوڕی خەتتاب باسکرد، عومەری کوڕی خەتتابیش محمدی کوڕی مەسلەمەی بانگکرد، فەرمانی پێ کرد ئاوەکە لەوێوە ببات، محمد وتی: نایەڵم، عومەر وتی: سوێند بەخودا ئەگەر پێویست بکات بەسەر ورگیشدا بێت دەبێت بڕوات، پێشەوا عومەر فەرمانی کرد بە لێدانی جۆگەکە، زەحاکیش ئەو کارەی کرد[١].

## بنچینەی ڕێگە گرتن و ڕێگە پێدان (سد الذرائع)

(الذريعة) لە زمانەوانیدا بە مانای هۆکار دێت[٢].

(ذرائع) لە زاراوەی زانایاندا بە مانای گرتنە بەری ئەو هۆکارە ڕێگە پێدراوانە دەوترێت ئەگەر بەردەوام بێت لەسەری دەڕوات بۆ ئەنجام دانی یاساغێك، ڕێگری لە هۆکار (سد ذائع)

---

[١] – المنتقي على الموطأ نقلاً عن التعسف في إستعمال الحق: للدكتور فتحي الدريني، مؤسسة الرسالة، بيروت، ط٢، ١٣٩٧ – ١٩٧٧، ص ٣٦١.

[٢] – مختار الصحاح، مادة (ذرع).

واتا ڕێگری له بهكار هێنانی ئهو ڕێگه پێدراوانهیه خاوهنهكهی بهرهو ئهوه دهبات بكهوێته ناو یاساغێك (حرام)هوه، بهرامبهر ڕێگری له هۆكارهكان (فتح الذرائع) ههیه واته: كردنهوهی ڕێگری بهرامبهر (سد الذرائع)ه واتا: دهست گرتن به هۆكارێكی باشتر چی بهرژهوهندی تێدابێت.

نموهی یهكهم: ﴿وَلاَ تَسُبُّواْ الَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ اللّهِ فَيَسُبُّواْ اللّهَ عَدْواً بِغَيْرِ عِلْمٍ كَذَلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمْ ثُمَّ إِلَى رَبِّهِم مَّرْجِعُهُمْ فَيُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ﴾[1]. واته: جنێو مهدهن بهوانهی كافرهكان ئهیانپهرستنو، به خراپ ناویان مهبهنو قسهی ناشیرینیان پێ مهڵێن، ئهگهرچی پهرستنی ئهوانه كارێكی زۆر ناشیرینه، نهبادا ئهوانیش به نهزانیو نهفامی جنێو به خودای گهوره بدهن، بهڵێ ئاوهها كردهوهی ههر ئوممهتێ لهبهرچاویان جوان ئهكهینو لایان پهسهنده، بهڵام له پاشاندا بۆ

---

[1] – سورة الأنعام: آية ١٠٨.

لای خودای خۆیان ئەگەڕێنەوەو هەرچییان لە دونیادا کردووە پێیان ئەڵێت‌و ئاگاداریان ئەکات‌و پاداشتی خۆیان وەرئەگرن[١].

نمونەی دووەم: دروستی پێدانی سامان بە دووژمنێکی بەجەنگ هاتوو لەگەڵتدا بەرامبەر ئازاد کردنی بەندکراوە موسوڵمانەکان، لەگەڵ ئەوەشدا پێدانی ئەو سامان‌و پارەیە پێیان ڕێگە پێنەدراوە، چونکە دەبێتە هۆی دەوڵەمەند بوونیان[٢].

هەروەها ئەگەر بێ باوەڕان وڵاتی ئیسلامیان داگیرکرد، موسوڵمانەکان نەیان دەتوای بڕۆنە دەرەوە لەماڵەکانیان لەو کاتەدا دروستە بۆ دادوەرو فەرمانبەران بەکار کردن لە دام‌و دەزگاکانی دەوڵەتدا ڕازیبن، چونکە واز لێ هێنانی سەر دەکێشێت بۆ خراپەیەکی گەورەتر، لەبەر ئەمەبوو پێشەوا عزالدین عبدالسلام فتوای دا بە ڕازی بوون بەکارکردن لەو

---

[١] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

[٢] – مفهوم الفقه الإسلامية: نظام الدين عبدالحميد، ط١، مؤسسة الرسالة، بيروت، ص ٢٣١ وما بعدها.

کاتانەدا، دەڵێت: ( ئەگەر بێ باوەڕان دەستیان گرت بەسەر هەرێمێکی گەورە دادەوەرەکان دەبێت ئەو کارە بکەن کە لەبەرژەوەندی گشتی موسوڵمانانە، ئەگەر دەرکەوت جێ بە جێ کردنی هەر کارێك دەبێتە هۆی بەرژەوەندی گشتیو لابردنو دروخستنەوەی خراپەی سەراپاگیری بۆ موسوڵمانان دەبێت بیکات، کەواتە ئەگەر دوور بکەوێتەوە لە میهرەبانی شەرع و ڕەچاوی بەرژەوەندی بەندەکان نەکات ئەوکاتە بەرژەوەندی گشتی دەوەستێنێت لە پێناو هەڵگرتنو ئەوە خراپەیەکی سەراپاگیریمان هێناوەتە گۆڕێوە)[١].

وە ڕێگە پێنەدانی پێغەمبەر (ﷺ) لە کوشتنی دوو ڕووەکان بۆ گرتنە بەری ڕێگری لە هۆکار بو.

پێشەوا ئیبنو قەییم دەڵێت: ئامرازی ڕێگە لێگرتنو ڕێگە پێدان (سد ذرائع) یەکێکە لە چوار یەکی ئەرکە دانراوەکان، چونکە بریتییە لەفەرمانو ڕێگرلێکردن، فەرمانیش دوودجۆرە:

---

[١] – قواعد الأحكام: ص ٥٨.

یەکێکیان تایبەتە بەخۆی، دووەمیان هۆکارە بۆ مەبەستەکە، ڕێگری دوو جۆرە: یەکەمیان ئەوەیە کە خۆی خراپو یاساغە، دووەمیان: ئەوەیە هۆکارێك بێت بۆ خراپ بونی ئەو کارە.

بەهۆی بەهێزی ڕێگری هۆکارەکان (سد الذرائع) بە مەبەستەکانی شەریعەت پێشەوامالیك بە بنەمایەکی سەربەخۆیی داناوە و زیاتریش لەوە سەیری دەکات، چونکە ئەم بنەمایە پەیوەندی بە مەبەستەکانی شەریعەتەوە هەیە، لەبەر ئەوەی هەڵدەستێت بە یەك لایی کردنەوەی هۆکارە خراپەکانو لایان دەبات، ئەمەش مەبەستی شەریعەتە، ئەگەر کارێکی باش هۆکاربێت بۆ خراپ کردنی کارێك ئەوە ئەو کارە بە خراپ ناودەبات، بە لابردنیشی ئەوە بەرژەوەندییە ئەمە مەبەستی شەریعەتە[١].

---

[١] – مقاصد الريعة عند الإمام مالك.

# بنچینەی سەر ئەنجامی لەکارەکان:

سەیر کردنی سەر ئەنجامی حوکمە شەرعییەکان زۆر گرنگە، چونکە ئەو حوکمانە هاتووە بۆ هێنانە دی بەرژەوەندی بەندەکان، ئەگەر جێ بە جێ کردنی کارێك لە سەردەمێکی دیاری کراودا ببێت بەهۆی خراپەکاری، ئەوکاتە شەرع زانی شارەزا دەبێت ئەو حوکمە بوەستێنێت، گەر چی ئەو کارە ڕێگە پێدراویش بێت، ئەگەر ڕێگری لێکردنی بەرژەوەندی تیابوو دەبێت بوەستێنرێت.

لە بەدوادا چوون لە هەڵسوکەوتی پێغەمبەر (ﷺ) و خەلیفەکانی ڕاشیدین بەڵگەی زۆر ڕونو دیاریان تیایە لەسەر ئەم بابەتە، هەر لەسەر ئەو بنەمایانەش بوو ئوصولییەکان فتواو تێڕوانینی سەر ئەنجامی کارەکانیان داناوە[1].

---

[1] – إعلام الموقعين عن رب العالمين: ٣/ ٢٠٥.

بەڵگەی قورئانی لەسەر ئەم بابەتە، خوای پەروەدگار دەفەرمویٚت: ﴿وَلاَ تَسُبُّواْ الَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ اللّهِ فَيَسُبُّواْ اللّهَ عَدْواً بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾[1].

واتە: جنێو مەدەن بەوانەی کافرەکان ئەیانپەرستن‌و، بە خراپ ناویان مەبەن‌و قسەی ناشیرینیان پێ مەڵێن، ئەگەرچی پەرستنی ئەوانە کارێکی زۆر ناشیرینە، نەبادا ئەوانیش بە نەزانی‌و نەفامی جنێو بە خودای گەورە بدەن[2].

بەڵگەی سوننەت: فەرمودەی پێغەمبەری خودایە (ﷺ) بۆ عومەری کوڕی خەتاب کاتێك عەبدوڵڵای کوڕی سەلول وتی: سوێند بەخودا ئەگەر گەڕاینەوە مەدینە سەربەرزەکانمان سەر شۆڕش‌و ڕیسواکان دەر دەکەین –مەبەستی پێغەمبەر بوو

---

[1] – سورة الأنعام: آية ١٠٨.

[2] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

(ﷺ)- فەرموی: مەیکوژن بۆ ئەوەی خەڵکی نەڵێن محمد هاوەڵەکانی خۆی دەکوژێت[1].

کاتێك عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بوو بە خەلیفە، لە زۆربەی حوکمەکاندا زۆر خاوی‌و لەسەرخۆی جێ بە جێی دەکرد لەترسی ئەوەی خەڵك لێیان ڕانەکەن‌و لەبەر ئەوە لێیان تێناگەن، ببێتە هۆی ئاژاوەو دووبەرەکی لە نێویاندا، کوڕەکەی عەبدلمالك پێی وت: بۆ حوکمەکان جێ بەجێ ناکەیت، عومەر پێی وت: پەلە مەکە کوڕم خودای پەروەردگار لەقورئانی پیرۆزدا دوو جار باسی خراپ عارەقی کردو بۆ جاری سێیەم یاساغی کرد، من دەترسم ئەگەر هەموو ڕاستییەکان بدەم بەسەر خەڵکەکەدا بە یەك جار فڕەی بدەن، ئەوکات ئاژاوە پەیدا دەبێت)[2].

پێشەوا ئیبن‌و تەیمییە دەفەرموێت: ( ئەگەر بتەوێت حوکمێکی شەرعی بۆ کەسێك پرسیار بکات یان چاوەڕوانت بێت

---

[1] – رواه البخاري، رقم ١٩٠٥ن، ص ١٠٧٠.

[2] – الموافقات: ٢/ ٧١.

ئەبێت بزانیت ئایا ڕێگە پێدراوە یان یاساغە، پاشان دێیت سەیری خراپەو بەرهەمو مەبەستەکەیی دەیکات، ئەگەر وتەی لەپێشینە ئەوەبوو کە بە خراپە هەمووی بینی، ئەوکات دروستە بۆ شەرع دانەر فەرمان بکات بە لابردنی یان ڕێگە پێدانی.... ئەگەر ئەو کارەش جێگەی رەزامەندی خواو پێغەمبەریش نەبێت) [1].

شاتبی دەڵێت: ( ئەگەر سەیر کردنی سەر ئەنجامی کارەکانی جێگەی بایەخە و مەبەستی شەریعەتە ئایا ئەو کارانە پێکەو دەسازێن یان ناکۆکن پێکەوە، لەبەر ئەمەیە موجتەهید ناتوانێت هیچ حوکمێك دەربکات لەسەر ئەنجامدانی کارێك لەلایەن موکەلەفەوە نە بە پێشنیارکردن وە نە بە سەپاندنی تەنها مەگەر دوای تێڕوانینێکی زۆر بۆ ئەوە کارەی ماناکەی لادراوە (یؤول) بەرژەوەندییەوە لادراوە بۆی یان بەهۆی هێنانی دور خستنەوەیی خراپەیەکەوەیە، بەڵام سەر ئەنجامێك بۆ ئەوە دەست دەکەوێت پێچەوانەی مەبەستی چاوەڕوان کراو، زۆر جار

[1] – الفتاوی: ١/١٧٥.

دەگونجێت ئەو کارە نادروستە یان بەهۆی ئەوەوەیە خراپە بڵاو دەکاتەوە یان بەرژەوەندی تیایەو لای دەدات، بەڵام سەر ئەنجامی پێچەوانەی ئەوەیە کە وتمان، ئەگەر سەرەتای باسی دروست بونیمان کرد، ئەوە لەوانەیە ئەو بەرژەوەندییە سەر بکێشێت بۆ کێش کردنی بەرژەوەندییەك بۆ خراپەو یەکسان بێتەوە لەگەڵ بەرەژدەوەندییەکە یان لەو زیاتر بێت، ئەمەش بە هەموو شێوەیەك ڕێگە پێنەدراوە، یان وتەکەمان وابێت دان بەدووەمیاندا بنێین بڵێین دروست نییە لەوانەیە ئەو خراپەیە لەگەڵ خراپەیەکی تردا یەکسان بێت یان زیاتربێت، بە هەموو شێوەیەك دروست نیە بە نادروستیش باسی ئەم بابەتە بکەیت چونکە ئەمە بواری موجتەهیدەو زۆر گرانیشە، مەگەر هەست بە چێژی کۆتایی کارەکە بە باشی بکات، بە پێی مەبەستەکانی شەریعەت بەڕێوە بچێت)[1].

شاتی دەڵێت: (ڕێك خستنی ئەم کارەیە ئەوەیە کاتێك بابەتێك دێتە پێشەوە بە پێوەری شەریعە دەیپێویت ئەگەر

---

[1] – الموافقات: ٤/ ١٩٨.

هاتەوە لەگەڵیدا سەیری سەر ئەنجامەکەی دەکەیت لەسەر بارودۆخو قابیلیەتی بوونی، ئەگەر دەرکەوت باسکردنی نابێتە هۆی خراپە لە ئاوەزتدا، ئەگەر وەرت گرت پێویستە لەسەری بدوێیت یان بە گشتی یان بەتایبەتی، ئەگەر گونجاو نەبوو بۆ گشتی، ئەگەر ئەو بابەتە نەدەبوو بەدارێژراوەوە (مساغ) ئەوە بێ دەنگ بوون لێی باشترە، چونکە ئەوە بە یاسای بەرژەوەندی شەرعیو ئاوەز بەڕێوەدەچێت)[1].

پاشان (شاتبی) بە لگەی ئوصولی لەقورئانیو سونەتی پێغەمبەر ئەوەی لەسەری بێت هێناویەتی، بەشێوەیەك خوێنەر بێزار نابێت بە خوێندنەوەی، هەرکەس دەیەوێت زیاتر وەرگرێت دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوەی، چونکە بەڕاستی سودی زۆر گەورەی تیایە، وە بەتایبەتی بۆ ئەوەی زیاتر قاڵ بێتەوە بۆ ئەو ڕوداوانەی لە سەردەمی ئێستا دا ڕوودەدەن.

---

[1] – الموافقات: ٤/ ١٩٤.

کۆی وتە ئەوەیە تێڕوانین لە سەر ئەنجامی کارەکان هەمیشە پێویستی بە توێژینەوەیەکی پێشهات و سەراپاگیری قوڵو تێگەیشتنی دروست هەیە، پاش ئەمانە دەتوانی حوکمی شەرعی گونجاو دەر بهێنیت بۆ ئەوەی بێتەوە لەگەڵ ئەو ڕوداوو پێشهاتانەی دروست دەبن.

## بەشی پێنجەم

## گواستنەوەی ڕوداو گەلێك لە نیگای ڕونەوە بۆ سیاسەتی شەرعی (بەلاغولوبین)

**بۆ سیاسەتی شەرعی لە ژێر ڕۆشنایی مەبەستەکانی لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ):**

ئەم ئیجتیهادانە لەسەر ئەوە دامەزراون پێغەمبەری خودا (ﷺ) لەژێر ڕوناکی نوری پێغەمبەرێتی کردویەتی، لەکاتی هەر ڕووداو پێشهاتێك دەقەکان دابەزیون بۆی، ئەمە لەسەر بۆچونی هەموو ئەهلی سونەتەو مەزهەبی مالیكو شافعیو ئەحمەدو حەنەفیەکانە، وە کۆمەڵێکیش لە موعتەزیلەکان وەك قازی عبدالجبار و ئەبو لحوسەینی بەصری[١].

لە کاتێکدا خودای پەوەردگار پێغەمبەری بە ڕێنمونی کار ناردو ئاینێکی ڕەوای هێنا، نە ڕوو بەڕووی قوڕەیش بوەیە وە

[١] – فقه مقاصد الشريعة في تنزيل الأحكام، فوزي بالثابت، ط١، ١٤٣٢ – ٢٠١١، مؤسسة الرسالة.

بانگەوازەکەشی ئاشکرا نەکرد، بەڵکو وای بە باش زانی لەم هەنگاوەدا تەنها بانگەوازی خانەوادەکەیی‌و نزیەکانی بکات، پەنای بردە بەر بانگەوازی نهێنی بۆماوەی سێ ساڵ، هەندێك لە ئازاد و کۆیلەکان بڕوایان پێ هێناو موسوڵمان بوون، لە ماڵی ئەرقەمی کوڕی ئەبی ئەرقەم یان لە دۆڵ‌و شیوەکانی مەککە لە گەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) خودا پەرستیان دەکرد، دوور لە چاوی سەرانی ستەمکاری قوڕەیش، لەگەڵ گرتنە بەری ڕێو شوێنێکی ئاسایشیی توندو ورد بە هۆی پەروەردەکردنی خوداییەوە، بۆ ئەوەی ئەم گەلە بنیات بنێت لە پێناو دروستکردنی ئومەت‌و ئاوەدان کردنەوەی زەوی‌و تێکۆشان لە پێناویدا.

پێغەمبەری خودا (ﷺ) نهێنی‌و بنچ‌و بناوانی ژیان‌و کۆمەڵگە شارەزا بوو، توشی هیچ بەر یەك کەوتنێك نەبوو لەگەڵیدا، بەڵکو زۆربەی بەکار هێناو پشتی بە هەندێکیانی بەست بۆ سەرکەوت بەسەر ئەوبەشەی ترا لەم کاتەدا هەموو شتێك کەوتە نێو دەستی بۆیە بانگەوازو شەریعەتەکەی ئاشکراکرد.

کاتێك سەرکەوت بەسەر ڕوداوەکانی دەورو بەریداو بەکاری هێناو پشتی بە هەندێکی بەست بۆ سەرکەوت بەسەر بەشەکەی تریدا لەم کاتەدا بانگەوازی شەریعەتەکەی ئاشکرا کرد، ئەوکاتەیە خودای پەوەردگار بەم شێوەیە پێی فەرموو بانگەوازەکەت ئاشکرا بکە، دەفەرموێت: ﴿وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ﴾[1]، واتە: خزمە نزیکەکانت بترسێنە لە سزای خوا[2].

یان بە فەمودەی پەروەردگار: ﴿قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعاً الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ لا إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ يُحْيِـي وَيُمِيتُ فَآمِنُواْ بِاللّهِ وَرَسُولِهِ النَّبِيِّ الأُمِّيِّ الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللّهِ وَكَلِمَاتِهِ وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾[3]. واتە: ئەی پێغەمبەر(ﷺ)! تۆ بە بەرەی ئادەمیزاد بڵێ من پێغەمبەرو فروستادەی خودام بۆ سەر ئێوە هەمووتان، ئەو خودایەی هەرچی ئاسمان و ئەرزەو هەرچییان تێدایە، هەمووی موڵکی ئەوەو کەس بە ڕاستی

---

[1] – سورة الشعراء: آية ٢١٤.

[2] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

[3] – سورة الأعراف: آية ١٥٨.

عیبادەتی بۆ ناکرێ! ئەو نەبێ، مردوو زیندوو ئەکاتەوەو زیندوو ئەمرێنێ، کەواتە ئیمان بێنن بە خوداو بەو فروستادەی کە پێغەمبەرێکی نەخوێندەواری وایە باوەڕی بە خوداو ووشە گەلەکانی خودا هەیە، کە کتێبە ئاسمانییەکانن، دوای بکەونو پەیڕەوی ئامۆژگارییەکانی بکەن، بەڵکو شارەزا ببنو بکەونە سەر ڕێگای ڕاست[١].

لە کاتی پەیدا بونی ئیمانێکی زۆر بەهێز و ئامادەکاری تۆکمەو یەك ریزییەکی باش ئاینەکەی ئاشکرای کرد، دەرونەکان ئامادەکاریان هەبوو بە گیانوماڵو منداڵەکانیان قوربانی بدەن، موسوڵمانان توشی چەندین تاقی کردنەوەو ناهەموارای بوونەوە، شاخەکان بە دەنگی ئازاریانەوە ڕاچڵەکی، خوێنیان ڕێژان، ماڵو سەروەتەکانیان بردن، لە ڕۆڵو پێگەکانیان دەریان کردن، بەتەواوی هەموو جۆرە پەیوەندییەکیان لەگەڵیان پچڕین.

---

[١] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

لەگەڵ ئەمەشدا بەدرێژی سەردەمی مەککە هیچ بەگژا چونەوەیەکیان لەگەڵیان نەکرد، سەرە ڕای ئەو هەموو سزادانە تەنها بەقورئان ئاگاداری دەکردنەوە باگەوازەکەی بڵاو دەکردەوە، ئەوەش لە میهرەبانی خودا بو بەسەریانەوە تێکۆشانی چەکداری لەسەریان بە ئەرك دانەنا، چونکە ئەوان کەمێك بوون لەنێو گەلێکی ستەمکاری زۆرو زەبەندا، بەڵکو هیچ خراپەیەکان بەرامبەر بە پەیکەرو بتەکانیان نەکرد، ئەگەر بیان کردایە هەموویانیان لەناو دەبرد کەسێك نەدەما دین ڕاگیر بکات، بەم کارەشیان پێچەوانەی سونەنی جێگیر بوون دە جوڵانەوە —دور لەوان- واتە ئەوان پێچەوانەی سونەنی خوداش لەگەردوندا بونەوە، ئەوەی پێچەوانەی ئەو سونەتانە بێتەوە بێ بەش دەبێت لە سەرکەوتنو بەتەوای لەناو دەچێت، چونکە گوێڕایەلی ئەو سونەنانە گوێڕایەڵی خوای پەروەردگارە.

موسوڵمانەکان فەرمان دارن بەوەی شوێنی پێغەمبەرەکەیان (ﷺ) بکەون تا ڕۆژی قیامەت، ئەگەر سارد بونەوەو وەستانو بێ ئومێدی ڕوی تێ بکردنایە لەسەردەمی مەککەدا، ئەوە

پێویست بوو ئیمانەکەیان نویٚ بکەنەوەو هێزی زیاتر وەبەر خۆیان بدەن، خۆیان ئامادە بکەن بۆ جیهادی سەراپاگیری، جا ئەو جیهادە جیاوازی نییە لەگەڵ سەرانی ستەمکاری مەککە یان دەرەوەی مەککە.

## ئازار دانی عەماری کوڕی یاسر:

یاسرو هاوسەرەکەی (سومەیە) و کوڕەکەیان (یاسر) خێزانێکی هەژاری بێ دەسەڵات بوون، هیچ پەناو هێزو عەشیرەتێکیان نەبوو بەرگریان لێ بکات، دوای ئەوەی موسوڵمان بوون توشی چەوساندنەوەو سزایی زۆر دڕندانە بوون لەسەر لمە زۆر گەرمەکانی مەککە، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بەڵام نەگەڕانەوە لەسەر دینی خۆیان بەردەوام بوون، بێ باوەڕان باوكو دایکیان کوشت بەڵام لەبەرچاوی کوڕەکەیان؟!! زیاتر سزای کوڕەکەیان دا زۆر تاویان بۆ هێنا بۆ ئەوەی وتەی نەشیاو بە پێغەمبەر (ﷺ) بڵێتو بە باشی باسی خواکانیان بکات، کاتێك هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو: عەمار چیت پێیە؟ وتی: خراپە،

سوێند بەخودا بێ باوەڕان وازیان لێ نەهێنام هەتا جوێن بە تۆ نەدەمو باسی خواکانیان بە باشی نەکەم، فەرمووی: دڵت لەو کاتەدا چۆن بوو؟ وتی: پڕ بوو لە بڕوا، فەرموی: ئەگەر جارێکی تر سزایان دایت تۆش هەمان کار بکە[1].

لێرەدا ڕا بمێنە لەوەی کە ناشرین گوتن بە پێغەمبەر (ﷺ) بێ باوەڕییەو لە بازنەی ئیمان دەردەچیت، بەڵام ئەو سزایەی هێنایان بە سەر عەمماردا دەرفەتدەدات ئەو ڕێگریەی لەسەر هەڵگیراوە.

ئەگەر موسوڵمانان ئەوەی توشی عەمار بو توشی ئەوانیش بوو ئەو کاتە دەتوانن دەرفەت دان بەکار بهێنن، ئەمە شەریعەت دانانێکی بەردەوامە ئیسلام ڕەچاوی ئەم کارەی کردووە بۆ ڕووداوێکانی ژیان لە نیگای ڕوونەوە (البلاغ المبين) وەرگیراوە، ئەوەی عەمارکردی کوفرە بەڵام لێرەدا سیاسەتی شەرعی بەکار

---

[1] – الحاكم، ٣٥٧/٢، الزيلعي في نصب الراية نقلا عن السيرة النبوية لمحمد علي الصلابي، ٢٧٤/١.

هێنا ئەوکاتە ئەو کارەی گۆڕی بە بەدیلەکەی کە درەفەت خواستنە (الرخصە)یە.

کەواتە نیگای ڕوون دەقێکی جوڵاوەو چەقبەستوو نییە هەمیشەو بەردوام لە ڕوکەشی دەقەکە بوەستێت بەبێ زانستو بەڵگە.

# ڕێکەوتنی حودەیبییە

ڕوداوەکانی ژیانی پێغەمبەر (ﷺ) بەتایبەت ڕێکەوتن نامەی حودەیبییە ئەوەمان بۆ ڕون دەکاتەوە چۆن پێغەمبەر (ﷺ) دەقەکان نیگای ڕونی گواستوەتەوە بۆ سیاسەتی شەرعی.

قوڕەیش (ماهیری کوڕی عەمر) دیبلۆمات کاری خۆیان نارد بۆ ئەوەی ڕێکەوتن بکات لە حودەیبیەی نزیك مەککە، دوای وتوویێژو وەرگرتن‌و ڕەدکردنەوەی وتەکان لەسەر خاڵەکانی نێو ڕێکەوتن نامەکە، پێغەمبەر (ﷺ) ڕەزامەندی دا لەسەر نوسینەوەی ڕەشنوسی ئەو بنەمایانەی لەسەری ڕێککەوتوون، فەرمانی کرد بە عەلی کوڕی ئەبی تالیب بنوسێت: (بسم الله الرحمن الرحيم) سوهەیل ناڕازی بوو وتی: ئێمە ڕەحمان ناناسین، بنوسە بەناوی خودا، هۆسە لەناو هاوەڵاندا دروست بوو لەسەر ئەم ناڕازییە، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) بە عەلی وت: بنوسە بەناوی خودا، کاتێك نوسی (ئەمە پێغەمبەری خودا ڕێگەی داوە بە نوسینی) سوهەیل هەم دیسان ناڕازی بوو، وتی: ئەگەر بمان

زانیایە تۆ پێغەمبەریت سەرپێچیمان نەدەکردیتو شوێنت دەکەوتین، بەڵکو ناوی خۆتو باوکت بنوسە، نوسی: محمدی کوڕی عەبدوڵلا، لە بەندەکانی ڕێکەوتن نامەکە هاتووە: (ئەگەر هەر قوڕەیشییەك بە بێ مۆڵەتی باوکی هات بۆلای محمد دەبێت بیگەڕێنتەوە، هەر قوڕەیشییەك لای محمد هات بۆ مەککە نایگەڕێنینەوە)، دەقێکی تریش هاتووە (موسوڵمانەکان لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) دەبێت بگەڕێنەوە نابێت ئەم ساڵ بێنە مەککە) دوای مۆرو ئیمزاکردنی ڕێکەوتنەکە ئەبو جەندەلی کوڕی سەهێر کوڕی عەمر بە کۆتو پێوەندەکەیەوە ڕایکردبوو لە دەستی بێ باوەڕانی مەککە، چونکە موسوڵمان بوبو، کاتێك سوهەیر کوڕەکەی بینی، هەستاو چوو بەدەمیەوە، وتی: ئەی محمد لە نێوا منو تۆدا شتێك ڕویداوە، واتە: ڕێکەوتن نامەمان ئیمزاکردوەوە کۆتایی هاتووە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ڕاست دەکەیت، ئەبو جەندەل وتی: ئەی موسوڵمانەکان دەتانەوێت بم گەڕێننەوە بۆ ناو بێ باوەڕەکانو پاشگەزم بکەنەوە لەدینی خۆم، پێغەمبەر وەڵامی دایەوەو بە ئەبو جەندەلی وت: لە نێوان ئێمەو قوڕەیش ڕێکوتنێکمان ئیمزاکردووە، ئێمە پەیمانیان پێ

دەدەین، ئەوانش پەیمانیان داوە خیانەت نەکەین، پاشان بە ئەبو جەندەلی وت: ئەبو جەندەل تەنها ئارام بگرە، بەڕاستی خودا بۆ تۆو بۆ هاوڕێ لاوازەکانی تۆ خۆشیەکی زۆرو ڕێگایەکی ڕزگار بون دەنێرێت.

ئەم خاڵانە لە ڕوکەشیدا گاڵتە کردن بوو بە موسوڵمانان بە پێچەوانەی شکۆی ئیسلام بوو، هاوەڵان هەژان‌و بزاوتن، تەنانەت عومەری کوڕی خەتتاب هات بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) نارەزاییەکی زۆری دەربڕی لەسەر ئەم ڕێکەوتنە، بە پێغەمبەری (ﷺ) وت: تۆ پێغەمبەری خودا نیت؟ وتی: بەڵێ، وتی ئێمە بڕوادار نیین؟ وتی: بەڵێ، وتی: ئەوانیش بێ باوەڕ نین؟ وتی: بەڵێ: وتی نیشانەیەکی نزمی‌و ڕیسوایی لە دینی ئێمەدا هەیە؟ فەرمووی: من پێغەمبەری خودام سەرپێچی خودا ناکەم[1].

ئەوەتا هاوەڵی بەڕێز سەهلی کوڕی ئەبی حەنیفە دەڵێت ویستم بەرپەرچی فەرمانەکەی پێغەمبەر (ﷺ) ببمەوە ئەگەر

[1] – السيرة النبوية: للصلابي، ٢/ ٣٧١ – ٣٨١.

هەڵوەستەکەم هێندە بە نارەحەتیو مەترسیدارتر نەزانیایە دەمکرد.

گوێبگرن دەڵێت: بۆچونەکانی ئێمە ڕەد دەکەیتەوە، سوێن بەخودا ئەوڕۆژە ئەبوجەندەلم بینی ئەگەر بم توانیایە ئەم گەڕاندەوە[1].

ئەم دەست لێ هەڵگرتنە ڕوکەشییە سەر ئەنجامەکەی لە بەرژەوەندی مسووڵمانان کۆتایی دێت، پێغەمبەر (ﷺ) لە هەموو هەنگاوەکانیدا کە هەڵیناوە بۆ سەرکەوتنی ڕێکەوتن نامەکە بووە، گواستنەوەی نیگای ڕونبووە بۆ سیاسەتی شەرعی وێنەی ئایندەی ئیسلامی دەکێشا، بۆ ئەوەی باشتر بانگەوازەکەی جێگیر بکاتو دەیەویست ئارامی بگەڕێنێتەوە بۆ ناوچەکە و کۆمەڵگەی ئیسلامی لە ململانێی خوێناویەکان دوور بخاتەوە تا ئەوکاتەی تەواو سەقامگیریو جێگیردەبن بۆ ئەوەی بناغەیەکی بەهێز بونیات بنێن.

---

[1] – رواه البخاري نقلا عن الشاطبي في الموافقات، ١/٩٤.

لەراستیدا ئەجامی ڕێکەوتنی حودەیبیە سەرکەوتن‌و فەتحێکی زۆر گەورەبوو بۆ موسوڵمانان.

تەبەری دەڵێت: (ئەو سەرکەوتنە مەزنە کە خودای پەروەردگار بەڵێنی پێدابوو هاتە دی، ئەو پاداشتە لەسەر ئەو ماوە بوو کە سوپاس گوزاربوون، چونکە باسکردنی ئەو ڕێکەوتن‌و ئاشتەواییە لە نێوان پێغەمبەری خوداو (ﷺ) قوڕەیشدا ڕویدا لە حودەیبیە ئەوە سەرکەوتنە مەزنە بوو).

تەبەری لە زۆر ڕیوایەت باسی ئەو سەرکەوتنە مەزنەیی حودەیبیەی کردووە، وە سورەتی (الفتح)یش پاش ڕێکەوتنەکە لە حودەیبیە دابەزی بۆ پێغەمبەری خودا (ﷺ)[١].

ئەگەر خوێندنەوەیەکی ورد بۆ دەست پێك‌و سەر ئەنجامەکانی ڕێکەوتن نامەی حودەیبیە بکەین، پێویستە ئەوانەی بە ڕوکەش کار دەکەن یان ئەوانەی زۆر پەلەیانە لەکاردا لەسەردەمی خۆمان بزانن‌و سیاسەتی شەرعی

---

[١] – جامع البيان، ١٣/ ١٦٨ – ١٧١.

چارەسەری زۆر لەو کێشەو ئالۆزیانەی ژیانمانی پێیە وە چۆنێتی ڕوبەڕوی بونەوەشیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە دەبێت پەند لەو ڕێکەوتنە وەرگرین، پێویست نییە دەست بگرین بە ڕوکەشی هەندێك دەقەوە، ئیتر ژیان نامەی پێغەمبەر(ﷺ) لە بەرچاو نەگرین‌و بە هەندی وەرنەگرین لە چۆنێتی مامەڵە کردنی پێغەمبەری خودا (ﷺ) لەگەڵ دابەزینی دەقێك‌و، ئەو ڕوداوانەی کە سەرئەنجامەکەی سەرکەوتن بووە بۆ ئیسلام‌و موسوڵمانانمان.

ئەگەر ئێمە ئەوەمان کردایە – وەك نمونەیەك باسی بکەین- هەندێك لەوکەسانەی بە ڕوکەشی چەند دەقێکیان لەبەر کردووە، پێمان دەڵێن ئێوە سازش (تنازل)تان بۆ بێ باوەڕان کردووە کاتێ وشەی (بسم الله الرحمن الرحيم)تان لابردووە ئەمە گوێڕایەڵی بێ باوەڕانە.

بەم کارە گرنگانە پێچەوانەی شەریعەت جوڵاونەتەوە؟

چۆن پیاوانێك دەنێرنەوە بۆ ناو كافران لە كاتێكدا دەزانن خراپە توشی دینەكەیان دەبێت ؟

ئەمە ئەو كارە بووە كە پێغەمبەر (ﷺ) ئەنجامی داوە، ئەو كۆتا پێغەمبەرە سروشی بۆدێت، بەڵگەی شەرعی یەكلا كەرەوەی دارشتووە بۆ هەموو سەردەمەكان، بۆ ئەوەی ئەوانەی ئەم فەرمانەیان پێدراوە هەمان كار بكەن، ئەگەر ئەو كارە بەرژەوەندی موسوڵمانانی تیابوو، وە سەركردەكانی بزوتنەوە ئیسلامییەكانیش دەبێت ئەم هەنگاوە بنێن، لە پێناو دارِشتنەوەی ڕێگەیە بۆ نەتەوە و، بنیات نانی دەوڵەتێكو شارستانیەتێك.

لەسەر ئەم هەڵسوكەوتو كارانەی پێغەمبەرێتیو كارەكانی تری خەلیفەكانی ڕاشیدین، ئوصولییەكان بنچینەیەكیان دارِشتووە، دەڵێن: (بەرژەوەندی مرۆڤی موسوڵمان لەكوێ بێت شەریعەتی خودا لەوێیە) بەرژەوەندییەكانیش بە پێوەری ئوصولییەكانو بەرژەوەندییەكانی ئیسلام دانراون،

بەرژوەندییە نادیارو گومان هەڵگرەکان پێچەوانەی ئەم ڕێساو بنچینەیەن.

## هەڵوێستی پێغەمبەر (ﷺ) لە ڕوو بەڕوو بونەوەی دوو بەرژەوەندیدا:

پێغەمبەری خودا (ﷺ) لەگەڵ سوپاکەیدا بەڕێکەوت بۆ ئوحود[١]، بەناوە زەوی کابرایەکی دوو ڕوو بەناوی (مربع کوڕی قیظي) بەمەش باخو بێستانەکەی تێکدا، هیچ ئامادە سازییەکی نەکرد ئەو کارە بکات یان نا، چونکە ئەم کارە بەرژەوەندی سوپای تێدابوو لەبەر ئەوەی بە کورتترین ڕێکەدا ڕۆشتن بۆ ئوحود، لێرەدا دوو بەرژەوەندی هەبوو، پێویستە مافی ئەو دوو ڕووە بپارێزرێت بەپێی دەقی شەریعەت، بەرژەوەندییەکی گشتییە پەیوەندی بە ئاسایشی سوپای ئیسلامەوە هەبوو پێویستە مافی ئەندامەکانی بپارێزیت، لێرەدا بەرژەوەندییە گشتییەکە پێش خرا بەسەر بەرژەوەندییە تاکیەکەدا؛ لێرەدا

---

[١] – تهذيب ابن هشام، تحقيق: عبدالسلام هارون، ١٦٣/١.

سیاسەتی شەرعی بەکار هێنا بۆ بەدەست هێنانی بەرژەوەندییەکی گیانی بەرژەوەندییەکی مادی کردە قوربانی بۆی، ئەگەر خاوەنی ئەو زەویەش موسوڵمان بوایە هەمان کاری دەکرد بۆ بەرژەوندی گشتی دەکرد.

## هەڵوێستی بەرامبەر بە تیر هاوێژەکانی (ئوحود)

لەکاتی دابەشکردنی سوپاکەدواو سازکردنیان لە گۆڕەپانی جەنگدا، پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمانی کرد بەسەر (٥٠) کەسدا لەسەر ئەو شاخەی پشتیانەوە بمێننەوە[١]، عەبدوڵڵای کوڕی جبیری کرد بە فەرماندەیان، فەرمووی: بە تیرەکەتا بمان پارێزن لە ئەسپەکان، ناتوانن لە پشتمانەوە بێن بۆمان، ئەگەر ئێمە سەرکەوتین یان شکستمان هێنا، نەیەنە خوارەوە، کاتێك جەنگ گەرم بوو پێشبینی شەڕەکە وابوو کە موسوڵمانەکان سەردەکەوتن، هەندێك لە تیر هاوێژەکان سەرپێچی فەرمانەکەی

١ – ئەو چیایە ناوی (الجبل الرماه) چییای تیر هاوێژەکان، پێش جەنگی ئوحود ناوی (الجبل الشیخین) بوو واتە چیای دوو پیرەکە. وەرگێر

**فەرماندەکەیان‌و پێغەمبەریشیان کردو لە شاخەکە هاتنە خوارەوە بۆ کۆکردنەوەی دەستکەوتەکان واگومانیان برد کە شەڕەکە کۆتایی هات[1].**

**خالیدی کوڕی وەلید لەوکاتەدا بێ باوەڕ بوو تێبینی ئەمەی کرد، لە پشتیانەوە بۆیان هات، موسوڵمانەکان کەوتنە ناو دوو بەرداشەوە، حەفتا هاوەڵیان لێ شەهید بوو، پێغەمبەر (ﷺ) خۆی بریندار‌بوو، موسوڵمانەکانیش بەهۆی هەڵوێستی هەندێك لە تیر هاوێژەکان ئەو فەرمانەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی: لە شوێنی خۆتان نەجوڵێن، شکاند ئەو سەرکەوتنەیان گۆڕی بۆ شکست.**

**وا چاوەڕوان دەکرا پێغەمبەر (ﷺ) تۆڵەیان لێ بسەنێتەوە، چونکە سەرپێچی فەرمانی سەرکردەکەیان کرد، بونە هۆی زیانێکی زۆر گەورە بەسەر براکانیانەوە، بەڵام بەهۆی ئەو پێشینەیەیان و ئەو ماندو بونەی لەگەڵ ئیسلام هەیان بوو**

---

[1] – القرطبي، دار الكتب العربي، ١٣٨٧ – ١٩٦٧، ٤/ ٢٤٨.

لێیان خۆشبوو، چونکە هەندێکیان لە غەزوەی بەدردا بەشداربوون، دەیزای دڵیان پاڵفتەیەو پاکە لە دوو ڕوویی، پاشانیش ئەوان یەك كەس نەبوون دەیان كەس بوون، كوشتنیان دەبوو بە دروست بونی پشێوی لە نێو كۆمەڵگەدا، ئیسلام لەسەرەتای دەركەوتنیدا بوو، خراپەكەی زۆرتر بوو لە سودەكانی بۆیە چاوەڕوانی بەرژەوەندی گەوەرتر دەكرێت لێیەوە، بەهۆی ئەم ڕوداوەوە ئەم فەرمودەی خودای پەروەردگار دابەزی: ﴿فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ اللّهِ لِنتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنتَ فَظّاً غَلِيظَ الْقَلْبِ لاَنفَضُّواْ مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللّهِ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ﴾[١] . واتە: لەبەرئەوەی كە خودا بە میهرەبانی دروست كردووی‌و دڵت پڕ بەزەییە، نەرم بوویت بۆیان‌و لەگەڵیان گونجاوی، خۆ ئەگەر ئینسانێكی توندخوو بوویتایە بڵاوەیان لێ ئەكردو لێت دوور ئەكەوتنەوەو ئەڕۆیشتن بەملاولادا، كەواتە لێیان ببوورەو داوای لێخۆشبوونیان بۆ بكە لە خودای گەورەو، لە كاروبارا پرسیان پێ

[١] – سورة آل عمران: آية ١٥٩.

بکەو ڕاوێژیان لەگەڵ بکە، جا کە بڕیارتدا کارەکە بکەی پشت بە یارمەتیی خودا ببەستەو، دەست لە دەستو قووەت لە خودا، بێگومان خودا ئەوانەی خۆش ئەوێ کە پشتی پێ ئەبەستن[١].

## لەکاتی دروست کردنەوەی کەعبەدا:

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) ویستی کەعبە دوو بارە دروست بکاتەوە لەسەر نەخشە پێشووەکەی ئیبراهیم دروستی نەکردەوە، کاتێك خاتو عائیشە لەسەر ئەمە لێی پرسی بۆ چی واینەکردووە؟ فەرموی (ﷺ): (عائیشە ئەگەر خزمەکانت نزیك نەبوونایە لەسەر دەمی نەفامییەوە ئەوە دوو دەرگام تێدەکرد، دەرگایەکیان خەڵك بڕواتە ژوورەوە وە دەرگایەکیشیان خەڵك بێتە دەرەوە لێی)[٢].

[١] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

[٢] – الحديث في البخاري، صحيح البخاري – كتاب العلم، باب ترك بعض الإختيار مخافة أن يقصر عنه فهم بعض الناس.

ڕەچاو گرتنی ئەو ژینگەیەی کە تیایدابوو، سەیرکردنی سەرئەنجامی کارەکە، وازهێنان لەبەرژەوەندییەك لەترسی ئەوەی خراپە بڵاو نەبێتەوە، هەر لەبەر ئەم کارەیە ڕێگری لە شتێکی نامۆ دەکرێت لەترسی ئەوەی لەوە نامۆتر نەیەتە ئاراوە[1].

هەر لەسەر ئەم لەبەر چاو گرتنی بەرژەوەندی گشتییە ئەژمار دەکرێت، کاتێك کەسێك بەپێش نوێژی بۆ کۆمەڵێك لە پشتیوانان دەکرد لەمزگەوتی قوبا لە تەنها (الإخلاص)یان دەخوێند لەگەڵ سورەتێکی تر، هەندێکیان ئەم کارەیان پێ باش نەبوو کێشە کەوتە نێوانیان پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەمەی بیستیەوە، هاتن بۆلای ئەو کارەیان بۆ باسکرد، ئەویش فەرموی: چی والە تۆ دەکات بە گوێی ئەو هاوەڵانەت نەکەیت؟ بۆچی هۆگر بویت بەو سورەتەوەو دەیخوێنیتەوە ، وتی: خۆشم

---

[1] – السياسة الشرعية في كتاب (فتح الباري): صلاح الدين أنور عبد فرحان، ط١، ١٤٣٤ – ٢٠١٣، دار السلام، القاهرة.

دەوێت، فەرموی (ρ): خۆشەویستیت بۆ ئەو سورەتە ئەتخاتە بەهەشت[1].

## هەڵسوکەوت لە تەك گەورەی دوو ڕووەکان:

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿يَقُولُونَ لَئِن رَّجَعْنَا إِلَى الْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ الْأَعَزُّ مِنْهَا الْأَذَلَّ وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾[2]. واتە: ناپاکەکان دەڵێن ئەگەر گەڕاینەوە بۆ مەدینە، بێگومان گەورەکان زەبوونەکانی لێ دەرئەکەن، هەر بۆ خواو بۆ ڕەوانەکراوی خواو بۆ بڕوادارانە گەورەیی، بەڵام ناپاکان نازانن! [3].

تەبەری دەگێڕێتەوە بە ڕشتەی خۆی (بسندە)، پشتیوانان زۆرتر بوون لە کۆچکردوان، پاشان کۆچکردوانیش زۆر بوون

---

[1] – رواه البخاري والترمذي نقلاً عن مفهوم البدعة: د.عبدالإله بن حسين العرفج، ط٣، ١٤٣٥ – ٢٠١٤، دار الفتح للدراسات والنشر.

[2] – سورة المنافقين: آية ٨.

[3] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

پێکەوە دەرچوون بۆ غەزایەك، پیاوێکی دوو ڕوو زللەیەکی دا لە پشتیوانێك، دەڵێت: بو بەشەڕیان، کابرای پشتیوانی هاواری کرد، وتی: ئەی پشتیوانان، کۆچبەرەکەش، هاواری کر: ئەی کۆچبەران، ئەم هەواڵە گەشتە پێغەمبەری خودا (ﷺ)، وتی: ئەوە چیتانە وەك سەردەمی نەفامی یەکتر بانگ دەکەن... واز لەو بانگکردنانە بێننە ئەوانە بۆگەنن، دەڵێت: عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی، وتی: ئەگەر گەڕاینەوە بۆ مەدینە بەهێزەکانمان زەبونەکانمان دەردەکەین، عومەری گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ڕێگەم بدە با بیکوژم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: وازی لێ بێنە بۆ ئەوەی نەڵێن پێغەمبەر هاوەڵەکانی خۆی دەکوژێت.

عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی بە وەسف کردنەی پێغەمبەر (ﷺ) بە زەبوون لە دین دەرچوو، بەڵام پێغەمبەر لێی خۆشبوو، ڕەنگە کوشتنی سەریی بکێشایە بۆ سەر ئەنجامێکی زۆر خراپ، ئەم نمونەیە پێمان دەڵێت چۆن لە نیگای بڵندەوە دەرچووەو ڕۆشتووە بۆ سیاسەتی شەرعی، کاتێکیش کوڕی سەلولی سەرۆکی دوو ڕووەکان مرد، عەبدوڵڵای کوڕی هات بۆلای

پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوای لێکرد کراسێکی بداتێ بۆ ئەوەی باوکی بەو کراسەی کفن بکات، ئەویش پێیدا، پاشان داوای کرد نوێژیشی لەسەر بکات، پێغەمبەر (ﷺ) هەستاو نوێژی لەسەر بکات، عومەر هەستاو کراسەکەی گرتو وتی: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) نوێژی لەسەر دەکەیت لەکاتێکدا خودا ئەوەی لێ گرتویتەوە کە نابێت لەسەر گۆڕیی کەسیان بوەستیت؟ پێغەمبەری خودا (ﷺ)ە فەرموی خودای پەروەردگار سەر پشکی کردووم: ﴿اسْتَغْفِرْ لَهُمْ أَوْ لاَ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ إِن تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ سَبْعِينَ مَرَّةً فَلَن يَغْفِرَ اللّهُ لَهُمْ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَفَرُواْ بِاللّهِ وَرَسُولِهِ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ﴾[١]. واتە: تۆ داوای بۆ بکەی یا نەیکەی سوودی نییە، ئەگەر حەفتا جاریش داوای عەفوویان بۆ بکەی خودا عەفوویان ناکات، چونکە ئەوانە کافر بوونو باوەڕیان بە خوداو بە پێغەمبەری خودا(ﷺ) نەکرد، خودا هیدایەتی کۆمەڵی بێ باوەڕان نادات[٢].

---

[١] – سورة التوبة: آية ٨٠.

[٢] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

پێغەمبەر بیەێت زیاتر لە (٧٠) جار داوای لێ خۆشبونی بۆدەکەم عمر وتی ئەوە دوو ڕووە پێغەمبەر (ﷺ)نوێژی لەسەرکرد، دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی لەسەر کرد، خوای پەوەردگار ئەم ئایەتەی دابەزاند: ﴿وَلاَ تصَلِّ عَلَى أحَدٍ مِّنْهُم مَّاتَ أَبَداً وَلاَ تَقُمْ عَلَىَ قَبْرِهِ إِنَّهُمْ كَفَرُواْ بِاللّهِ وَرَسُولِهِ وَمَاتُواْ وَهُمْ فَاسِقُونَ﴾[١]. واتە: کە یەکێ لەو دووڕوانە مرد، هەرگیز نوێژ لەسەر تەرمەکەی نەکەی‌و لەسەر گۆڕەکەی ڕانەوەستی بۆ شاردنەوەو سەردانی، ئەوانە بە ڕاستی بێ باوەڕان و ئیمانداران بە خوداو بە پێغەمبەری خودا(ﷺ) نەبوو و بە حاڵی فاسقی‌و لە دین دەرچوویی مردن[٢].

پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەم کارەی لەبەر ڕێزی عەبدوڵڵای کوڕی کرد بۆ ئەوەی دڵنەوایی خۆی‌و شوێن کەوتوانی پێ بداتەوە، بۆ ئەوەی بەڵکو ئەو کار کاریگەری هەبێت لەسەریان‌و

---

[١] – سورة التوبة: آية ٨٤.

[٢] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

لە دوو ڕوویی خۆیان پەشیمان ببنەوە، چونکە پێغەمبەری خودا (ﷺ) خاوەنی خو ڕەوشتی بەرزە.

## هەڵوێستی بەرامبەر سەمرەی کوڕی جندب:

سەمرەی کوڕی جندب دارخومایەکی هەبوو لە ناو باخی پیاوێك لە پشتیوانان، سەمرە خۆی خێزانەکەی زۆر هاتوچۆی ناو باخەکەیان دەکرد، خاوەنی باخەکەش ئەمەی پێی ناخۆش زیانی لێ دەکەوت، لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) سکاڵای خۆی کرد، پێغەمبەر (ﷺ) سەمرەی بانگکرد، پێی وت: خورماکەتی پێ بفرۆشە، نکوڵی کرد، وتی: بیبڕەوە، نکوڵی کرد، وتی: بە دیاری پێی ببەخشە، هەر نکوڵی کر، پێغەمبەری خودا (ﷺ) بە خاوەنی باخەکەی وت: بڕۆ خورماکەی هەڵکێشە[١].

[١] – رواه أبو داود، نقلاً عن كتاب جامع لبيان، ١١٢/١٤.

# بەشی شەشەم

## گواستنەوەی ڕوداو گەلێکی لە نیگای ڕونەوە بۆ سیاسەتی شەرعی  لە ژیانی هاوەڵانی ڕاشیدیندا:

پێشەکەی:

باسی هەوڵو ماندو بونی هاوەڵان دەکات لە تێگەیشتنیان بۆ ڕووداوەکانو شوێن کەوتنی پێغەمبەری خودا، چونکە ئەو پەروەردەی کردوون، ڕوداوەکانی دواتر بە دەستی ئەمان بونیات نراوە.

**ڕوداوی کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆز لە سەردەمی پێشەوا ئەبوبەکردا:**

بوخاری فەرمودەیەکی ڕیوایەت دەکات لە زەیدی کوڕی سابیتەوە، فەرمووی: نامەیان نارد بۆ ئەبوبەکر لەسەر کوژراوەکانی شەڕی یەمانە لەوکاتەدا عومەری کوڕی خەتاب لە لایبوو، ئەبوبەکرد دەڵێت: عومەر هات بۆ لام، وتی: بەراستی

ڕوداوەکەی یەمامە زۆربەی ئەوانە شەهیدبوون کە قورئانیان لەبەر بووە، من زۆر لەوانی تر دەترسم کە شەهید بن ئەوکانە زۆربەی ئەوانەی قورئانیان لەبەرە شەهید دەبن، من وای بە باش دەزانم فەرمان بکەیت بە کۆکردنەوەی قورئان، بە عومەرم وت: چۆن شتێکی وا بکەین لە کاتێکدا پێغەمبەر (ﷺ) نەیکردووە! عومەر وتی: سوێند بەخودا ئەمە چاکەیەکی نەبڕاوەیە، دەڵێت: عومەر هێشتا لام بوو خودا سنگی واڵاکردم بۆ ڕازی بوون بەو پێشنیارە، هەمان بۆچونی عومەرم وەرگرت، زەید دەڵێت: ئەبو بەکر وتی: تۆ پیاوێکی گەنجو ژیریی‌و تۆ شایستەی بۆ ئەم کارە، وە لەسەر دەمی پێغەمەریشدا نیگات دەنوسییەوە، بەشوێن دەستخەتەکاندا بڕۆو کۆیان بکەرەوە، دەڵێت: سوێند بەخودا ئەگەر تەکلیفیان لێ بکردمایە شاخێك بگوێزمەوە ئاسان ترلەوەی کە داوای کۆکردنەوەی قورئانیان لێکردم، وتم: چۆن شتێك دەکەن پێغەمبەری خودا (ﷺ) نەیکردوە؟ وتی: سوێند بەخودا خێری زۆرترە، لەو شوێنە نەجوڵام خودا دڵی واڵاکردم چومە سەر قسەکەی ئەبو بەکرو عومەر، بەشوێن نوسراوەکانی قورئاندا گەڕام لەسەر لقی

دارخورماو بەردو سنگی هەندێك لەوانەی قورئانیان لەبەربوو، کۆتا ئایەت کە کۆم کردەوە لای ئەبی خزیمەی ئەنساری بوو، پێشتر لای کەسیتر نەبوو، ئەویش ئەم ئایەتەی سورەتی (التوبە) بوو: ﴿لَقَدْ جَاءكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِالْمُؤْمِنِينَ رَؤُوفٌ رَّحِيمٌ﴾[1].

واتە: بە ڕاستی لە لایەن خوداوە پێغەمبەرێکتان بۆ هاتووە کە لە خۆتانەو هاونیشتیمان‌و هاوزمانتانەو زۆری پێناخۆشە تووشی ناڕەحەتی ببن، زۆر حەز ئەکات لە خێرو خۆشیتان لەگەڵ موسوڵمانان بە بەزەیی‌و میهرەبانە[2].

---

[1] – سورة التوبة: آية ١٢٨.

[2] - تەفسیری گولبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

تا كۆتایی (براوه)، ئەو قورئانە نوسراوەیە لای ئەبو بەكربوو تا وەفاتی كرد، پاشان كەوتە لای عومەرو تا مرد لای ئەو مایەوە، پاشان كەوتە لای حەفسەی كچی عومەر[1].

دكتۆر عەبدولسەبور شاهید دەڵێت: لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت ئەم بڕیارەی ئەبو بەكر مەترسیدارترین بڕیار بوو لە ژیانیدا داویەتی، لەهەمان كاتیشدا گەورەترین هەنگاو و كاربووە بۆ مێژوی پرشینگداری ئەم ئوممەتە، چونكە چارەسەری سەرەكیترین كێشەی ئوصولی كرد، ئەویش ئامادەكردن‌و پاراستنی دەقی قورئانی پیرۆز بوو لە لادان‌و گۆڕان، لەبەر ئەوە ئەم قورئانە بەدرێژایی مێژوو سەرچاوەی هەموو شارستانیەتی ئیسلامی بووە، دەستوری ئیسلامی كەوتە كەشێكی ئارامەوە، عەلی كوڕی ئەبی تالیب دەفەرموێت: زۆرترین كەس پاداشت وەردەگرێت لەسەر ئەم قورئانە ئەبو

---

[1] – مناهل العرفان في علوم القرآن: لعبد العظيم الزرقاني، ١/٢٥٠، قال المعلق على الإعتصام للشاطبي ولم يأمر النبي (ﷺ) بجمعها في حياته، لاحتمال المزيد في كل سورة مادام حياً، قال العلماء، الإعتصام ٢/١١٧.

بەکرە، ڕەحمەتی خودا لەسەر ئەبو بەکر بێت ئەو یەکەم کەس بوو قورئانی لە نێوان دوو بەرگدا کۆردەوە[١].

ئوصولییەکان شایەتی ئەوە دەدەن ئەو کارەی ئەبو بەکر کردی لەسەر دروستکردنی بەرژەوەندی بوو لە ناو ئەو بەلگانەی شایەتی لەسەر پێ دەدەن لەسەری.

## چەند هەڵوەستەیەکی لەسەردەمی دەسەڵاتی عومەری کوڕی خەتتابدا (ﷺ):

لەسەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەتابدا کۆمەڵێك نمونەمان دەستدەکەوێت، چونکە ئاوەزی ئەم موسوڵمانە پایەدارە ئاوەزێك (عقلیە)ی ئوصولی هەبوو لەسەر سەر ئەنجامی کارەکان‌و مەبەستەکانی، ڕوو بەڕووی کێشەی زۆر ئاڵۆز لە ناوخۆو دەرەوە بویەوە، بەتایبەتی لە سەردەمی فتوحاتی ئیسلامی‌و دەستکەوتەکانی، هەروەها لەسەردەمی ئەم دا بارودۆخی موسوڵمانان لەڕوی کۆمەڵایەتوی ئابوری گۆڕانکاری

---

[١] – تأريخ القرآن: ص ١٠٤.

بەسەردا هات، پێویستی بە ئیجتیهاداتی ژیرانەبوو لەسەر ئەوەی چۆن بتوانرێت حوکمەکان لە نیگای ڕونەوە بگوازرێتەوە بۆ ڕوداوە نوێو پێشهاتەکان، لەوانە:

# کێشەی زەوی زوحاك:

یەحیای کوڕی ئادەم دەگێڕێتەوە، کە زوحاکی کوڕی خەلیفەی ئەنساری زەوییەکی هەبوو، ئاوی پێ نەدەگەیشت مەگەر لە زەوی مەحمەدی کوڕی مەسلەمەوە بیبردایە، محمدیش ڕێگەی نەدەدا ئەو ئاوە بە ناو زەوی ئەودا ببەن، زوحاکیش لای عومەری کوڕی خەتاب سکاڵای کرد، عومەری کوڕی خەتتابیش محمدی کوڕی مەسلەمەی بانگکرد، وتی: ئایا ئەو ئاوە هیچ زیانێك بە باخەکەت دەگەیەنێت، وتی: نەخێر، پێی وت: سوێند بەخودا ئەگەر شوێنیش نەبێت ئەو ئاوەی بۆ بەرین بەسەر ورگیشدا پێویست بێت فەرمانم دەکرد بیبەن[1].

بێ گومان لێرەدا عومەر کەو تووەتە هەڵوەستەیەکەوە ئەویش بەکار هێنانی زۆرە بۆ بەدەست هێنانی مافێکی ڕەوا لەسەر محمدی کوڕی مەسلەمە، ئەوەش گواستنەوەیە لە نیگای ڕونەوە بۆ سیاسەتی شەرعی.

---

[1] – الثروة في الإسلام: للبهي الخولي نقلاً عن الموطأ للإمام مالك.

## هەڵوێستی بیلالی کوڕی حارسی مەزنی:

ئەوەی کە بیلالی کوڕی حارسی مەزنی کردی کاتێك پێغەمبەری خودا (ﷺ) پارچە زەوییەکی لە (عقیق) بۆ بڕیبووەوە.

ئەبو عوبێد دەڵێت: سەردەمی عومەری کوڕی خەتاب بوو، بە بیلالی وت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەو پارچە زەویەی بۆ بڕیتەوە بۆ ئەوەی لە خەڵکی گلێ بدەیتەوەو سودی لێ نەبینن یان بۆ ئەوەی بوو کە کاری تێدا بکەیت، ئێستا ئەوەی بەشی تۆ دەکات بۆ خانوو بیبەو ئەوەی کە دەمێنێتەوە بیگەڕێنەوە[1]، هەروەها یەحیای کوڕی ئادەم لە عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی بەکر دەگێڕێتەوە، دەڵێت: بیلالی کوڕی حارسی مەزنی هات بۆ لای پیغەمبەر (ﷺ) پارچە زەوییەکی پێدا درێژو پان بوو، کاتێك عومەر بوو بە خەلیفە پێی وت: بیلال پێغەمبەری خودا (ﷺ) پارچە زەوییەکی بە تۆ دا، هەر کەس داوای شتێکی لێ بکردایە

[1] – الأموار، ص ٤٠٨.

پێی دەدا، تۆش توانای ئەوەت نییە هەمووی بکەیت بە خانوو، وتی: بەڵێ، وتی: تۆ بزانە خۆت توانای چەنێکت هەیە بیکە بە خانو ئەوەی کە توانات نییە بیکەت بیگەڕێنەوە دابەشی دەکەین بەسەر موسوڵمانانندا، وتی: نەخێر سوێند بەخودا شتێك کە پێغەمبەر پێی دابێتم نایدەم ، عومەر وتی: سوێند بەخودا دەبێت وابکەیت، جگەلە بەشی خانوەکە ئەوی تری لێ وەرگرتو دابەشی کرد بەسەر موسوڵمانانندا[1].

ئەمە بەڵگە لەسەر ئەوەی عومەری کوڕی خەتاب لە نیگای ڕوون (البلاغ المبين)ەوە بڕینی ئەو پارچە زەویەی بیلالە کە بە فەرمانی پێغەمبەری خودا (ﷺ) بۆی بڕاوەتەوە، ئەم دەقەی گواستەوە بۆ سیاسەتی شەرعی, چونکە ئەو هەستەی بەبەردا کردووە کە دەبێت ئەو زەویە ئاوەدان بکرێتەوە، تەنها هەر بە ناوی کەسێکەوە نەبێتو بمێنێتەوە، پشت بەخودا ئەمە ئیجتیهادێکی زۆر ڕاست بوو.

---

[1] – الأموار/ حاشية، ص ٤٠٨.

## هەڵوێستی بەرامبەر بە زەوی وڵاتە ڕزگار بووەکان:

کاتێك موسوڵمانەکان زەوی‌و زاریان لە عێراق‌و شام‌و میسر فەتح کرد، ویستیان بەسەر ئەو جەنگاوەرانەدا دابەشی بکەن، بە پشت بەستن بەو فەرمودەی خودای پەوەردگار دەفەرموێت: ﴿وَاعْلَمُواْ أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَيْءٍ فَأَنَّ لِلّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ إِن كُنتُمْ آمَنتُمْ بِاللّهِ وَمَا أَنزَلْنَا عَلَى عَبْدِنَا يَوْمَ الْفُرْقَانِ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ وَاللّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾[١]. واتە: بزانن هەرچیتان بە تاڵان دەسکەوت لە جەنگی کافراندا ئەوە ئەکرێت بە پێنج بەشەوە، پێنج یەکێکی بۆ خوداو پێغەمبەرو خزمانی‌و هەتیوان‌و گەدایان‌و ڕێبوارانی بێ خەرجی‌یە، ئەگەر ئیمانتان هەیە بە خوداو بەو ئایەت‌و فریشتانە کە ناردوومانەتە خوارەوە بۆ سەر بەندەی خۆمان کە موحەممەدە(ﷺ) لەو ڕۆژەدا کە هەردوو کۆمەڵ سوپای مسوڵمان‌و سوپای کافران بە یەکگەیشتن لە حەڤدەی مانگی

---

[١] – سورة الأنفال: آية ٤١,

ڕەمەزانی پیرۆزدا لە خاکی بەدردا، خودا بەسەر هەموو شتێکدا توانایە[1].

ئەبو عوبێدە دەڵێت: ئەبو ئەسوەد لە ئەبی لەهیعە لە زەیدی کوڕێ حەبیب بۆمان دەگێڕنەوە: عومەری کوڕی خەتاب ڕۆژی فەتحی عێراق نامەی نارد بۆ سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس: (پاشان، ئەو نامەت بە دەست گەیشت کە خەڵکەکە داوای دابەش کردنی دەستکەوتەکان دەکەن ئەوە دەستکەوتی خودایە بەسەریانەوە، سەیر بکە بزانە چی پێویستە دابینی بکەن، سامانەکە: بەسەر موسوڵمانەکاندا دابەش بکەو، هیچت لێ نەمێنێتەوە)[2].

کاتێك موسوڵمانەکان بە بێ پەیمان فەتحی میسریان کرد، زوبێری کوڕی عەوام هەستاو وتی: بە عەمری کوڕی عاص، دابەشی بکەین، عەمر وتی: دابەشی ناکەین، زوبێر وتی: سوێند بەخودا دابەشی دەکەین وەك چۆن پێغەمبەر (ﷺ) خەیبەری

---

[1] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

[2] – الأموال، ص ٩٠.

دابەشکرد، عەمر وتی: سوێند بەخودا دابەشی ناکەم تا نامەیەك نەنێرم بۆ خەلیفەی ئیمانداران، نامەیەکی نوسی بۆ عومەر، عومەر بۆی نوسیی: وازی لێ بهێنن بۆ ئەوەی بەری زیاتر بخەنەوە، ئەبو عوبێدە وتی: ئەیەوێت ئەم ماڵە بپارێزێت بۆ موسوڵمانان بۆ ئەوەی زاو زێ بکەن‌و زۆربن، سەردەم بەدوای سەردەمدا بۆیان پاشەکەوت بکرێت، بۆ ئەوەی هەمیشە بەهێزبن بەرامبەر بە دووژمنانیان[1].

هەروەك چۆن لە زەوی شام هەمان کاری کرد، کاتێك مەعازی کوڕی جەبەل ئاماژەی بەوە دا: ئەگەر تۆ ئەو چارەکی زیاتر لەو زەویانە بدەیت بە دەستی ئەو خەڵکەوە ئەوە ئەو زەویە دەگەڕێتەوە بۆ یەك کەس یان بۆ ژنێك، پاشان خەڵکانێك دێن لە پاڵ ئیسلامدا بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەوڵدەدەن‌و دەیگوشن بۆ خۆیان، هیچ شتێك نامێنێتەوە، تەماشا بکە فەرمانێك دەربکە خۆشی‌و ئاسودەیی بێت بۆ سەرەتاو کۆتاییەکەیان، عەلی کوڕی ئەبی تالیب ڕازی بوو بە بۆچونی

---

[1] – الأموال، ص٩٠.

عەمرو مەعاز، بە عومەری وت: وازی لێ بێنە با ببێتە مادەیەکی باش بۆ موسوڵمانان[1].

عومەر زۆر پشتی بەم ئایەتەی سورەتی حەشر دەبەست لەم کارانەدا، دەفەرموێت: ﴿مَّا أَفَاء اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْ أَهْلِ الْقُرَى فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاء مِنكُمْ وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾[2] واتە: ئەوەی خوا دەست پێغەمبەری(ﷺ)خست لە (دارایی و سامانی) دێهاتییەکان، بۆ خواو پێغەمبەر(ﷺ)و خزمان و هەتیوان و بێچاران و ڕێبوارانە، تا نەبێ بەگەردانی دەست بەدەست، لەناودەوڵەمەندەکانتانا ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەتانداتێ وەریگرن، و ئەوەی لێتان قەدەغە ئەکات وازی لێ بێنن، و لە خوا بترسن بەڕاستیی سزای خودا سەختە. پاشان دەفەرموێت: ﴿لِلْفُقَرَاء الْمُهَاجِرِينَ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيارِهِمْ

---

[1] – الخراج لأبي يوسف، ص ٣٥.

[2] – سورة الحشر: آية ٧.

وَأَمْوَالِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلاً مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَاناً وَيَنصُرُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُوْلَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ﴾ ١. واته: (ئەو دەستکەوتەی لە بەنی نەچیر گیرا) بۆ هەژارانی کۆچکەرانە، ئەوانەی کە دەرکران لە وولاتیان و سامانیان، داوای بەخشش و خۆشنوودی خوا ئەکەن، و یارمەتیی خواو پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەدەن، هەر ئەوانن ڕاستگۆیان[2].

پاشان دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ تبَوَّؤُوا الدَّارَ وَالْإِيمَانَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّا أُوتُوا وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ ٣. واتە: ئەوانەی کە لەپێش کۆچکەراندا جێیان گرت لە مەدینە و کردیان بە بارەگای بڕوا، ئەوەی کۆچ بکات بۆ لایان خۆشیان ئەوێ، و شك نابەن لە دڵی خۆیاندا هیچ جۆرە ڕوشدییەك بەوەی کە دراویانەتێ، و باوی ئەوان ئەدەن

---

[1] – سورة الحشر: آية ٨.

[2] - تەفسیری گولبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

[3] – سورة الحشر: آية ٩.

بەسەر خۆیاندا باخۆشیان زۆر پێویست بن، و کەسێك خۆی لە خووی ڕوشد بپارێزێ (بەڕاستی) هەر ئەوانن ڕزگاران[1].

پاشان دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ جَاؤُوا مِن بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلّاً لِّلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَؤُوفٌ رَّحِيمٌ ﴾[2] واتە: ئەوانەی هاتن و دێن دوای ئەوان دەڵێن، خوایە لە ئێمەش و ئەو برا دینییانەشمان خۆش ببە کە پێشمانکەوتوون لە بڕواداران بەڕاستی هەر تۆیت بەخشندەی میهرەبان[3].

وەك چۆن مەعاز دەیوت هەموویانی گرتەوە لە سەرەتایانەوە تا کۆتایی ، لەسەر ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) نیوەی زەوی خەیبەری دابەشکرد نیوەکەی تری دابەش نەکرد، ئایەتی

---

[1] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبداللە احمد ئاوایی).

[2] – سورة الحشر: آیة ١٠.

[3] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبداللە احمد ئاوایی).

دەستکەوت (الغنیمە)تیش یەکلا کەرەوە نییە، چونکە هەندێك ماڵ هەیە دەگوازرێنەوە بەڵام هەندێکی تیایە ناگوازرێنەوە[1].

شێخو ئیسلام ئیبنو تەیمییە دەڵێت: عومەرو عوسمان بەشێکی ئەو زەویانەی فەتح دەکرانەوە پاشەکەوتی کردو بەشەکەی تری دابەشکرد بەسەر موسوڵماناندا، ئەوەی دەڵێت: ئەمە دروست نییە، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) خەیبەری بەش کردووە، ئەوەی بڵێت: ئەگەر ئیمام ئەوە پاشکەوت بکات ئەوە کەلێن دەکەوێتە نێو حوکمەکەی، چونکە بەهۆی ئەمەوە سەرپێچی سونەتی کردووە، ئەم وتەیە هەڵەیە و چاو نەترسانەبەرامبەر خەلیفەکانی ڕاشیدین، ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) لە خەیبەر کردی ئەوەبەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو کارە دروستە، نەك ئەوە بەڵگەبێت لەسەر ئەوەی ئەرك بێت، ئەمە بەڵگەیەك نییە لەسەر ئەوەی ئەم کارە ناپێویست

[1] – السياسة الشرعية للقرضاوي، ص ١٩٣.

(عدم وجوب)،  ئەوەی خەلیفەکانی راشیدین کردیان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو کارە پێویست نییە[1].

ئیمامی عومەرو ئەوانەی هاودەنگن لەگەڵی زانیان زەوی زۆری وڵاتانی وەك شامو عێراق و مصر بە ملیۆنەها خێزان لێی نیشتە جێن ناکرێت بە زەوی خەیبەر بەراوردی بکەیت، چونکە زەوییەکی سنورداری کەم بوو، وەکو پێشەوا لایان دا (ﷺ) نەك پێغەمبەرییەکەی دەرچوون بۆ سیاسەتی شەرعی, چونکە دەگونجا بۆ ئەو سەردەمەی ئەوان ئەگەر پێغەمبەری خودا (ﷺ) زیندو بوایە هەمان کاری دەکرد، لەبەر ئەوەی ئەم کارە جێ بە جێ کردنی مەبەستەکانی شەریعەتو بەرژەوەندی موسوڵمانانە.

ئەبو عوبێدە دەڵێت: لە هەردوو حوکمەکەدا پێشەنگو شوێن کەوتنی ئەو ئایەتانەیە باسی دەستکەوتەکان دەکات لە شەڕو بێ شەر تیایە، تەنها ئەوەنە هەیە ئەوەی بژاردەی چاویان

---

[1] – مجموع الفتاوی: شیخ الإسلام إبن تیمیة، ٢٠ / ٥٧٤ – ٥٧٥.

لەسەری بوو کردنی چاو لێکردنی ئیمام بوو، بە دوو شێوە هەردووکیان دەڕۆنە ناو ئەو حوکمەوە، کارەکەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەو کارەی عومەر ڕەد ناکاتەوە، بەڵکو هەردوکیان شوێن کەوتەی ئایەتی خودای پەورەردگارن و کار بەو ئایەتانە (دەستکەوتی جەنگی) دەکەن لە پێشەوە باسمانکرد[١].

## هەڵوێستی بەرامبەر بە تازە موسوڵمانەکان (مؤلفه قلوبهم)[٢]:

هەڵوێستەیەکی تر عومەری کوڕی خەتتاب (رضي الله عنه) لە گواستنەوەی نیگای ڕونەوە (البلاغ المبين) بۆ سیاسەتی شەرعی لە بابەتی تازە موسوڵمانەکان کە لە ئایەتی ئەو هەشت چینەی زەکاتیان پێ دەشێت باسیان کراوە (ئایە الصدقات)، ئەم پارەیە پێغەمبەر (ﷺ) دەیدا بە کۆمەڵێك خەڵك بۆ هۆگری پەیدا بکەن و جێگیربن لەسەر ئیسلام، پێغەمبەر بە پشتیوانانی وت

---

[١] – الأموال، ص ٨٥.

[٢] – ئەمانە ئەو کۆمەڵەن کەتازە ئیمانیان هێناوە ئیمانەکەیان لاوازە بەڵام بە ماڵی دونیا دڵیان ڕادەگیرێتو ئارام دەبنەوەو جێگیر دەبن. (وەرگێڕ)

(ئەم پارەیە دەدەم بە پیاوانێك پێشتر كافر بوونو تازە موسوڵمان بوون بۆ هۆگریان بە ئیسلام)[1] وەكو: ئەبو سوفیانو سەهلی كوڕی عەمر حەكیمی كوڕی حزام.

كاتێك عومەر بو بە خەلیفەو موسوڵمانان هەمیشە لە سەركەوتندا بوون، ئەو بەشەی پێ نەدەدان، پشكی تازە موسوڵمان بووەكانی بڕی.

قورتوبی دەڵێت: عومەر كاتێك ئەم پارەی بڕی بینی دین لە هەموو لایەكەوە سەردەكەوێت، حوكمەكەش لێرەدا بە دەوری هۆكارەكەدا بە باشیو خراپی دێتەوە، لای ئوصولییەكان ئەو كارە زانراوبووە، حوكمەكەش عیللەتەكەی لەگەڵدا (تازە مووسوڵمان بوون)، كاتێك ئیسلام سەربڵندتر بوو ئەو هۆكارە نامێنێتو كە عیللەت نەمابوو حوكمەكەش نامێنێت، ئەگەر كاتو شوێنی خۆ بێتەوە ئەوە حوكمەش دەگەڕێتەوە، عومەر حوكمەكەی هەڵنەوەشاندووەتەوە، بەڵكو سیاسەتی شەرعی جێ

---

[1] – القرطبي، ٨/١٧٩.

بە جێ کردووە، سیاسەتی شەرعیش لە کاتێکەوە بۆ کاتێکیتر و لە وجێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر دەگۆڕێت.

## هەڵوێستی عومەر بۆ هاوسەرگیری لەگەڵ خاوەن کتێبەکان:

ئەوە ڕون و ئاشکرایە هاوسەرگیری لەگەڵ خاوەن کتێبەکان ڕێگە پێدراوە بە ئایەتی قورئانی پیرۆز: ﴿الْيَوْمَ أُحِلَّ لَكُمُ الطَّيِّبَاتُ وَطَعَامُ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ حِلٌّ لَّكُمْ وَطَعَامُكُمْ حِلُّ لَّهُمْ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الْمُؤْمِنَاتِ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ مِن قَبْلِكُمْ إِذَا آتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ وَلاَ مُتَّخِذِي أَخْدَانٍ وَمَن يَكْفُرْ بِالإِيمَانِ فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾[١]. واتە: بۆتان حەڵاڵە خواردەمەنیی پاك و پوخت، بۆتان حەڵاڵە خواردەمەنییەك کیتابییەکان کردبێتیان، هەروەها گۆشتی ئاژەڵێك ئەوان سەریان بڕیبێ، واتە: ئەوانەی پێش ئایینی ئیسلام کیتابیان بۆ هاتووە وەك گاور حەڵاڵە، واتە : حەڵاڵە بۆتان بیاندەنێ یا پێیان بفرۆشن، هەروەها حەڵاڵە

---

[١] – سورة المائدة: آية ٥.

بۆتان ژنە داوێن پاکە موسوڵمانەکان یا ژنە داوێن پاکە کیتابییەکان بخوازن‌و مارەیان بکەن، بەو شەرتەی مارەییەکانیان بدەنێ، کە بەم نیکاحە پاك‌و پوختەیە خۆتان لە زینا ئەپارێزن‌و ئافرەتی بێگانەو حەرام ناکەن بە دۆستی پەنهانیتان کە بە حەرامی لە گەڵیان ڕابوێرن، هەرکەس باوەڕ بە ئایینی ئیسلام نەکا هەرچی ئەکات ڕەنج بە خەسارەو لە ڕۆژی قیامەتیشدا زیانبارو دۆڕاوە[١].

قورتوبی دەڵێت: ئیبن‌و عەباس دەڵێت: ﴿وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ﴾ ئەمە ئەو ئافرەتانە دەگرێتەوە لەگەڵ موسوڵمانان هاوپەیمان بن‌و لە وڵاتی ئیسلامیدا بن، نەك لەو وڵاتانەی کە بە جەنگ ئازادکراون، بۆیە ئایەتەکە تایبەتییە، هەندێکی تر دەڵێن: ئەوانەی پەیمانمان لەگەڵیاندا هەیەو ئەوانەی بە شەڕیش ئازاد کراون دەگرێتەوە، بەهیی سەراپاگیری ئایەتەکە[٢].

---

[١] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

[٢] – القرطبي، ٦، ٧٩.

ئەم ئایەتە تایبەت کەری ئایەتەکەی سورەی تەحریمە ، دەفەرمویّت: ﴿وَلاَ تَنكِحُواْ الْمُشْرِكَاتِ حَتَّى يُؤْمِنَّ وَلأَمَةٌ مُّؤْمِنَةٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكَةٍ وَلَوْ أَعْجَبَتْكُمْ وَلاَ تُنكِحُواْ الْمُشِرِكِينَ حَتَّى يُؤْمِنُواْ وَلَعَبْدٌ مُّؤْمِنٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكٍ وَلَوْ أَعْجَبَكُمْ أُوْلَـئِكَ يَدْعُونَ إِلَى النَّارِ وَاللّهُ يَدْعُوَ إِلَى الْجَنَّةِ وَالْمَغْفِرَةِ بِإِذْنِهِ وَيُبَيِّنُ آيَاتِهِ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ﴾[1] . واتە: ژنانی هاوبەش پەیداکەر مارە مەکەن تا بڕوا ئەهیّنن، کە نیزەکیّکی بڕوادار باشترە لە ژنە (ئازادیّکی) هاوبەش پەیداکەر، با دڵیشی ڕفاندبن، وە ژنانی موسڵمان مارە مەکەن لە هاوبەش پەیداکەران، تا بڕوا ئەهیّنن، وە بەندەیەکی موسڵمان باشترە لە (ئازادیّکی) هاوبەش پەیداکەر با دڵیشی بردبن، ئەوانە بانگی (مەردوم) ئەکەن بۆ ئاگر (ی دۆزەخ)، وە خوا بانگ ئەکات بۆ بە هەشتو لیّخۆشبوون بە فەرمانی خۆی، وە ڕۆشن ئەکاتەوە فەرمانانی خۆی بۆ مەردوم تا بیر بکەنەوە[2].

---

[1] – سورة البقرة: آية ٢٢١.

[2] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

لەگەڵ هەبونی ئەم ئایەتانەشدا عومەر بیستی حوزەیفەی یەمانی ئافرەتێکی یەهودی هێناوە، نامەی بۆ نوسی: وازی لێ بێنە، حوزەیفەش بۆی نوسی: وا گومان دەبەیت حەرامە؟ عومەر گوتی: نا گومانی حەرام بوون نابەم، بەڵا ئەترسم توشی ئافرەتی خراپ ببن، لە گێڕانەوەیەکی تردا: من دەترسم ئافرەتە موسوڵمانەکان بمێننەوە قەیرە ببن[1].

کەواتە لێرەدا عومەر نیگای ڕونی گواستەوە کە ئایەتی دروستی (إباحە) هاوسەرگیری لەگەڵ خاوەن کتێبەکاندا بۆ سیاسەتی شەرعی، بۆ ئەوەی هاوسەنگی کۆمەڵایەتیو ئەخلاقی بڵاو نەبێتەوە، چونکە ئافرەتە ڕۆمییەکان زۆر شۆخو جوان بوون ترسی ئەوەی هەبوو زۆر لە موسوڵمانان ئافەرتانی ڕۆمی بهێننو ئافرەتانی موسوڵمان بمێننەوە، ئەوکاتە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کە قەیرە بوونە دروست ببێت، ئایەتەکەش هێنانی ژنی خاوەن کتێبەکان بە واجب نازانێت، بەڵکو تەنها ڕێگەی

---

[1] – السنن الكبرى للبيهقي، كتاب النكاح، باب ماجاء في تحريم حرائر نساء أهل الشرك دون أهل الكتاب، رقم ١٠٠٥٧، ٧٨/٦.

پێدەدات، لەباسی دەرفەت داندا (الرخصه)، ئیمامیش بەپێی بارودۆخ کات ئەم دەرفەتانە ڕێك دەخاتو دەیگونجێنێت، نمونەی ئەم بابەتانە فەرماندە دەبێت بەرژەوەندیو خراپەکە دێنە بەردەستی پێویستە خراپەکە دوور بخاتەوە، چونکە ئەمە لەپێشترە وەك هێنانی بەرژەوەندییە.

# هەڵوێستی عومەر لەسەر دەست بڕینی دزی

لەساڵی (رمادە)دا برسێتی لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا بڵاو بوەوە، خەڵك كەوتنە ناو كێشەیەكی زۆر گەورەوە، خەلیفەش هەستی بە و ناچاریانە دەكرد، ئەوكات هات نیگای ڕونی دەقی حەددی دزیكردنی وەستان بە تێڕوانینێكی زۆر ورد، گواستیەوە بۆ سیاسەتی شەرعی، كاتێك فەرمودەی خوای پەروەردگار ﴿وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُواْ أَيْدِيَهُمَا جَزَاء بِمَا كَسَبَا نَكَالاً مِّنَ اللّهِ وَاللّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴾[1]. واتە: ئەو پیاوەی دزی ئەكاتو ئەو ژنەی دزی ئەكات، بە مەرجێ باڵغو عاقڵ بنو، شوبهەیان نەبێ لە حەرامیی ماڵەكە بۆیان، نەك وەك ماڵی شەریكی یا ماڵێ كە وەقفی عاممە بێ كە گومانی حەڵاڵی تێدایە بۆیان، هەروەها بەو مەرجەی دزراوەكە نرخی چواریەكی دینارێكی ئاڵتوون بێو لە شوێنی خۆیدا دانرا بێو پارێزراو بێ، ئەوە دەستیان ببڕن لە مەچەك تا ببێتە تۆڵەی ئەو گوناهە

[1] – سورة المائدة: آية ٣٨.

**نالەبارە کە کردوویانە، کە ئەمەش عوقووبەتێکە لە لایەن خوداوە، خودا تواناو بە دەسەڵاتەو کارەکانی پڕ حیکمەتن[1].**

**چونکە لەو ڕۆژگارەدا بەرژەوەندی زۆری بۆ موسوڵمانان تیابوو، لە هەمان کاتدا لابردنی خراپەیەکیش بوو، خەڵك بەهۆی برسێتییەوە توشی ناچاری زۆر بوو بوو، بەڵام عومەر حەددی دەست بڕینی هەڵنەوەشاندەوە وەك هەندێك لە بێ دینو کینە لە دڵەکان بوختانی بۆ دەکەن، لەبەر ئەوەی وای بە باش زانی ئەو بارودۆخەی کە ئەم دەقەی تیا جێ بەجێ دەکرێت جیاوازە ئەو ژینگەیەی شەریعەت دەست بڕینی تیا دیاری کردووە لێرە لەو سروشتەی خۆی دەردەچێت خودا دەست بڕینی بۆ داناوە، ئەم کارەشی لە کاتێکدا بووە بە ئامادە بونی کەڵە پیاوان لە هاوەڵان، لەبواری ئیجتیهادو هەڵوێستو ڕوداوەکانی کاتی خۆی، دەکرێت ئەگەر بارو دۆخ بگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی ئەو دەقەش دەگەڕێتەوە حوکم کردنی خۆی و کاری پێدەکرێت.**

---

[1] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

## مۆڵەت دان بە کوشتی کۆمەڵێك لەبرێتی یەك کەس:

هەروەها یەکێکی دی لە کارەکانی پێشەوا عومەر ئەوە بوو ڕێگەی دا بە کوشتنی کۆمەڵێك لە بری یەك کەسدا، کاتێك بیستی لە یەمەن ئەو کارە ئەنجام دراوە، هیچ دەقێکی قورئان‌و سونەت نەبوو لەسەر ئەو کارە، بەڵکو کاری بە بەرژەوەندی باڵا (المصحله المرسله) کرد، ئەگەر لە کۆمەڵێك خەڵك کە پیلانیان داناوە بۆ کوشتنی کەسێك خۆشبین، بەو بیانوەی بۆچی خەڵکێکی زۆر بکوژین، هەر کاتێك کەسێك بیەوێت کەسێکی تر بکوژێت لەگەڵ چەند کەسێك دەڕوات بۆ کوشتنی لەبەرئەوەی لە وەرگرتنی تۆڵە سەندنەوە ڕزگاری ببێت، ئەوکاتە خراپەیەکی زۆر گەورە بڵاو دەبێتەوە بۆیە عومەر بە ئاوەزی ئیجتیهادی وردی خۆی پەی بەم مەترسییە بردو ئەو کارەی ئەنجامدا.

شاتبی دەڵێت: ئەگەر وتیان: ئەمە کارێکی داهێنراوە لە شەریعەتی خودا ئەویش کوشتنی کەسێکە کە کەسی نەکوشتووە، دەڵێین: وانییە، بەڵکو تەنها بکوژی کوشتووە،

ئەمەش کۆڕای زانایانی مالیکیو شافیعی لەسەرە، ئەوان کۆمەڵێکن بەو شێوەیە کۆ بونەتەوە بە کۆدەنگی شافعییو مالیکی، لێرەدا ئەو کەسەی دەدەینە پاڵ ئەمانە هەموشیان دەدەینە پاڵ یەك کەسو بە یەك کەسیان دادەنێین، بەڵکو ئەمە بەوە دیاری دەکەین چەن کەسێك شوێنی یەك کەسی گرتوەتەوە، ئەمەش پێی دەوترێت بەرژەوەندی داهێنراو (مبتدع) نییە، لەگەڵ ئەوەشدا پارێزگاری کردنە لە مەبەستەکانی شەریعەت لە پارێزگاریکردنە لە خوێن ڕشتن، مالیکیەکان لەمەوە ئەوەیان وەرگرتووە بڕینەوەی چەند دەستێك بە یەك دەست دادەنێن، یان بڕینەوەی چەند دەستێك ئەگەر دزی هەموویان بگاتە ئاستی پێویستی بڕینەوەی دەست لەسەر دزی[1].

---

[1] – الإعتصام: ٢/ ١٢٦.

## ڕوداوەكان لەسەردەمی عوسماندا (رضي الله عنه):

ئەوەی زانراوە لەسەردەمی عوسمادا (رضي الله عنه) حەدد لێدانی عارەق خۆران دیاری نەكرابوو، تەنها شتێكی وانەبێت وەكو بەند كردنو ڕێگری لێكردنی بۆ تەمێكردنیبوو، كاتێك ئەم بابەتەیان گەیاندە عوسمان (رضي الله عنه) هاوەڵانی كۆكردەوە (رضي الله عنه) و دەستیان كرد بە راوێژ لەسەر ئەم كارە، بۆچونی عەلی (رضي الله عنه) وەرگرت، دەڵێت: هەركەس لێرەو لەوێ سەرخۆش بوو یان بوختانیان پێكرد حەدی كەسی بوختان پێكەری لێ بدرێت، حەدی بوختان هەڵبەس (٨٠) شەلاقە، عوسمان حەددی عارەق خۆری كرد بە (٨٠) شەلاق.

ئەم كارانە لەڕوی ڕوكەشی كارپێكردنیەوە پێچەوانەی ئەو كارە بوون كە لەسەردەمی پێغە خودا (صلى الله عليه وسلم) و ئەبوبەكرو عومەر (رضي الله عنه) نەكراوە كاتێك عارەق خواردنەوە پەرەی سەندو ڕوو لە زۆر بون كرد واتە بەهۆی گۆڕانی بارودۆخەكەوەبووە.

# ئەنجام دانی نوێژ بەتەواو لە مینا

لە حەجی ساڵی (٢٩ ك)دا عوسمان چوار ڕکاتی بە خەڵك کرد، عەبدوالرحمان دوو رکعاتی کرد، پاشان ڕۆشت بۆ لای عوسمان، پێی وت: ئایا لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) لێرە دوو رکاتت نەکرد؟ وتی: بەڵێ، وتی: ئەی لەگەڵ ئەبو بەکردا دوو ڕکاتت نەکرد؟ وتی:بەڵێ، وتی: ئەی لەگەڵ عومەردا دوو ڕکاتت نەکرد؟ وتی:بەڵێ، وتی: گوێ لەمن بگرە باوکمی محمد، من لە هەندێك لە حاجییەکانی یەمەن بیستوە لە ساڵی ڕابردوودا وتویانە بەوانەی نیشتەجێن دوو رکات بکەن، ئەوە عوسمان کە خەلیفەمانە دوو رکاتی کردووە، من بۆیە چوار ڕکات دەکەم لەوە دەترسم وەك خەڵکی تر دەترسن ئەمانە بیگەنن بە خێزانەکانیان، ئەم کارە ببێتە دەستورێك بۆیان، منیش بۆیە بەم کارە هەستام، پاش گفتوگۆیەکی زۆر لە نێوان ئەو و عەبدالرحماندا، عوسمان ئەم ئیجتیهادەی خۆی جێگیر کرد،

هاوەڵانیش لەترسی ئەوەی نەکەونە ناو کێشەو را جیاییەوە شوێنی کەوتن[1].

ئەمە عوسمانە پێچەوانەی بۆچونی پێغەمبەرو (ﷺ) دوو خەلیفەی کردووە لەسەر بۆچونی خۆی، چونکە بە باشی زانی لەبەر ئەوەی بارو دۆخەکە ئێستا جیاوازە، لە ڕاستیدا ئەم بابەتە لە بابەتە بڕواوەکان (القطعية) نییە، ئەگینا هاوەڵان بە یەك دەنگ دەوەستان لەسەر ڕێگرتنیو گوێڕایەڵی دەقە بڕاوەکە، عوسمان نوێژ کورت کردنەوەی واجب نەکردووە لە سەفەردا بەڵکو ئیجتیهادێکی جیاوازی دەربڕیوە لەگەڵ بارودۆخەکە بگونجێت[2].

---

[1] – تيسير الكريم المنار في سير بن عفان: الصلابي، ص ١٦٤ و مابعدها، والعنوان الثاني، (سيرة أمير المؤمنين عثمان بن عفان، ص ١٥٣).

[2] – عثمان بن عفان: محمد صادق عرجون، ط١، الإستقامة – القاهرة، ١٣٦٦ – ١٩٤٧، ص ٢٠٠.

## ڕواوەکان لە ژیانی عەلیدا (رضي الله عنه)

پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە عەلی کوڕی ئەبی تالیب (رضي الله عنه) ئەو پێشنیارەی بۆ عوسمان (رضي الله عنه) کرد کە حەددی عارەق خۆر وەك حەدی بوختان کەر لێبکات، چونکە ئەو سەرخۆش دەبێت لێرەو لەوێ دەردەکوێتو قسەی خراپ دەکاتو جێگەی درۆکردنە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەمە بارودۆخێکی نوێوە پێویستە ئەو سزایە زیارت دابنرێت لەسەر عارەق خۆر هاوەڵە بەڕێزەکانیش ئەم بۆچونەیان قبوڵ کرد هەروەها پێشەواکەیان عوسمانی کوڕی عەفان (رضي الله عنه)یش لەگەڵیان هاوڕابوو.

**هەڵوێستی لەسەر شەهید کردنی عوسمانی کوڕی عەفان (رضي الله عنه):**

ئەو ووتانە کە دەدرێنە پاڵ علی کەرازی بوو بە کوشتنی عوسمانی کوڕی عەفان (رضي الله عنه) بوختانەوە درۆیە بەدەمیەوە دەکرێت، ئەمەش لای گەورە پیاوانی هاوەڵانو شوێن کەوتوانو زانا پایەبەرزەکانی ئەم ئومەتە جێگیر بووەو نەگۆڕە، پلەو

پایەی عوسمان (ﷺ) لای عەلی زۆر لەو درۆو بوختان چیانە گەورەترە، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) لەسەر ناوازەترین‌و بڵندترین مانای برایەتی‌و خۆشەویستی پەروەردەی کردوون، پێکەوە بڕوایان پێی هێناو پێکەوە تێکۆشان و لەمەککە بە گژ مل هوڕو گەورەکانی قوڕەیشدا چوونەوە، هیچ گومانی تێدا نییە ئەگەر عەلی بیتوانیایانە حوکمی خودا بەسەر بکوژانی عوسماندا بدایە ئەو کارەی دەکرد، بەڵام ئەو دڵنیابوو بکوژەکانی عوسمان سەدان کەس بوون سەر بە چەند هۆزێکی جیاجیا بوون، بەتایبەتیش لە بەسرەو کوفە، زۆربەیشان ڕۆشتبوونە ناو سوپاکەیەوە، بەو دەست‌و بردو پەلە پەلییە نەیدەتوانی ئەو حوکمە جێ بەجێ بکات، چونکە ئەو حوکمە پێویستی بە وردەکاری‌و لێکۆڵینەوەو گەیشتن بە ئەنجامێکی دروست هەبوو لە دۆخێکی لەباردا حاکم بتوانێت حوکم بدات‌و ئومەت یەکگرتووبێت‌و مەترسی لەسەر نەبێت، بەڵام پشتیوانانی عوسمانیش ئارامیان نەدەگرت لەسەر ئەو کارە، هەموو دەرگاکانی چاوەڕوایان تێپەڕاندبوو داوایان دەکرد دەبێت ئەو حوکمە بە خێراترین کات جێ بەجێ بکرێت.

خاتو عائیشه و زوبێری کوڕی عەوام‌و تەلحەی کوڕی عوبیداللە ویستیان کارێك بکەن بۆ بەهێزکردنی ئەو داواکارییە ڕۆشتنە بەسرە داوای تۆڵەی عوسمانیان کرد، بەڵام ئامانجەکەیان نەپێکاو دوای ئەوە هیچیان پێ نەکرا ئەو کارە لەنێوان ئەوان‌و عەلی ڕویدا، لەکاتێکدا پیلان داڕێژەری بکوژی عوسمان لەناو سوپاکەی عەلیدابوون، دوای ڕێکەوتن لەنێوان هەردوو لا شەوێك هێرشیان کردە سەریان، ئەوەبوو ڕووداوی جەمەل لە بەسرە ڕوویدا، دوای ئەوەی ئەیان وت: سوێند بەخودا ئەوان تەنها بۆ ڕشتنی خوێنی ئێمە ڕێکەوتوون.

ئەگەر هەموو لایەك ڕێك بکەوتنایە بۆ بەهێز کردنی دەسەڵاتی ئوممەت ئەوە عەلی بۆچونی جیاوازی نەبوو لە تۆڵە سەندنەوەی دادگەری یاخییەکان، کاتێکدا لە سەر بۆچونی پەسەند دەروچنی لە مەدینەی پێغەمبەر (ﷺ)، دەیەویست لە نیگای ڕوونەوە بڕوات بۆ سیاسەتی شەرعی، نیگاش داوای ئەوەی دەکرد هەرکەس کەسێك بکوژێت دەکوژرێتەوە، بەڵام ئێستا هێزێك نییە بەسەر باروخەکەدا زاڵبێت عەلی ناتوانێت ئەو کارە

بکات، لەکاتێکدا ئەو دادوەرو شەرع زانە لەسەر نوسینەوەی سیاسەتی شەرعی، هەندێك لەوانەی تریش دۆریان دەکرد لە دڵسۆزی بۆی، ئەوان ئەوەیان بە نیسب نەبوو دەیان ویست ئاژاوە دروست بێت هەر کەسێك نیەتێکی هەبوو، هەموو زانایانی ئەهلی سونەو جەماعە لەسەر ئەوەن کە پێشەوا عەلی کوڕی ئەبی تاڵب لەسەر حەق بوو، ئیجتیهادی ئەوانەی دژی بوون لەسەر هەڵەبوون، ڕاستی لای عەلی بوو، چونکە پێشەوای ڕاستی ئەوەیە یەکێتی و بەهێزی و دەسەڵاتی ئومەتی دەوێت، لەڕویی فیقهو دینشەوە لەوانی تر شارەزاتربوو، لەوانی تریش باشتر لە و وەزعە تێدەگەشت لە چواردەوری دەگوزەرا لەگەڵ ئەو دان پێدا نانەی هەموویان بە دڵسۆزی بۆ دینی خوداو پێداگری لەسەری هەموویان بۆ ڕەزامەندی خودا هەوڵدەدەن.

**هاوەڵان (رضي الله عنه) لە ژیانی پێغەمبەریشدا (صلى الله عليه وسلم) مەبەستەکانیان بەکارهێناوە:**

کاتێك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) مەعازی کوڕی جەبەلی نارد بۆ یەمەن بۆ ئەوەی ببێت بەماموٚستاو فەرمانڕەوایان فەرمانی پێکر سامانیان لێ وەرگرێت، وتی: (لە گەنج و گەنم لە مەڕو ماڵاتو ئاژەڵی بەرزە لە وشترو مانگاو گایی باشە وەریبگرە))، لەگەڵ ئەوەشدامەعاز دەستی نەگرت بە ڕوکەشی فەرمودەکە، بەڵام تەماشای مەبەستی دەقەکەیی کرد لە وەرگرتنی زەکات، ئەویش پاك بونەوەو پاڵفتەکردنی دەوڵەمەندە (خۆیو ماڵەکە)ی بەمەش هەژاریی دەبوژێتەوە، بەشداری کرد لە بڵندکردنەوەی ئیسلام وەك بنیات نانی بانکێکی زەکات (مصارف الزكاه)، هیچ خراپەیەکی نەبینی لە وەرگرتنی بەهای ئەو شتانەی واجبە زەکاتیان لێ بدرێن بە زەکات، چی ئاسان بوو وە

سود بەخش بوو لەو کەسانەی زەکاتیان دەدا وەری دەگرتو دەینارد بۆ هەژارە کۆچبەراو پشتیوانە موسوڵمانەکان[1].

## بەشی حەوتەم

## گەیاندن و سیاسەتی شەرعی لە سەردەمی خۆماندا

### پێشەکییەك دەربارەی گەیاندنەکەی:

ڕەنگە هەندێك کەس ئەم پەڕانەی ڕابورد بخوێنێتەوە وا گومان ببات گواستنەوە لە نیگای ڕونەوە بۆ سیاسەتی شەرعی بنچینەیەکی بنەڕەتییەو نابێت خۆتی لێ پەناگیر بکەیت، لە هەموو بارو دۆخێکیشدا کاری پێ دەکرێت، لەکاتێکدا پابەند بوون بە نیگای ڕونەوە ئەوە بنچینەیەو وە خودای پەروەردگار پێغەمبەرێکی ناردووە بۆ ناو خەڵك بۆ فەرمانەکانیو ڕێگرییەکانی دین بۆ خەڵك لە ڕوی بیرو باوەڕو شەریعەتو ڕەوشتەکانی.

---

[1] – صحيح البخاري، كتاب الزكاة، باب الغرض من الزكاة– مقدمة الباب، ص ٣٠٥، عن طاوس معلقا، نقلا عن (فقه مقاصد الشريعة تنزيل الأحكام: فوزي بالثابت، ص ٢٤٢.

نیگای ڕون هەموو ئەو گوتارانەی لەناو قورئانی پیرۆزدا هەیە دەیگرێتەوە لەگەڵ هەموو ئەو ڕوداوانەی لە پەیامبەر (ﷺ) دەرکەوتوە لە فەرمایشتو کردارو درانە پاڵ (تقریر) دەگرێتەوە، هەموو ئەمانە سروشتی پەروەردەگارن پێویستە بگەیەنرێت بە بەسەرجەم مرۆڤایەتی، لە چوار چێوەی زمانی عەرەبی دابەزیوەو ڕاڤەکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕاڤەی قورئانی پیرۆز بە سونەت کراوە، وە ڕاڤەی سونەتیش بە سونەت کراوە دەقەکان ڕوون دەکاتەوە نایەڵێ دژ بەیەك دروست ببێت، ئەگەر شتێك لەو بارەوە ڕوو بدات بە یاسای بنەماکانی فیقە (أصول الفقه) کۆنترۆڵ کراوە.

بە پێی گەشە پێدانی زانستی مرۆڤەکان ئاوەزو زانست دەڕۆنە ناو ڕاستیەکانی نیگاوە (وحی)، زانایانمان یاسایەکی تۆکمەو بەهێزیان داناوە بۆ کۆکردنەوەی ئاوەز (العقل) و دەق (النقل) پێکەوە:

یەکەم: هیچ کاتێك دەقێکی یەکلا کەرەوە لەگەڵ ئاوەزێکی یەکلا کەرەوە پێکدا نادەن، چونکە هەردووکیان لەلایەن خوداوە بەرهەم هێنراون، هەرگیز دژ بەیەك ناوەستن.

دووەم: ئەگەر بەڵگەیەکی یەکلا کەرەوە لەگەڵ بەڵگەیەکی گوماناوی بەکیاندا دا، ئەوە بەڵگە یەکلا کەرەوەکە لەپێشترە کاری پێ بکرێت وەك بەڵگە گوماناوییەکە (الظني).

سێیەم[١] : ئەگەر بەڵگەیەکی گوماناوی شەرعی لەگەڵ بەڵگەیەکی گومانای ئاوەزی پێکیاندادا، ئەوکاتە داوای (مقتضی) سیاسەتی شەرعی دەکەین بۆ یەکلایی کردنەوەیان بەهۆی ڕوکەشی فەتوا لایەنە شاراوەکەی دەربخات، چونکە پێویستە ژیان بەردەوام بێت و نەوەستێت بۆیە دەبێت یەکێکیان پێش بخات، باشترە بەم شێوەیە ئەمە ڕون بکەینەوە:

---

[١] – سوپاس‌و پێزانیی بێ پایانم بۆ جەنابی شێخ فەیسەڵ مەولەوی، بۆ ڕونکردنەوەی ئەم بەشی (سێیەم)ە بە درێژییەکی بەڕونی لە جەنابیان لە (أ,ب،ت) خودا بە بەهەشت پاداشتی بداتەوە لەسەر پێداچونەوەو ڕاستکردنەوەی، خودا بەرەکەی فراوان بخاتە تەمەنی.

أ) زۆربەی حوکمە فیقهییەکان لەسەر بەڵگەی گوماناوی بونیات نراون نەك یەکلاکەرەوە، ئەگەر لێرەدا کارێکی گوماناوی شەرعی هەبێت ئەوە ئەوەمان دەوێت، ئەوکات ناشکێتەوە بەسەریدا ئەگەر دژ بە بەڵگەیەکی عەقڵی بوەستینەوە بی پێکین یان هەڵە بکەین.

ب) ئەگەر گومانی شەرعیی پەیوەندییەکی تەواو نەبوو بە پەیوەست بونو دروستبونو ڕێگری (حەڵاڵو یاساغ)ەوە لەو کاتەدا پێویست پشت بە گومانی ئاوەزی ببەستین ئەگەر سەلێمنرا ئەمە لە پێشترە لە خراپەیەکی تەواو، دەبێت ئێمە بە یەکلاکەرەوەیەکی عەقڵی کاربکەینو گومانێکی شەرعی وەلاوەبنێین لەسەر بنەمای فیقهی هاوسەنگی (موازنات) لەنێوان بەرژەوەندیو خراپەدا هەڵیدەبژێرین.

ت) لەکاتی بونی ڕاجیایی لەنێوان گوماناوی شەرعیو گوماناوی ئاوەز پێویستە بە گوماناوی شەرعی کار بکەین بۆ ئەوەی بزانین ئەو ئاوەزە جیگیرە یان دەڕوات، بەڵام ئەمە نابێتە ڕێگرێك بۆ هەڵاوێکردنی کارکردن بە هاوشێوەی ئەم یاسایە بە فیقهی هاوسەنگ حوکم بدرێت.

هەموو موسوڵمانێك لێپرساوە بەرامبەر بە خودای پەروەردگار بە گەیاندنی ئەم پەیامە بەو پەڕی تواناو هەوڵدان ، پێغەمبەر (ﷺ) لە كۆتا وتاری ماڵ ئاواییدا دەفەرموێت: (ئەوەی لێرە ئامادەیە بیگەیەنێت بەوەی لێرە نییە....).

خودای پەروەردگارو میهرەبان ستایشی ئەو كەسانە دەكات گەیەنەری ئەم پەیامەن، دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ يُبَلِّغُونَ رِسَالَاتِ اللَّهِ وَيَخْشَوْنَهُ وَلَا يَخْشَوْنَ أَحَداً إِلَّا اللَّهَ وَكَفَى بِاللَّهِ حَسِيباً﴾[١]. واتە: ئەو پێغەمبەرانەی نامەی خوا ئەگەیەنن بە مرۆڤایەتی و لە خوا ئەترسن و لە خوا بەولاوە لە كەس ناترسن،خوا بەتەنها بەسە بۆ خودا سەرپەرشتی كردنی كاروباری هەموان[٢].

[١] – سورة الأحزاب: آية ٣٩.

[٢] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

# گەیەنەر (پەیامبەر)ەکان سی چینن

بیسەر: ئەوانەن تەنها وەك دەقێك نیگاكەیان بیستوە و، وەك چۆن بیستویانە گەیاندویانە بە خەڵك، بە بیَ خستنە سەری یان كورتكردنەوەی، یان ڕاڤەیەكردنی هیچ بنەمایەكی زانستی نییە، ئەگەر فێری زانستو ڕاڤە (التفسیر)ی بوو، ئەو تەنها بە زانستەكەی بۆی هەیە قسە بكات.

شەرع زان (الفقیە): ئەو كەسەیە مانای ئایەتو فەرمودەكان دەزانێتو خوێندنەوەی بەسەر مەزبەهی زانایاندا هەیە لەسەر ئەوەی دەیزانێت، ئەوەی فێری بووە دەیگەیەنێت، بەڵام نەگەشتووە پلەی تێفكرین بۆ دەرهێنانی حوكمی شەرعی لە ئایەتەكە.

موجتەهید: قوڵ بوەتەوە لەم كارەداو زیاتر لە (بیسەر) و (شەرع زان) تێگەیشتووە، چونكە ئەم شارەزای هەموو نیگاكانی خودای پەوەردگارە لە قورئانو سوننەتدا، شارەزایی تەواوی لە مەزهەبەكانی ڕاڤەكارانی قورئانی پیرۆز هەیە، بەردەوام

خوێندنەوەی بەسەر تۆڕە شەرعییە پەیوەستەکان هەیە، دەتوانێت بە تێگەیشتنێکی ورد حوکمەکان دەربهێنێت، ئەم چینە دەتوانێت فتوا بدات بۆ خەڵك بەوەی بە و تێکۆشانەی پێی گەیشتوە.

ئەم سێ چینەی باسمان کرد لە فەرمودەی پێغەمبەر (ﷺ) (هەندێك گەیەنەر هەیە لە بیسەر باشترە، وە هەندێك کەس هەیە ڕەنگە لەو شەرع زانەکە زیاتر بزانێت) وەك لە فەرمودەی پێشوودا باسمان کرد هاتوون.

میانڕەوی لە گەیاندندا ئەرکێکی شەرعییە، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ ﴾[١]. واتە: ئەی پێغەمبەر! (ﷺ)، ئەی ئیماندار! هەر بەژیرانەو نەرم و قسەی خۆش و حیکمەت وئامۆژگاری شیرین و جوان خەڵك بۆ ڕێگای

---

[١] – سورة النحل: آية ١٢٥.

پەروەردگارت بانگ بکە، سروشتی ئادەمیزاد وایە خۆی بەشت دەزانێ وبەئاسانی تەسلیم نابێت، جالەبەر ئەوە دەبێ زۆر بە ژیرانە بۆی بچیتە پێش، نەوەك دەعیەو خۆ بەزلزانین زاڵبىبێت بەسەریداوگوێ نەگرێ بۆت، وبەچاکتر و باشترین شێوە قسەو گوفتوگۆیان لەگەڵ بکە، بەڵگەی جوان و بەهێزیان بۆ بهێنەوە،تا بارودۆخی ئاسای دەبێتەوە، خۆ ئەگەر قۆناغیجەنگ و پێکدادان بوو، دیارە تۆیش بەیاسای جەنگ کار دەکەیت لەگەڵیاندا،تا دینەکەت ڕیسوا نەبێت، چونکە مەردوم دینی سووك و ڕیسوا وەرناگرێت، تۆ ئاوا گفتوگۆیان لە گەڵ بکە، بەڕاستی پەروەردگاریشت باشتر بەحاڵی ئەوە دەزانێت کە لەڕێی ئەو لایداوە، وزاناتریشە بە حاڵی ئە و کەسانە ڕێنوێنن و لەسەر ڕێی راستن[1].

(بالحكمه) واتە بە بەڵگەی یەکلاکەرەوەو دوور لە گومان ئەویش ئامۆژگاری بەسودو جوانە، و (الموعضة الحسنة) بە گوتاری شیرینو پەندو ئامۆژگاریو بەسودو ئەمە ناو دەبرێت

[1] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

به ڕاسپارده (خطاب)، (جادلهم بالتي هي أحسن) بەو ڕێگەیەی باشترین ڕێگەی دیبەتو گفتو گۆو دانیشتنی نەرمو نیانو هەڵبژاردنی ئاسانکاری لە گفتوگۆدا[1].

ئایەتەکە سەلماندنو گفتوگۆی پێکەوە کۆکردوەتەوە لە جێگەیەکی گونجاوو سود بەخش بۆ ئەنجام دەرانی، بەڵام لە سنوری ﴿فَقُولَا لَهُ قَوْلاً لَّيِّناً لَّعَلَّهُ يَتَذَكَّرُ أَوْ يَخْشَى﴾[2]. واتە: کە چوونە لای قسەی نەرمی لەگەڵ بکەن بەڵکو بیری بکاتەوەو پاشگەز ببێتەوە لە خراپە یا بەهۆی قسەکانی ئێوەوە بترسێ[3].

پێویستە بانگخواز ئەو کەسانەی بانگیان دەکات بناسێتو بزانێت چی تایبەت مەندییەکیان هەیە، بزانێت ئەمە نەتەوەی هەڵبژێراوە لەسەر ئەم بنەما بەهێزە مامەڵەی موسوڵمانانەیان لەگەڵدا بکات.

---

[1] – روح المعاني: الآلوسي، ١٤/ ٢٥٤، المنبرية – القاهرة.

[2] – سورة طه: آية ٤٤.

[3] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

بەڵگەش لەسەر ئەوەی ئەم نەتەوەیە بە هەموو چینەکانیەوە نەتەوەیەکی هەڵبژێردراوە، خودای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ أَوْرَثْنَا الْكِتَابَ الَّذِينَ اصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا فَمِنْهُمْ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِ وَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ وَمِنْهُمْ سَابِقٌ بِالْخَيْرَاتِ بِإِذْنِ اللَّهِ ذَلِكَ هُوَ الْفَضْلُ الْكَبِيرُ﴾[١]. واتە: لەپاشان ئەم قورئانەمان کردە میرات و کەلەپوور بۆ ئەو بەندانەمان کە هەڵمان بژاردن، بەڵێ! ئەم ئوممەتی پێغەمبەرە (ﷺ) چاکترین گەلی هەڵبژێردراوە، هەر بۆیەش ئەم قورئانە دوای پەیامبەر (ﷺ) دراوەتە دەستی ئەوان، ئینجا ئەوانە سەبارەت بە قورئان ئەبنە سێ بەشەوە: هەندێکیان (بەقسوورو کەمتەرخەمیکردن لە کار پێکردنیدا) ستەم لە خۆ ئەکەن، قسەی ڕاستیش ئەوەیە کە ئەوانە لەم ئوممەتەن، بڕێکیشیان مامناوەندین، واتە، نەکەمتەرخەمی دەکەن و نەزیادە ڕەویش، هەندێکیشیان (بەفەرمانی خوا) لە ئەنجامدانی کارە چاکەکاندا پێشکەوتوون[٢].

---

[١] – سورة فاطر: آية ٣٢.

[٢] – الطبرى، ١٣٣/١٢، والبحر المحيط: لأبي حيان، ٣١٣/٧، الآلوسي، ١٩٦/٢٢.

# سیاسەتی شەرعی لە سەردەمی نوێدا

کاتێك کارەکە بەم شێوەیەیە باسمانکرد، ئەوکات پێویستە لە سەر بانگخوازی گەیەنەر نەرمو نیانو میانڕەوبێت لە گەیاندنی ئەم پەیامەداو ڕەچاوی بارو دۆخی خەڵکەکە بکاتو بە گوێرەی ئاستیان لەگەڵیان بدوێت، ئەبێت گەیاندنەکەی لە چوارچێوەی سنوری ئەو یاساو ڕێسایانەی دیاریمان کرد دەر نەچێت بۆ ئەوە خەڵگ گوڕما نەبن، چونکە هۆگری مرۆڤ بە ڕوکەشی دەقەکانو لێپرسینەوەی کەسانی تر پێیو بە بێ گەڕانەوە بۆ بارو دۆخی دابەزینو تێگەیشتن لەسەر یاساو ڕێساکانی و، بە بێ خوێندنەوەی جوڵەی کۆمەڵگە لە ڕوی زانستیو جێگەوە دەبێتە هۆی ئەوەی بەرەو لادانێکی مەترسیدار بڕۆن لە تێگەیشتن بۆ دینو ئەنجامی ئەم مەترسیەش لە جێ بە جێ کردنیدا دەردەکەوێت.

زۆربەی خەڵك دەبنینن وازیان لە دەست گرتن بە سروتە ئاینییەکان هێناوە بەهۆی خەڵکانێکی نەزان لە گەیاندنو جێ

بەجێ کردنیدا، بەوەی تەنها پشت بە ڕوکەشی دەقەکان دەبەستن، بەڕاستی پشت بەستن بە ڕوکەشی ئایەتەکان زۆر ئەستەمو ئاڵۆزەو زاراوەی وشکی تیایە ئەستەمە بتوانن بگەن بە مانا ڕاستیەکەی، بەشێوەیەك ئەم کارە دەکەن ئەو ڕێگە ئاسانە لەسەر خۆیانو کەسانی تر دادەخەن بۆ چارە سەری کێشە تاکیو کۆمەڵایەتییەکان.

ڕەچاو کردنی بانگخواز بۆ هەموو ئەو کۆسپانەی دێنە ڕێی خەڵك لەکاتی دوورکەوتنەوەیان لەشەریعەتو بە ها باڵاکانی ئیسلام، سەرەتای سەرکەوتنە لە چاکسازی ئەو کارانەی خەڵکی خراپی کردووە، بەتایبەتی لەو حاڵەتەی پێغەمبەر (ﷺ) بە نامۆ بونی ئەم دینە ناوی دەبات (الغرباء) دەستی پێکردووە.

ئەمڕۆ جیهانی ئیسلامی بە دەست ئەو بیرو باوەڕە ناتەواوەوە دەناڵێنێت کە جیلێکی گەنجی پێ گەیاندووە لەسەر دەمارگیریو بەر تەسك کردنی شەریعەت، زیانێکی زۆری گەورەی گەیاندووە بە ئیسلامی ئاینی لێبوردەیی لە بیرو باوەڕو شەریعەتو بەهاو ڕەوشتەکانی، زۆربەی موسوڵمانانو

ناموسوڵمانان ڕقیان لێی دەبێتەوە، وا دەرکەوتووە ئەمە دینی دەمارگیری‌و تیرۆرو زیادەڕۆییە.

گومانی تێدا نییە سێبەری ڕۆژ ئاوا لەناو وڵاتە ئیسلامییەکاندا کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر زیادکردنی ئەم توندو تیژی‌و پەڕگیریەیە لەسەر ئەو کەسانە، وا گومان دەبەن وەڵام دانەوەی ڕۆژ ئاوا کۆتایی بەم ڕێبازە دارخراوە پەڕگیرییە دێنێت.

هەوادارانی ئەم ڕێبازە ناتەواوەوە لەبەر نەبونی خوێندنەوەیان بۆ ڕێبازی ئوصولییە گشتیرییەکان لە تێگەیشتنی ئیسلام، کەلێنێکی گەورەی لە نێوان موسوڵمانان‌و ئیسلام دروست کردووە، ڕوداو گەلێکی زۆر گەورەشی بەسەر هێناوە، بەهۆی نەفامییان ئەو خو و نەریتە گۆڕاوانەیان کردوە بە دین‌و لێپرسینەوەی خەڵکی دەکەن لەسەری، بەهۆی نەبونی شارەزاییان بە مەنهەجی مەبەستەکانی شەریعەت ئیسلامێکی ناشرینیان پیشانی موسوڵمان‌و ناموسوڵمان داوە بەشێوەیەك پێکدادان ڕوو دەدات لە گەڵ ناوەڕۆکی ئیسلام‌و دژ بە عەقڵیەتی

سەردەمە، هەمیشە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، دەیانەوێت بە ڕابردو و ئاینده لەناو ببەن.

وەك لە باسەكانی ڕابردوودا ڕونمانكردەوە ئیسلام ڕەچاوی بارودۆخە گۆڕاوەكانو بەرژەوەندی خەڵكی دەكات، ئەندازەی خۆیانی بۆ دیاری كردوون، یاسای وردی داناوە بۆ حاڵەتە هەڵاوێرەكان (استثناء) لێرەو لەوێ لە ژیانی تاكو كۆمەڵگەدا دەر دەكەون.

ئیسلام ئیجتیهادی بەردەوامی هەیە بۆ وەڵام دانەوەی ئەو ڕوداوە گۆڕاوانەی ناو ژیان، بۆ ئەوەی كارەكە نەگەیەنێتە یەك ڕێگای داخراو، بۆ ئەوەی ئەوەی باسی دەكاتو شوێنی كەوتوە بیخاتە دەرەوەی ڕەوڕەوەی مێژوو.

شەریعەتی ئیسلامی بە بنچینەو بنەماكانی دەتوانێت لە هەموو سەردەمێكدا ئاسان كاری بكاتو خۆی بخاتە ناو دڵی ڕێڕەوی مێژوییەوە، بەڵكو ئەگەر بتوانیت بە تێگەیشتنێكی باش مامەڵە لەگەڵ ئەو بنچینەو یاسایانە بكەیتو بە دوای

مەبەستەکانی شەریعەتدا بگەڕێت, ئەم شەریعەتە لە پێشتڕەو باشتڕە بۆ ئەوەی ڕابەرایەتی ئەم جوڵە گەردونیە بگرێتە دەست.

هەڵگرانی ئەم بیروڕا دوو تاوانیان ئاراستەی کۆمەڵگەی خۆیان کردووە:

یەکەم: ئەوان نەیان توانیوە ئەم شەریعەتە بە پێی پێشکەوتنەکانی سەردەم ببەن بەڕێوە، دووە: بەرامبەر بە ناموسوڵمانەکان، بەهۆی هەڵەی ئەوانەوە بێ بەش بوون لە دانایی و میهرەبانیو مرۆڤدۆستی ئەم شەریعەتە، ئەم ڕێگە فراوانەیان بۆ کەمینەیەکی ئیسلامی تەنگکردوەتەوە، چونکە نەیان توانیوە پەیامی ئیسلامی بەو شێوە جیهانیەی کە هەیە تێبگەن لێی لە یەکر ڕێگاییەوە بیکەکەن بە سەراپاگیری ئیسلامی بۆ شارستانی هاوچەرخ، بەڵکو کۆتای کارەکەیان بە بەر تەسك کردنەوە لەسەریانو شەڕ کردن دژیانو داخستنی ڕێگەکانی بانگەوازو جێگیر بون بەرامبەریان، لە ژێر سێبەری ئەوەی پێیانە لە تێکدانو کوشتنی ئەو کۆمەڵگایانە.

هاوەڵانی ئەم مەنهەجە هەڵپاچراوە ستەمێکی دیکەش لە پێشینە باشەکانمان (سلف الصحالح) دەکەن بەوەی وا بانگەشە دەکەن ئەوان شوێن کەوتەی ڕێبازی ئەوانن، بۆیە ئەمانە دورن لەوانەوە، چونکە ئەوان بەردەوام لە ئیجتیهادا بوون بۆتیچگەیشتن لە بزاوتی ژیان، بەشوێن ئاسانکاریدا دەگەڕان نەك قورسکردن، شەریعەتی ئیسلامی شەریعەتێکی شارستانی قوڵە لە بنەماو ڕێبازو مەبەستەکان پێك دێت، بۆ ڕوو بەڕو بونەوەی کێشە نوێکان سێ بڕیاری هەیە: خوێندراوە، بینراو، جێ بەجێ کردن، واتە: قورئانو گەردونو پێغەمبەر (ﷺ)، لە ڕوانگەی ئەم سێ خوێندنەوە کۆمەڵگەیەکی ساغو دەوڵەتێکی داد پەروەر پێك دێت، شارستانیەت دەردەکەوێتو دەدرەوشێتەوە لەبەردەم مرۆڤایەتیدا ڕێگەی بەختەوەریو پێشکەوتنو بەرەکەتو میهرەبانیە بۆیان.

لە ڕاستیدا ڕێبازی سەلەف ڕێبازێکی سەرپاگیر ناوەندڕەوی ڕاستی درەوشاوەیە، لێرەوە لەبەرامبەر ڕێبازی خەواریجی دەمارگیری پەڕ گیری نەزان بێ دەنگ ناوەستێت، کاتێك گفتو

گۆو دانوستان لەگەڵیان سودی نەبوو پێشەوا عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب (رضي الله عنه) شەڕی لەگەڵ کردن، دوای ئەوەی بەڵگەیان لەسەر دروست بوو، ئارامی لەسەر گرتن‌و تەکفیری نەکردن، دەستی نەکرد بەشەڕ کردن لەگەڵیان تا ئەوان دەستیان کرد بە شەڕ، پرسیار لە پێشەوا عەلی کرا (رضي الله عنه) ئایا کافرن؟ وتی: لە ڕێی باوەڕ لایاندا ، وتیان: دوو ڕوون؟ وتی: دوو ڕووەکان یادی خودا ناکان بە کەمی نەبێت، پێی وترا: ئەی چین؟ وتی: برامانن یاخی بوون شەڕیان لەگەڵ دەکەین.

ئەمڕۆ ئەم نەفامانە دیسان گەڕاونەتەوە، خەواریجەکانی سەردەم‌و ڕێبازی باپیرانیان بە نەفامییەکی توند ترەوە گرتووە، توندو تیژترو زەبروزەنگ تر، هەر بەوەوە نەوەستاون دێن تەکنەلۆژیا هاوچەرەخەکان بەکار دەهێنن بۆ کوشتنی خەڵکی بێتاوان، جیاوازی ناکەن لە نێوان پیاو ژن‌و منداڵ و موسوڵمان‌و ناموسوڵمان، بە ویستی خۆیان خەڵك بە نادادگەر دادەنێن، بە بەڵگە داپەیوە بێ بنەماکانیان خەڵك بە کافرو بێ باوەڕ دەدەن لە قەڵەم، هیچ پەیوەندییەکی بە شەریعەتی خوداوە نییە، بە

ناوی خوداو سونەتی پێغەمبەرەوە (ﷺ) زانایانی ئەم ئومەتەوە خوێنو ماڵی خەڵك حەڵاڵ دەكەن.

فەرمودەی زۆری لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) هاتوە لەسەر بە ناپەسەند كردنی تەكفیر كردنی كەسێك بڵێت (لا اله الا اللّه) ئەمانە لەوەش تێپەڕیونو كەچی خوێنیان دەڕێژن، بە حەڵاڵیشی دەزانن.

یەكێك لەو فەرمودانە ڕێگری دەكات لە كوشتی كەسێك دوای وتنی وشەی شەهادەت، فەرمودەی ئوسامەی كوڕی زەیدە (رضي الله عنه) دەفەرموێت: پێغەمبەری خودا (ﷺ) ناردینی بۆ لای كۆمەڵێك لە جەهینەكان شەڕمان لەگەڵ كردنو شكستیان هێنا، منو پیاوێك لە پشتیوانان كەوتینە شوێنی یەكێكیان ، كاتێك دەورماندا، وتی: (لا اله الا اللّه)، پشتیوانیەكەی لێدا، منش ڕمەكەم لێداو كوشتم، كاتێك هاتینەوە، بۆ پێغەمبەر (ﷺ)م گێڕایەوە، وتی: ئوسامە كەسێكت كوشتووە دوای ئەوەی وتویەتی (لا اله الا اللّه)، وتم: ئاخر لە ترسا پەنای پێگرت، لەدوای ئەوە

ڕۆژەوە زۆر ڕقم لە وکارە دەبویەوە هیوام دەخواست پێش ئەو کارە موسوڵمان نەبومایە.

لەبەر ئەمە کۆڕای زانایانی ئیسلام لەسەر ئەوە یەك دەنگن کە نابێت بە بێ بە لگەی یکەلا کەرەوە موسوڵمان بکوژرێت.

پێشەوا ئیبن‌و تەیمییە دەفەرموێت: پێویستە موسوڵمان زۆر ئاگای لە خۆی بێت لە تەکفیر کردنی موسوڵمانان بە ئەنجامدانی هەڵەو تاوان، چونکە ئەوە یەکەم داهێنانە لە دیندا، کاتێك کۆمەڵێك موسوڵمانانی بە کافر زانی (واتە خەواریجەکان) خوێن‌وماڵیانی بە حەڵاڵ‌و ڕەوا دانا، لە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمودەی زۆر پەسەند هاتووە لەسەر خراپ باسکردنیان‌و جەنگان لەگەڵیان[١].

پێش ئەویش غەزالی وتبووی: ئەوەی پێویستە بەدەستی بهێنیت‌و حەزت بۆی هەبێت خۆ درو گرتنە لە تەکفیر کردنی ئەو کەسانەی ڕێگەی ڕاستی گرتووە. چونکە حەڵاڵ کردنی

---

١ – مجموعة الرسائل الكبرى، ١/٢٣.

خوێنو ماڵی ئەو نوێژ خوێنانەی کە روویان لە روگەی دان نان بە وشەی (لا اله الا الله محمد رسول الله) هەڵەیە یەکی گەورە، ئەگەر بوار بیدەت (١٠٠٠) بێ باوەڕ لە شەڕدا لە بەردەستت ڕزگاری ببێت باشترە لەوەی دەستت بچێتە ڕشتنی خوێنی موسوڵمانێکی[١].

هەموو ئەم کۆسپە گەورانە بەهۆی نەفامیی و هەڵە تێگەیشتنە لە دەقێك یان نەزانین لە مەبەستەکانی ئیسلام، وە هەستیش نەکەیت بە جوڵەو بەرەو پێش چونی سەردەمەکان، وە هیچ شارەزاییەکیشت نەبێت بە بەرەو پێش چونی سونەنە پێشەکەوتوەکان لە کاتی بونی ململانێ لەنێوان موسوڵمانانو نا موسوڵمانانداا، بەڵام لەم کاتەدا شوێنی یەك ڕێبازی هەڵپاچراوی تەکفیری بکەویت.

بۆ چارەسەری ئەم کێشە پێویستی بە هەوڵی جۆراو جۆرە لەتەکیدا، نمونەی ئەو هەوڵانە:

---

[١] – الإقتصاد في الإعتقاد، ص٢٢١، راجع كتاب (حتى لا نسقط في هاوية التكفير لصلاح الدين محمد الحسني، ط١، نشر الرائد، بغداد، ٢٠٠٥).

بونی کۆڕ بەندێکی زانستی زانایانی دڵسۆز و بانگخواز و پەرۆشەکانی تیا کۆ بکاتەوە، بزوتنەوەیەکی ئیسلامی بەڕێوە بەرن، بۆ ئەوەی ئەوکارانەی بونەتە جێگەی ململانێ بۆ جیهانی ڕون بکەنەوە چی ڕێگە پێدراوەو چی ڕێگە پێنەدراوە، ئەو ڕێگە ڕاستو دروستە دیاری بکات کە دەبێتە هۆی سەرکەوتنی نەتەوەو بۆ ئەوەی ڕوو بەڕوی دوژمنانی ناوخۆیو دەرەکی ببینەوە.

پێوەند کردنی ئەم ڕێبازە هەڵپارچراوە یەك ئاراستەیە بۆ تێگەیشتن لە شەریعەتی ئیسلامیدا، هەوادارانی خستوەتە ناو بارگژییەکی زۆر مەترسیدار، شوێنەوارە وێرانکەرەکەشی لە سەرجەم وڵاتانی ئیسلامیدا دەرکەوتووە، بەڵکو ترازاویشە بۆ وڵاتانی نا ئیسلامیەکانیش، سەری کێشاوە بۆ توندو تیژی خوێناوی وەك لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لە (میسرو جەزائیر) بینیمان، ئەمڕۆش ئەوەتا بەبەرچاومانەوە لە عێراقیش هەمان ڕووداو بەردەوامە.

لەگەڵ ئەوەی ڕێبازی نێوەند گیری گشتگیری کە چەمکی سەرەکی تێگەیشتن لە ئیسلاممان لە دەستداوە و خۆمان ونکردوە لەبەردەم پەی نەبردن بە بنەما بەهێزەکانی ئیسلام چۆن مامەڵە دەکات لەگەڵ ئاشتی و شەڕدا لەکاتی ململانێکاندا، ئەو فیقهە ڕونەشمان لە دەست داوە کە بۆ جوڵەی هەموو سەردەکەمان دەگونجێت، چونکە مەنهەجی ئوصولییە هانی تاکی موسوڵمان دەدات بۆ ململانێی ژیان، بەبێ لە دەست دانی هاوسەنگی هزری و جوڵەیی.

نزیک ترین نمونەش لەسەر ئەمە بیری سەراپاگیرییە لای بزوتنەوەی بەرگری الإسلامی (حماس) بەگشتیو، سەرکردەی ڕۆحی و دامەزرێنەری ئەو بزوتنەوەیە (احمد یاسین) -خودا لێی خۆشبێت- بەتایبەتی، کە لە ئازارێکی زۆردا دەژیا دوای سوتاندنی ڕاپەڕینی (ئەقصا)، کە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لەهەموو ڕوویەکەوە هاوکاری ئیسرائیلی کرد بۆ هەڵگیرساندنی ئاگری ئەو شەڕە، هەرگیز هاوسەنگی خۆی لە دەست نەدا کاتێك گۆڤاری (مجتمع)ی کوێتی پرسیاری لێکرد: بۆچونتان چۆنە

بەرامبەر ئەو تەقیانەوانەی لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا ڕویاندا؟ ئایا بە کاری تیرۆریستی دەزانن؟

وەڵامی دایەوە: ئێمە ئەو کارانە ڕەد دەکەینەوەو دانی پێدانانێو ، چونکە ئەو کارانە دژی کەسانی بێ تاوان ئەنجام دراوە کە هیچ پەیوەندییەکیان بە سیاسەتی ڕێکخراوو حکومەتەکان نییە[1] .

دەست درێژی بۆ گەلان دروست نییە، ئەم کارە هیچ خزمەتی ئیسلام‌و کاربۆ ئیسلامی ناکات، ئەوەش ڕوونە ئەوەی ئەم کارە دەکات لە ناو ماڵی ئەمەریکیدا گەورەبووە، بە باشی نهێنییەکانی دەزانێت، ئێمە زۆر دڵنیایین ئەوەی زۆر سود لەم تەقینەوانە دەبینێت جولەکەیە بە پلەی یەك، چونکە ئەوان دەیانەوێت بەم کارە دوو نیشانە بپێکن:

یەکەم: لێدانی گەشتنی دەستی ئیسلامی تازە گەشە کردوو بۆ ناو ئەمەریکا کە ئەمەش بەرژەوەندییەکای لۆبی جولەکە

---

[1] – العدد ٤٧١، السنة ٢٣.

دەخاتە مەترسییەوە (ئەمەیان بە شێوەیەکی بەرچاو دەست کەوتووە).

دووەم: کێشکردنی ئەمەریکا بۆ ناو چوارگۆشەی سەهیۆنی بۆ پەستان خستنە سەر عەرەب بۆ وەستاندنی ڕاپەڕینی فەلەستین و، ئەو چارەسەرانەی هەیانە بیسەپێنن بەسەریاندا، بەرگری کارانیش بە تیرۆر دابنێن، ئەوان ئەمەیان لا مەبەستە، وەك شەهید (احمد یاسین) پێشبینی ئەمەی کردبوو.

ئەوە ئەو باسە بوو لە پەڕەکانی ڕابردوودا جەختمان لەسەر دەکردەوە.

کەواتە پێشەنگی هەستانەوەی پڕۆژەی ئیسلامی لەم سەردەمەدا نابێت بدرێتە دەستی ئەو کەسانەوە سەر بە ڕێبازی بیری هەڵپاچراون؛ چونکە بەهۆی سنوردار بونی تێگەیشتنیان بۆ ئیسلام لە ڕوی بیرو باوەڕو شەریعەتو ڕەوشتەوە، ناتوانن ڕوبەڕوی ململانێکانی سەردەم ببنەوە، بەهۆی مانەوەیان لە

مێژوو مەزهەبو ململانێ دەمارگیرییە سازکراوەکانی خۆیان و، نەتوانینی وەرگرتنی سروشتی هاوچەرخ.

کەواتە لێرەوە ئەوە دەزانین ئەوان ناتوانن کۆمەڵگەیەکی هاوسەنگ بنیات بنێن و، دەوڵەتێکی ئیسلامی هاوچەرخ دروست بکەن بتوانێت لە سروشو نیگاوە بگوازێتەوە بۆ سەردەم، بە زیرەکییان بتوانن میانڕەویو ڕەوشتە جوانەکانی ئومەت زیندو بکەنەوە، پلانێکی گەشە پێدانی شارستانی دابنێت بۆ ئەوەی هاوسەنگییەك لە دونیادا دابنێت بۆ ئەوەی ئەو توانای مادییە بێ دینەکان دەستیان پێ گرتوە بەسەر تواناکانی مرۆڤایەتیدا لایبداتو خۆی شوێنی بگرێتەوە.

ئەگەر کەسێك بپرسێت: ئایا بێ دەنگ بین بەرامبەر ئەو خوێن ڕێژیە باڵی گرتووە بەسەر جیهانی ئیسلامیدا ؟

ئایا بێدەنگ بین بەرامبەر ئەو تاوانانەی وڵاتە یەکگرتوەکان کردویانە دژی موسوڵمانان ؟

ئایا بێ دەنگ بین ئەو حاکمو بەکرێگیراوانەی ئەوان حوکمیان دەکردین دور لەوەی کە خودا دایبەزاندووەتە سەرمان؟

دەڵێین: نەخێر بێدەنگ نابین لەسەر ئەوانە!!! بەڵکو بەهەموو هێزمانەوە بەرگری دەکەین، بەڵام ئێمە نابێت بکەوینە ژێر کاریگەری سۆزەوە، نابێت ببین بە پەند، نابێت ئەو ڕێگەی بیگرینە بەر خراپەیەکی گەورەتر بگەڕێتەوە بۆ خۆمان نە توانین بەرامبەری بوەستینو بمان خاتە ناو بارێکی تەنگەبەریی مێژوییەوە بەرامبەر بە خودای پەروەردگار.

ئەگەر وازبێنین لەو ڕێبازی تێگەیشتنو کارکردن بە مێژووی ڕابردوو، ئەوەی دەیبینین چەندین ڕێبازو تاقم لە ئەنجامی ململانێی فکری یان خوێناوی لەنێوان مسووڵماندانا دروست بوون، ئەوانەی لەم سەردەمەشدا بە بیری تارکی خۆیان دەیانەوێت بمان گەڕێنەوە ئەو تونێلە تاریکە یەك ڕێگاییە ئەو تەنگژیو نەخۆشیەی ڕابردومان بۆ بگەڕێننەوە بۆ ئەوەی ئێمە لە مێژوودا بمێنینەوەو هیچ پێش نەکەوین بۆ نیات نانی

ئێستاو ئایندەمان، بەڵکو پێویستە لەسەرمان لە فراوانترین دەرگاوە لە سروشەوە بڕۆینە ناو سەردەمی هاوچەرخەوە لە ژێر ڕۆشنایی مەزهەبە سەراپاگیری ئیسلامییەکانو بوەستین لەبەردەم پێکهاتە نەگۆڕو جێگیرەکانی، ئاوەزمان ئازاد بکەین بۆ کارە گۆڕاوەکانو بیخەینە گەڕ بۆ جوڵەو گەشە سەندنەکانی ژیان، لە چوار چێوەی ڕێبازی مەبەستەکان چاودێری یاسا گۆڕاوەکانی کۆمەڵگە بکەین، دوور بکەوینەوە لە قەڵەمبازو هەڵچونی ناخییو توندو تیژی خوێناوی ئەوە هەموو ئەوکارەساتەی ڕاکێشاوەتە ناو جیهانی ئیسلامییەوە.

پێویستە بە یەکجاریو بیری تەکفیریو ئازار دانی کۆمەڵگە شارستانیو سیڤیلیە ڕۆژ ئاواییەکانو کونسوڵخانەو خەڵکەکانی نیشتە جێی وڵاتانی ئیسلامی لە ڕیشە دەربهێنین، ئەو کۆمەڵگایانەی بەڕاستی تێگەیشتون لە کۆمەڵگەی ئیسلامی و گەشەیان کردووە بەڕاستی ئەوانە چاوەڕوانی خێرو چاکەیان لێدەکرێت، ئەو سیستەمە ڕۆژئاواییەی لە ناو وڵاتکەی خۆی پەخش دەکات لە ڕێگەی گفتوگۆی لۆژیکیو لەسەر خۆی،

سیاسەتە پێگەیشتوەکەی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی تەنکنەلۆژیاو ڕاگەیاندنە نوێکانی خۆیەوە لەناو ماڵەکانیاندا لە ڕۆژئاوا جەنگیان دژ دەکات.

پێویستە لەسەر کادیرە پێشکەوتوە ئیسلامییەکان‌و دەستەو کۆڕی زانایانی ئەم نەتەوەیە دیداری جیهانی ببەستن و جیاوازی نێوان جیهادی شەرعی‌و تیرۆری دور لە شەریعەت‌و دژ بە ئاسایش لێك جیا بکەنەوە، لە هەموو کوچێکی ئەم جیهانەدا بڕیارەکانی ئەو کۆنگرەو دیدارە بڵاو بکەنەوە وەر گێڕێتە سەر هەموو زمانە زیندوەکانی جیهان‌و لە کەناڵە ڕاگەیاندنە جیهانییەکان بڵاو بکرێتەوە.

بە پلەی یەکەم پێویستە لەسەر بیرمەندە گەورەکان‌و خاوەنی ئاوەزی زۆر زرنگەکانی هزری ئیسلامی و بانگخوازەکانی ئەم بیرە بە توێژینەوە زانستی‌و شەرعی‌و مێژووییەکان ئەوە بۆ جیهان بسەلمێنن کە شارستانی ئیسلامی شارستانی گفتوگۆو ئاشتییە، نەك شارستانی تیرۆرو تۆقاندن‌و پێکدادان، ئامێرە تەکنەلۆژیاو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەرگایەکی فراوانە بۆ چونە

ناو مێشکی ئەو کەسانەی خاوەنی بیری دەمارگیریو توندڕەون لە لایەن جولەکەی جیهانییەوە هان دەدرێن بەهۆی کینەی ناودڵیانە بەرامبەر ئیسلامو موسوڵمانان هەیانە.

پێویستە بەڕێوەبەرانی وڵاتە زلهێزەکان -وەك ئەمەریکا- ئەوە بزانن بە باش باسیان ناکرێت کاتێك بەهۆی کارێکی تاکییەوە کەسێك لێرەو لەوێ سەفارەتێکیان دەتەقێنێتەوە یان کەسێکیان دەکوژرێت ستەم لە موسوڵمانان بکەن، بەڵکو ئەوە جێگەی باسکردنە کاتێك دەزانن لەبەرامبەر ئومەتێك دەوەستن دەستیان گرتوە بە باوەڕو بنەما شارستانیەکانیو مافو بەرژەوەندییەکانی، دەزانێت چۆن حوکمی دادگەری خۆی بەسەر موسوڵمانان بسەپێنێت، وە دەتوانێت خۆیان پلان بۆ بەکار هێنانی ئەو سەروەتو سامانە بێ شومارەی خۆیان دابنێتو چۆن بتوانێت لە بوارە جیا جیا کانی ژیاندا سەرفی بکات، یەك سیاسەت پەیڕەوی دەکات لەم جیهانە کێشمەکێشمو ململانێو دژوارو بڕاوەدا.

لەم کاتەدا بەڕێوەبەرانی ئەم یەك ئیرادەییەی بەهانای ملیارو نیوێك موسوڵمان دێن توشی کێشە دەبێت وازی لە هێزو توانای خۆی هێناوەو دەگەڕێت بەشوێن بەرژەوەندییەکی گەورە لە جیهانی ئیسلامی یەکگرتوودا.

زۆر باشترە بۆ ئەو ڕەوتە جیاوازەنەی ناو ئیسلامیە میانڕەوە دادگەرە تێکۆشەرەکان هەوڵ بدەن بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو ئامانجە بڵندو پڕ شکۆیە، ئەویش ئەبێت بەشەکانیان یەك بگرێتو تواناکانیان یەك بخەن بۆ ئاوەدان کردنەوەی جیهانی ئیسلامیو بەهێزکردنیو بیگەنن بەوەی ئیسلام داوای کردوە لە هێزو سەربەرزیو توانا لە جیاتی بە فیرۆدانی هەوڵی ئەو کەسە پەرگیرانەی لێرەو لەوێ بە شێوەیەکی ناشرین داکۆکی لە بەشێکی بچوکی ناشەرعی دەکەن و ئەمانە هیچ لە سروشتی ئەو ململانێو جەنگە ناگۆڕن.

وە لەکۆتاییدا دەڵێین: جیهانی ئیسلامی ئەمڕۆ هەڵمەتێکی بەر فراوان دژی بەرپا کراوە بە چەندین لێدان لەلایەن وڵاتە مەسیحییەکانەوە بە سەرۆکایەتی جولەکەی جیهانی، جا ئەم

جەنگە لە فەلەستین بێت یان عێراق یان ئەفغانستان یان چیچان....هتد، یان لە هەرجێگەیەکی تر جیهانی ئیسلامی، بۆیە پێویستمان بە ڕاچڵەکان‌و هەژانێکی گەورەیە وەك زللەیەکی میهرەبانی دەست بگرین بە هۆکارەکانی هێزو تەمکین‌و چەسپاندن.

بێ باوەڕەکانی (عەلمانی) سەدەی ڕابردوو وا گومانیان دەبرد ئەوان ئەتوانن ڕابەری نەتەوە دەکەن بۆ گەشە سەندنێکی سەراپاگیری و یەکێتییەکی تەواو، بەڵا توشی شکستێکی ئابڕو بەرانە بوو، چونکە لەکاتی سەرکردایەتی ئەوندا بە پڕۆژەیەکی ڕاپەڕاو وڵاتی بەنرخێکی کەم‌و بە بێ شەڕ ڕادەستی دووژمنی کرد، بە پێی ئەو بنەمایانەی دەجوڵایەوە دووژمنان بۆیان داڕشتبوو دوور لە بیرو باوەڕی نەتەوەو شارستانی‌و سەربەخۆیی وڵات، لە بنکە نهێنیی‌و ئاشکراکانی شارستانی دەوڵەتە دژەکانمان ئەو بەڕێوەبردنەیان وەرەگرت، زانی بێتیان یان نا.

ئەمڕۆ دەوری ئیسلام هاتەوە چونکە ئەوە سەنتەری نەتەوەو تواناکانییەتی لە ژیاندا، ئایا دەتوانین بە ئازایەتیو بە جوانی هەڵی بگرین کە بانگەشەی بۆ دەکەین؟ ئایا تێگەیشتنێکی مەنهەجی مەبەستدانانی شارستانێتی پێشکەوتومان هەیە ؟

هۆشیاری ئیسلامی (صحوه الإسلاميه) ئێستا بەشێوەیەکی زۆر فراوان شەپۆل دەدات لە گشت جێگەیەك، پێویستە هەست بە مەترسی وەستان لەسەر چەند ڕێگەیەك بکات، ئەگەر نەتوانێت بەباشی ئەو ڕوگەیە بە شوێنێکی دروستدا ببات ئەوە بژاردەی ڕاست هەڵبژێرێت، ئەگەر نەتوانێت وەحی بگوازێتەوە بۆ سەردەم، بەڵکو ئەمە کاریگەری لەسەری دەبێت و دەڕواتە ناو مۆزەخانەی مێژووەو، چونکە ئەوان ئەم هەستانەوە ئیسلامییە بەرەو زیانێکی زۆر گەورە دەبەن، لەو کاتەشدا ئیرادەی خودای پەروەردگار دێتە ئاراوەو دەیان گۆڕێت بە کەسانی تر.

﴿هَاأَنتُمْ هَؤُلَاء تُدْعَوْنَ لِتُنفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَمِنكُم مَّن يَبْخَلُ وَمَن يَبْخَلْ فَإِنَّمَا يَبْخَلُ عَن نَّفْسِهِ وَاللَّهُ الْغَنِيُّ وَأَنتُمُ الْفُقَرَاء وَإِن تَتَوَلَّوْا يَسْتَبْدِلْ قَوْماً غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوا أَمْثَالَكُمْ﴾[١] .

واته: ها! ئەوەتا ئێوە بانگ دەکرێن لە پێناوی خوداوەندا بەخشینتان هەبێت، کەچی هەتا هەتایە ڕەزیل و بەرچاو تەنگن، خۆ ئەوەی ڕەزیل و بەرچاو تەنگی بکات، ئەوە ڕەزیلی لە خۆی دەکات و زەرەر لەخۆی دەدات! و خودا هەر خۆی دەوڵەمەند و بێ نیازە، و هەر ئێوەن کە هەژار و نەدار و کەم دەستن، جا ئەگەر ئێوە پشت هەڵکەن لەم دین و بەرنامەیە، خوداوەند کەسانی چاکتر لە ئێوە دەهێنێتە مەیدان، کە بە هیچ شێوەیەك لە ئێوە نەچن و وەك ئێوە نەبن.

---

[١] – سورة محمد: آية ٣٨.

# پاشماوه

# له نیگای ڕونەوه

# بۆ مەبەسەتی شەریعەت

توێژینەوەیەکە پێشکەشی کۆڕبەندی مەبەستەکانی شەریعەتم کرد لە مەغریب لە بەرواری (٢٨-٣ مایسی/ ٢٠١٥) ڕێکخرابوو، وەك سودێکی زیاترو تەواو کردنی ئەوەی باسمان کرد بیخەمە سەر ئەم پەرتوکە.

## بەشی هەشتەم

## لە نیگای ڕونەوە بۆ مەبەستەکانی شەریعەت:

### ئاسانکاری:

هیچ سەردەمێك نەبووە هێندەی ئەمڕۆ موسوڵمانان پێویستیان بە بەکارکردنی زیادە مەبەستەکانی شەریعەت بووبێت، بۆ ڕووبەڕو بونەوەی ئەو گۆڕانە خێراو گەورانەی بونەتە هۆی دروست بونی چەندین کێشەی کەڵەکە بوی چڕو پڕەی کارەکتەری ئەو بارگرانییەن، بەهۆی بونی هێزێکی کاریگەریی سەراپاگیری تەنها بەوە ناتوانین لە بەرامبەری بوەستین، وە لەپای ئەمانەش هێشتا دەگەڕێین بەشوێن هەندێك بابەتی لاوەکی بێمانای پچڕ پچڕ هەرگیز پێکهاتەیەکی گشتی لێ دروست نابێت ئەوەی کۆمەڵگاکەمان لەو شکستیە شارستانیەتە دەر بهێنین تێی کەوتووە.

ئەو وتەی ئیبنو قەییم زۆر پڕ مانایە، دەڵێت: پێویستە موفتی لە هەموو سەردەکەمێکدا بجولێتو ڕۆبچێت لە دوو

زانستدا: ڕۆچونی زانستی لە شەریعەتو ڕۆچونی زانستی لە جوڵەی دونیا، هەرگیز بەبێ ڕێبازی مەبەستە کۆنترۆڵکراوەکانی شەریعەت نەبێت ناتوانین ڕوبەڕوی شارستانیەت ببینەوە. هەروەها وتەیەکی فەیلەسوفی ئیسلامی (محمد ئیقبال) هەیە باسی بزوتنەوەی ئاینی ئیسلام دەکات، ناتوانین ڕوناکیی تەواو بدۆزێتەوە تەنها بەوە نەبێت لە نیگای ڕوونەوە بە چاوکراوەیی‌و ژیری بڕوات بۆ مەبەستەکانی شەریعەت بە گشتی تایبەتی.

پێویستە هەموو بیرمەندو شەرعزانێك قوڵ ببێتەوە لە خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە لە قورئانی پیرۆز و سونەتی پێغەمبەری بەڕێز، پێویستە بوەستێت لەسەر مەبەستەکانی شەریعەت، چونکە هەر مەبەستێك لە پشتییەوە دەقێك یان میانەی دەقێك هەیە، ئەوەش ئەو یاسا گشتییە خودای پەروەردگار لێی ڕازیەو بۆ بەندەکانی لە چوار چێوەی جێگیر کراوە شەرعییە ئیسلامییەکان توانیویانە تۆڕێکی هاوسەنگ بۆ ڕێڕەوی ژیانی مرۆڤایەتی بکێشن، ئەویش ئەو مەبەستە

بنەڕەتییەی بۆ ناردنی کۆتا پەیامی ئاینی کە ئیسلامە بۆ نوسینەوەی بارودۆخی ژیانی لە گۆڕ و بەختەوەری دنیاو ئاخیرەت بۆ کۆمەڵگە.

سەرقاڵ بوون بە بەشە لاوەکییە پچڕپچڕەکان لە کاری دەرهێنانی حوکمی فیقهی پیشەی زۆربەی شەرع زانە مەزهەبییەکانی ئەم سەردەمانەی دواییەیە لە نێوان تۆکمە کردنو دۆزینەوەی هۆکارەکانو حوکمەکان یان سەرچاوەی ئەو مەبەستە لێیەوە هەڵقوڵاوە لە خۆڕسکانەو لە ناوخۆوە هەڵقوڵابێت، نەك بەهۆی پەستانی دەرەکییەو بۆ ئەوەی بەپێی مەبەستو ئامانج پێکهاتەی شارستانییەتی تر بڕوات بەڕێوە، هێشتا لەنێوانماندا هەوادارانی بیری عەلمانی هاوچەرخمان هەیە پشت دەبەستێت بە کارکردن بە مەبەستێکی بێ بنەمای خەیاڵاوی هیچ بنەمایەکی چوارچێوەداری لە دەقەکانەوە وەرنەگیراوە، بەڵکو لەوەش ترازاوە ئێستا ئەو دەقە هەڵدەوەشێننەوەو بونی دەیسڕنەوە.

هەڵگرانی ڕێبازی ڕوکەشی لاوەکی پەرژو بڵاوە تێڕوانین لەوە ناکەن چی لەپشتی دەقەکانی نیگای ڕونەوەیە لە هۆکارو حکیمەتو مەبەستەکان بە تەواوی پشتگوێیان خستووە، ئەمەش مەترسیدارترین زنجیرەی ناشرین کردنی شەریعەتی لێبوردەو سەرچاوەی باشترین چارەسەی کێشەکان دوور لە کاریگەری لەسەر مۆڤایەتیە، بەتایبەتی لەم سەردەمە نوێیەدا، لە ئێستادا دەقەکان دانابەزن بۆ ئەو گۆڕانکارییە مەترسیدارانەی بەسەر مرۆڤەکاندادێت، بەڵام وەك بەدیلی ئەمە لە ژێر دەرکەوتنی ناوە پیرۆزەکانی خودای پەروەردگار بەشی مرۆیی لە چوارچێوەی ئامادەیی جێنشین کردنی مرۆڤ لە زەویدا ئەو هێزە بێ ئەندازەیەی پێداوە ، پاشانیش بۆ ئەوەی نەتەوە فێری ئەوە بکات چۆن ڕو بەڕوی گۆڕانکارییەکانی ژیان ببێتەوە.

زۆر سەیرە چۆن هەڵگرانی ئەم بیرە لاوەکیە بچوکانە هەست بەوە ناکەن مەبەستەکانی شەریعەت بە پێی کۆنکرۆڵی سروشتی خوداییەوە دەرهێنراوە و، سروشتی خودایی لە پشت

ئیجتیهادو هەوڵی پێغەمبەر (ﷺ) و خەلیفەكانی ڕاشیدینی و سەرجەم هاوەڵە نزیكەكانە وەبووە (رضي الله عنه).

لەوەش نامۆ تر ئەوەیە ئەم ڕۆڵە بەپێی تێپەڕ بونی كاتو دوای سەردەمی پێشەوایان لاوازتری دەكەن، كاتێك تاكی موسوڵمان ئاوەزی تەشریعی خۆی دایە دەستی شوێن كەوتنێكی چەقبەستوی وشك لەسەر وتەی زانایانی پێشیندا، ئەو ڕێبازەی خۆیان دەدەن بەسەر مەبەستەكانی شەریعەتدا بە ڕێبازێكی لاوەكی كراو نێو ئەو دەریای فیقهیە جۆراو جۆرە و پەراوێزە چڕە و سەرنجە ماندو كەرەكان.

لەبری ئەمەش زۆر لە شەرعزانە پایەبەرزەكانمان هۆشداریان داوە لەو بانگەشە پچڕ پچڕانەی جێ بە جێ كردنی ڕێبازی مەبەستەكان كە لە بنەڕەتدا لە بێژەو دەربڕین (الفاظ) دەقە شەرعییەكان وەرگیراوە، ئەو پێشەوایانەش: جووەینی، غەزالی، ئیبن عەقیل، عز ئیبن عبدالسلام، قەرافی، ئیبنو تەیمییە، ئیبنو قەییم، شاتبی، پێشتریش گەورە پیاوانی مەزهەبەكانی وەك پێشەوا مالیك باسی ئەوەی كردبووە،

دیارترین ئەو خاڵانە جەختی لەسەر دەکەنەوە دەست گرتنە بە جێ بە جێ کردنی بەرژەوەندی ڕەهایە، چونکە ئەمە ناوەرۆکی شەریعەتی ئیسلامییە.

ئەم ڕێبازە بنەڕەتیشە لە سەردەمەکانی کۆتاییدا نوێ کرایەوە لە سەر دەستی محمد عەبدە خوێندکارەکەی محمد ڕەشید رەزا، دوای ئەوانیش چەند مامۆستایەکی زانکۆ دەستیان دایە ئەم بارەو گرنگیان دا بە مەبەستەکان، دیارترین ئەو کەسانەی خوێندنەوەیان بۆ ئەم بابەتە کرد، ئەحمەد ریسونی و عەلی قەرەداغیو جاسر عودەو عەبدوڵلا جەدیع[1].

هەمویان وایان پێ باشبوو خوێندنی مەبەستەکانی شەریعەت لە بازنەیەکی فراواندا گرنگی پێ بدرێت، لەڕێگەی خوێندنیەوە لە زانکۆکاندا زۆر پێویستە زیندو بکرێتەوەو شەرعیەتی پێ بدرێت، بۆ چارەسەری کێشە ئاڵۆزەکانی ئەمڕۆ توشی جیهانی ئیسلامی بووە.

---

[1] - دکتۆر محسن عبدالحمیدیش یەکێکە لەو کەسانەی دەستی دایە ئەم بارەو توێژینەوەی زۆری لەبارەوە کردووە، خودا بەرەکەت بخاتە تەمەنییەوە. (وەرگێڕ).

له ڕاستیدا زیندوو کردنەوەی شەریعەتی مەبەستەکان له ڕوانگەی فەلسەفەی شەرعدانانەوە دەردەچێتو پەیوەسته به سروشتی نیگا (وحی) خوداییەوە هەیە، چونکه شەریعەت ئەو بنمیچه باڵایەی بۆ ژیانی کێشاوە بانگی مرۆڤایەتی دەکات بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن پابەند بن پێوەی به پێی توانا مرۆییەکانی خۆیان له کاتی ڕوو بەڕوو بونەوەی بارودۆخه گۆڕاوەکاندا.

ئەوە شتێکی زانراوە سروشتی خودایی پارێزراوە، پێك هاتووە له چەند بێژەو دەربڕینێکی هاتووی جێگیر، ماناکانی هەندێك جار بڕاونەتەوەو هەندێك جاریش گوماناوین (ظني) بۆیه تێکڕای شایستەی جێ بەجێ کردنن، یان شایستەی جێ به جێ کردنن بۆ ماوەیەکی دیاری کراو و، یان حوکمەکانی دەوەستێنرێت بۆ کاتی لەباری خۆی، به پێی بارو دۆخه بەپەلەکانو گۆڕانکاری شوێنو کات کاریان پێ دەکرێت.

ئەوەی پێویسته لەسەری جێ بەجێی بکات مرۆڤانێکی بڕوادارن نەپارێزراون له هەڵە، ژیانیان پڕە له ململانێی هەوەسو ئارەزوو ویستەمەنیو گۆڕانی بایلۆجیو بەد خویی،

ئەگەر ئەو بەراوردی بکەیت لەنێوان ئەو دوو زانیاریەی ڕابورد، هەرگیز ناگوجێت ڕۆژێك لە ڕۆژان گومان ببەیت ئەم مرۆڤە بتوانێت بە پێی ئەم بنمیچە بڵندە خوداییە ڕەهایە بەتەواوی جێ بە جێ بکات، ئەگەر ئێمە دانمان نا بە توانای جێ بە جێ کردنی ئەو کاتە پێچەوانە دەبێتەوە لەگەڵ پێشەکییەکەی باسمانکرد: پارێزراوی نیگایی خودایی‌و نەپارێزراوی مرۆڤایەتی.

کاتێك لەم هاوکێشەیەو ئەنجامێکمان دەستکەوت‌و شرۆڤەمانکرد بە درێژایی چاخەکان بۆ ئەوەی جێ نشینی خودابین لەسەر زەوی، موسوڵمانەکان توانیان ئەم ئەنجامە لە شەریعەت وەرگرن پێویستە هەوڵ بدەین بە پێی توانامان نزیك ببینەوە لەو بنمیچە خوداییە باڵایەی دایناوە بۆمان، ئەمەش بەباشترین شێوە دەبێت بگیرێتە بەر، دەبێت لە سنوری قسەو وتە دەربچین‌و بگەڕێین بە شوێن ئەوەی لە پشتی بەرژەوەندی‌و مەبەستەکانیەوەیەتی، بۆ ئەوەی نزیك ببینەوە لەو بنمیچە پارێزراوە.

ئەگەر توانیمان ئەم نزیك بوونەوە ئەنجام بدەین لە ڕاستیەکانی شەریعەت تێگەیشتن ئەوکات هاتوین بۆ هێنانە دی بەرژەوەندییەکانی بەندە، بە وردو درشتیەوە، لە چوار چێوەی پێداچونەوەو ڕۆچون لەو بەشەی ماناکەی و مەبەستەکانی کۆنترۆڵ کراون لە بواری هەوڵدان بۆ جێ بەجێ کردنی شەریعەت لە ژێر ڕۆشنایی فەرمودەی پەروەردگار: ﴿لاَ يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْساً إِلاَّ وُسْعَهَا لَهَا﴾[1]. واتە: خوا داوا لە هیچ کەسێك ناکا مەگەر بە ئەندازەی توانایی خۆی[2].

وە فەرمودەی پێغەمبەر (ﷺ): (بە پێی توانای خۆت ئەرکەکانت ئەنجام بدە)[3]، دەبێت بە پێی توانامانبێت.

هەست نەکردن بەم کێشە مەترسیدارە بەتایبەتی لە سەردەمەکانی کۆتاییدا وایکردبوو دوور بکەوینەوە لە چارەسەرە دروستەکان بۆ پێشهاتە نوێکانی ژیانی هاوچەرخ، بەهۆی لادانی

---

[1] – سورة البقرة: آية ٢٨٦.

[2] - تەفسیری گوڵبژێر، (م.عبدالله احمد ئاوایی).

[3] – رواه المسلم في صحيحه.

ڕێبازە لاوەکییەکانەوەو نەگەڕان بە شوێن هەموو بەشەکانی ئەو بەر بڵاویەی لە مەبەستەی شەریعە بەرپا بوو بوو، ئەم کارە بووە هۆی هەرەس هێنانمان لە ناو ئەو شارستانیەتی نویە بەهەموو چەشنێك‌و تێریایەك شەڕی سەرجەم کۆمەڵگەی ئیسلامی تیا دەکەن.

دەست گرتن بە ڕوکەشی وشەو بێژەی دەقەکانی نیگای خوداو لێکۆڵینەوە نەکردن لەوەی چی لە پشت ئەم دەقانەوە هەیە لە مانای ئاشکراو پەنهان‌و لە چوار چێوەی بنەما و یاسا و مەبەست و سەر ئەنجامەکانی جێ بە جێکردنی حوکمەکە، موسوڵمانی وا لێکردوە لە ڕێکخراوییە ئیسلامییەکە دەربچێت بۆ تەیاری ڕێکخراوەیی شەریعەتی ئەوروپی.

زیندو کردنەوەی زانستی مەبەستەکان تەشریعی و سەقامگیرکردنی لە پرۆگرامەکانی خوێندن لە زانکۆکان و دەرەوەشدا ئەوەیە شکۆیەك بۆ ژیانی تەشریعی جوڵاو ڕادەکێشێت‌و بۆ ئەوەی پلەبەندی لەو ڕێکخستنە مادیە ئەورپییە بێنە دەرەوە بەرەو ڕێکخستنەکانی شەریعەتی

ئیسلامی، بە بێ ئەوەی پەیوەندیمان لەگەڵی بپچڕێنین بەڵكو دەبێت سودی لێ وەرگرین بۆ بونیات نانی شارستانێتی تایبەتیمان دوای دیاری كرنی كەسێتیمان و ڕاستكردنەوەی ڕێبازەكەمانو لە تێگەیشتنێكی لۆژیكی ناوكرۆكی مەبەستەكان، كە پەیوەندییەكی تەواوی لەگەڵ بەشەكانی شەریعەتمان دا هەیە.

جەخت كردنەوەمان لەسەر ڕێبازی مەبەستەكان لەتێگەیشتن لە شەریعەتەكەمان، بۆ ئەوەی بیكەین بە شەریعەتی هەموو نەتەوەكان وەك چۆن پێشەوا شاتبیی ئاماژەی پێداوە[١].

تەشریعی مەبەستەكان فراوانترین ڕێگەیە بۆ ئەوەی شەرع زان بیگرێتە بەر بۆ بەڕێوە بردنی كاروباری نەتەوەكەمان، بەتایبەت كاتێك توشی داڕوخانو كارەسات دەبێت بەهۆی گرتنە

---

[١] – الموافقات: ٦/٢

بەری چەند ڕێگەیەك وەك پێشەوا جوەینی پێشتر ئاماژەی پێدابوو.

دواجار جەخت لەسەر ئەوە دەكەینەوە پێوەری هەر ڕێبازێك لە ڕێبازە ئیتجهیادیە ئیسلامییەكان ئەوەیە ماوەی دەستگرتن بە ڕاستیی مەبەستەكانی شەریعەت دیاری دەكات لە ژێر ڕۆشنایی دەست گرتن بە دەركەوتنی ناوە پیرۆزەكانی خوای پەوەردگار لەگەڵ تێكەڵ كردنی بە هاوسەنگیمان، چونكە ئەمە دوا دیدگەی هێنانە دی مەبەستەكانی پەروەردگارە لە ژیانماندا تا ڕۆژی قیامەت.

# پێناسەی مەبەستەکان

شەرع زانە پێشینەکان هەندێك جار بە کورتی و هەندێك جاریش بە درێژی باسی مەبەستەکانیان کردووە، بەڵام نەهاتوو پێناسەیەکی سەرپاگیری ڕێگری بۆ دابنێن (لم یضعوا تعریفات جامعا مانعا)، لەگەڵ ئەوەشدا شەرع زانەکانی ئەم چەرخە چەند پێناسەیەکی ڕونیان بۆ داناوە توێژەر دەتوانێت ڕاستییەکانو گرنگیو بوارەکانی جێ بە جێ کردنی تیا ببینێت.

تاهیر بن عاشور دەڵێت: (مەبەستی شەرع دانانی گشتی ئەوەیە کە شەرع دانەر لە هەموو بارودۆخێکی شەرع دانان دا یان لە زۆربەیدا تێبینی کردبێت، بەشێوەیەك نابێت تێبینییەکانی تایبەت بکات بە گەردونەوە بە جۆرێکی تایبەتی لە حوکمە شەرعییەکاندا)[١].

---

[١] – مقاصد الشريعة، ص ٥٠.

عەلال فاسی دەڵێت: (نیازو ویست لە مەبەستەکانی شەریعەتدا، ئەو ئامانجو نهێنیانەیە شەرع دانەر لەکاتی هاتنی هەموو حوکمێك لە حوکمەکان داینــاوە)[1].

ئەمە زیاتر ڕوون دەکاتەوەو دەڵێت: (مەبەست لە شەریعەتی ئیسلامی ئاوەدان کردنەوەی زەوییەو پاراستنی یاسای پێکەو ژیانو بەردەوام بوون لە بەگەڕ دەسەڵاتەکانی ئەویش دەست والآیی جێنشینێتییە لە زەویدا، لەپاشان هەستان بەوەی بە ئەرك دانراوە لەسەری لە دادپەروەری و ڕاست ڕەوەیو ئازادی ئاوەزو، وەکارکردن بۆ چاکسازی لە زەویدا سود وەرگرتن لە بەرەکەتەکانیو دانانی نەخشەیەك بۆ سود گەیاندنی گشتی)[2].

لە هەمان کاتیشدا مەبەستی شەریعەتی ئیسلامی نەخشەیەکی فراوانی بۆ شەریعەتو یاسا گشتییەکانیو کۆنترۆڵی سەراپاگیرییەکانی ڕەخساندووە، وەك ڕوبارێك وایە

[1] – مقاصد الشريعة ومكارمها، ص٣.

[2] – المصدر السابق، ٤١ – ٤٢.

سەرچاوەکەی لە دەرهاویشتە فیقهییەکانی سەرجەم بوارەکانو ڕوداوە جیاجیاکان هەڵدەقوڵێت.

کاتێك دەربارەی حەقیقەتی مەبەستەکان دەدوێین، مەبەستمان لە بەرژەوەندی ڕاستیە زۆر نیازمەندو، پێداویستیە مامناوەندو،جوانکارییەکانە (الضرورات، الحاجیات، التحسینیات) چونکە هەموو بەشەکانی حوکمی شەرعی پشت بەمانە دەبەستێت بۆ دانانی ڕەشنوسێکی گشتی تیایدا.

پێشەوا شاتبی دەڵێت:

(مەبەستەکانی شەرع بۆ بڵاو بونەوەی بەرژەوەندییەکانی لە تەشریعدا دەبێت ڕەهابێت، نەك تایبەت بکرێت بە باسێكو جیاوازبێت لە باسێکی تر، یان بەجێگەیەكو جیاواز لە جێگەیەکی تر، یان لە جێگەیەك هەندێکی جێگەی ڕێکەوتن بێت و هەندێکی جێگەی ڕاجیایی بێت، بەکۆی گشتی کارەکە

بەرژەوەندی ڕەهای دەوێت لە بەشە سەرەکیەکانی شەریعەتو بەشە لاوەکییەکانیشی)[1].

## گرنگی کارکردن بە ڕێبازی مەبەستەکان:

قەڕافی دەڵێت: (هەرکەسێك لقێك بۆ ڕوداوە لاوەکیەکان دەربهێنێت گشتی نەبێت، ئەوە دەکەوێتە نێو دژایەتییەك لەگەڵ لقەکانی تردا جیاوز دەبێت، بیری مرۆڤ توشی هەژان دەبێت، بەهۆی ئەو کارەوە دەرونی دەگوشرێتو بێ ئومێد دەبێت، پێویستە هەموو بەشە لاوەکییە لە بنە نەهاتوەکان لەبەر بکات، تەمەن تەواو دەبێت هێشتا دەرون هەر بەشوێن ڕاستیدا دەگەڕێت. هەرکەسێکیش بەپێی یاسا بنەڕەتییەکان چوارچێوەو سنور بۆ خۆی دیاری بکات پێویستی بە لەبەر کردنی زۆر لە بەشەلاوەکییەکان نابێت لەناو ئەو یاسا پلەبەندییە گشتیانەدا)[2].

---

[1] – الموافقات: ٢/٣٦٠.

[2] – الفروق، ١/٣،٢.

کاتێك مەبەستی شەرع دانەر (الشارع) پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خەڵکە لە چارەسەرکردنی لە ئێستاو داهاتودا ئەوکاتە ڕێگەیەك دەگرێتە بەر بۆ ئەو بەرژەوەندیانە مەبەستەکان لەڕوی هەڵسوکەوتە تایبەتیو گشتییەکاندا لەسەر خۆی پێویست دەکات، لەسەر ئەوەی مەبەستەکانی شەرع دانەر بۆ باشترین کۆنترۆڵکردنی کاروباری مرۆڤەکانە[1].

کارەکە گەیشتوە ئەوەی پێشەوا جوەینی بەم شێوەیە باسی زۆر نیازمەندی (ضروري) مەبەستەکان بکات، دەڵێت: (ئەوەی خۆی زرنگ و هۆشیار نەکات لە ڕۆشتنە ناو مەبەستەکانەوە بۆ ئەنجام دانی ڕێپێدان (أمر)و ڕێلیگیراوەکان (نواهي) هیچ بەرچاو ڕونییەکی نییە لە دانانی شەریعەتدا)[2].

---

[1] – النظر المقاصدي: د.محمد بن محمد رفيع، ١٤٣١ – ٢٠١٠، دار السلام، القاهرة، ص ٦٥.

[2] – البرهان، ٩١٣/٢، نقلاً عن مقاصد الشريعة عند الشاطبي للدكتور أحمد الريسوني ص ٢٣.

بۆداڕشتنەوەی بەئەرك دانانە (تكليف)ە شەرعييەكان بەرەو تەواو بون بچێت پێویستی بە ڕەهەندی تاكیو دەستە جەمعی هەیە بۆ ئەوەی بەردەوام وەڵامی ڕاستی پرسیارەكانی سەردەمی پێ بدرێتەوە، بۆ ئەوەی شەرع ببێت بە پشتیوانی كارەكانی مرۆڤ. ئەمە وامان لێدەكات ڕاستڕەوییەك بدات بە كارە شەرعییەكانمان بۆ ئەوەی ڕێگەیەكی تەواو بەدەست بهێنرێت بۆ تاكو كۆمەڵگا[1].

عەلال فاسی دەڵێت: (مەبەستەكانی شەریعەت سەرچاوەی هەمیشەییە بۆ چاوەڕوان كردنی ئەوەی لە شەریعەتو دادوەریدا لە فیقهی ئیسلامیدا چاوەڕوان دەكرێت، ئەمە سەرچاوەیەكی دەرەكی نییە لە شەریعەتی ئیسلامی بەڵكو ئەمە شادەماری شەریعەتە)[2].

دكتۆر جاسر عودە لەسەر ئەم نیازمەندە زۆر پێویستە پێی وایە: (بە دی هێنانی مەبەستەكانی شەریعە ئامانجی بنەڕەتییە

---

[1] – النظر المقاصدي، ص٣٠.

[2] – مقاصد الشريعة، ٥١ – ٥٢.

بۆ هەموو ڕێبازە ئیجتیهادیە زەمانەوانیو ئاوەزییەکان، بە چاو پۆشی لە ئەو جیاوازیانەی هاومانان یان نزیکن لێیەوە، دیاری کردنی مەبەستەکان لە چوار چێوەی یاسای تەشریعی ئیسلام بۆ ئەوەیە پارێزگاری بکات لە کرانەوەو نوێگەر تیایدا لە ڕوی جیهان بینیو میانڕەویو لەگەڵ گۆڕانی کات ئەویش بگۆڕێت. لەبەر ئەمەیە ڕاست وایە پلەی ئیجتیهادی بنچینەیی وەك ئاستی بەرژەوەندییەکان بێتەوە، واتە ئاستی هێنانە دی مەبەستی شەریعەت لە ڕوی تیۆریاو فەلسەفییەوە)[1].

دەرخستنی ڕێبازی مەبەستەکان لەم دوایەدا گۆڕانی زۆر گرنگی بەسەردا هات لە چاو سەرچاوەی ڕێبازە دێرینەکاندا، بەهۆی ئەو گواستنەوەیەوە بوو لە خوێندنی فیقهی لاوەکیو پەراوێزکاری بۆ بابەتە گشتییەکان کە لە سەردەمی نوێدا پێی دەوتریت فەلسفەی تێکەڵاوی شارستانی. چونکە ڕێبازی مەبەستەکان پشت دەبەستێت بە گەشە کردنی تەشریعی لە بازنەی داڕشتنەوەی بابەت دانان لە کولێژە شەریعەکاندا، ئەوە

[1] – مقاصد الشريعة كفلسفة للتشريع صفحة ٣٨٥ – ٣٨٦.

تاکە وانەیە بتوانێت لە سەرەتای سەردەمی نوێی هاوچەرخدا بەرامبەر تیۆریای کۆلێژەکان بوەستێتەوە  لە بەردەم پێکهاتەی بابەتە یاساییە ڕۆژئاوایەکاندا.

بەداخەوە ئەو جیلە شەرع زانەی لە دوای شاتبی هاتن، دەمارگیری مەزهەبی ڕێکگری لێ کردوەو سەرقاڵ بوون بە بەشە لاوەکییەکانەوە، ئەم لاوەکیانەش بۆ ئەوە نەبوو لە ڕێبازی بەرژەوەندی داکوتراو سود وەرگرن. ئەگەر ئەو کەسانە بەهۆش بهاتنایەتەوە لەسەر ئەوەی کە شاتبی نوسیبووی‌و خوێندنەوەی زیاتریان بۆ بکردایە خەڵکانی ترش هاوشێوەی ئەوانی دەکرد، "بە بۆچونی من لەم سەردەمەدا شەریعەت حوکمی دەکردو باڵا دەست بوو نەك یاسا هاوردەیەکان".

# سودەکانی کارکردن بە مەبەستەکان

مەبەستەکانی شەریعەت زۆر سودی مەزنی هەیە لە تەشەریعی گشتی و تایبەتیدا و، هەموو بارودۆخێكو کاتێك، لەوانە:

بەختەوەر کردنی تاكو کۆمەڵگەو پارێزگاری کردن لە سەر ڕێساکانو ئاوەدان کردنەوەی جیهان.

مەبەستەکانی شەریعەت ئەوەی جێگیر کردوە کە شەریعەتی ئیسلامی هاتوە بۆ بەرجەستە کردنی بەرژەوەندییەکانی بەندەو لادانی شەڕانگێزیەکان لێی.

دەستگرتن بە بنەما سەرەکیەکانو مەبەستە گشتییە دڵنیاییەکان (الیقینیە)[1] سودیان زۆترە وەك ئەوەی سەرقاڵی بەشە لاوەکیەکان و کەڵەکە کردنی حوکمان، بەهۆی تێکەڵاو

---

[1] – (الیقین) لەفەلسەفەدا واتە: دڵنیابوون بە حاڵو بارو بڕیارێك لەگەڵ چەقینی لە دلو بەڕاست دانانی. (وەرگێر).

بونیان بە گومان یان بە نەزانی یان بەهۆی پێ نەگەیشتنیان توشی بوون.

یەکێك لە مەرجەکانی موجتەهید ئەوەیە زانستی هەبێت بە مەبەستەکانی شەریعەت بۆ ئەوەی لە سنوری بەشە لاوەکییاندا نەمێنێتەوە کە توشی چەندین کێشەی بێ چارەسە بونەتەوە کۆمەڵگەشیان توشی ناڕەحەتی خۆیان کردووە.

# ڕێساکانی ڕێکخستنی مەبەستە گشتییەکان:

خوێندنەوە بۆ بەڵگە شەرعیە گشتیو لاوەکییەکان ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە شەرع دانەر مەبەستی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە زۆر نیازمەندەکانو ئاتاجەکانو جوانکارییەکان (الضرورية، الحاجيه، التحسينيه)ەیە، بەتایبەت زۆر نیازمەندەکان (الضرورية) چونکە ئەمە هەیکەلی پاراستنی ئایینو ژیانو شەرەف، و سامان و عەقلّ.

بەرژەوەندییەکانو خراپییەکان ئەوانەن لە چوار چێوەی بازنەی مەبەستەکان بونیان هەیە، ئەگەر لە شتێکدا بەرژەوەندی لە خراپە زۆرتبوو ئەوە مەبەستی شەریعەت دەیەوێت ئەوەت دەست بکەوێتو بۆیە لە بەندەش هەمان کار داواکاروە.

هەروەها ئەگەر خراپەیەك لە حوکمێکدا زۆرتر بوو لەچاو بەرژەوەندیدا ئاسایی لابردنی ئەو حوکمە مەبەستی شەریعەتە. لەبەر ئەم بەرژەوەندییەیە ڕێگری داناوە بۆ هەندێك کار. بە

گوێرەی گەورەبونی خراپەکە ئەوکاتە زیاتر توندی دەکەینەوەو ڕێگری لە ئامرازەکانی ڕێگە گرتن‌و ڕێگە پێدان بەکار دەهێنین (سد ذريعة).

کاری بنەڕەتی لە پەرستشەکاندا وەستانە لە سەر بێژە (لفظ) بە بێ ئاوڕدان بۆماناکەی، وە کاری بنەڕەتیش لە نەریتەکان (کاروباری دنیایەکان) ئاوڕ دانەوەیە بۆ ماناکانی.

مەبەست لە شەریعەدا هێنانە دەرەوەی داوا لێکراو لە شوێن کەوتەی ئارەزوەکانی تا ئەوکاتەی دەبێتە بەندەیەکیی هەڵبژێراوی خودا وەك چۆن ئێستا بەندەیەکی بێ چارەیە بە دەست ئارەزوەکانیەوە.

شەرع دانەر مەبەستی لە ئەرکدانان ئەوە نییە توشی مەینەتیت‌و ناهەمواریت بکات، بارگرانی لە دەرەوەی لابردنی ئەو ناڕەحەتیەیە. هەر کەسێك ئەو ڕێگە نەگرێتە بەر کە بۆ هێنانە دی بەرژەوەندی دانراوە ئەوە بەرەو دژەکانی ئەو بەرەژوەندی هەنگاو هەڵدێنێ.

بواری ئیجتیهاد له دەقه یەکلایی کەرەوەکاندا جێ بەجێ کردنیەتی لەجیهان بینیدا بەهۆی بارودۆخو تێکەڵ بون لەگەڵی، بەشێوەیەك بارودۆخەکه کاریگەرییەکی بەرچاو جێ بهێڵێت بۆ چاودێری کردنی کۆمەڵگە، بۆئەوەی ببێت به کارەکتەرێکی ڕوداوه فیقهیەکان پێکی بهێنێت، یان به پێی پێك هاته شەرعییەکان خۆی بگونجێنێت[1].

## فیقهی تەقەلای هاتنە خوارەوە (فقه الإجتهاد النزیلی):

ئەم فیقهه واته به کارەکانی ئاوەزو تێڕوانینی دانایی (حصیف) لەگەڵ تێکۆشانێکی زۆرو بەردەوام بۆ تێگەیشتن له دەقەکانو هێنانه دی سەرچاوەی حوکمەکەو شارەزایی ئامانجو دور خستنەوەکانی زۆرترین هەوڵ بدەیت دەگونجێ هەر هەڵە بکەیت، ئەوکاته تۆ زیان به خەڵك دەگەیەنیت، دەبیته هۆی ئەوەی دوره پەرێزت بێت پاش ئەوەش بەم کارەت جێ بەجێ کردنی شەریعەتت وەستاندوه، هەر شتێك له هەر سەردەمێکی

[1] – فقه مقاصد الشریعة في تزیل الاحکام ص ٢٣٠، عن الموافقات للشاطبي.

مێژوویدا دابەزێتە سەر ژینگەی مرۆڤایەتی پێویستی بە تێگەیشتنی وردو هەڵسەنگاندی بەر یەککەوتنەکانو پێویستییەکانی ئەو ڕوداوانەو پەی بێ بردنی باش بە حوکمە تەشریعیەکەیو ئامانجەکەیو هەوڵدانی زۆر باش بۆ بە دەست هێنانی ئەو شتانەی بەرژەوەندو سودی زۆر بە مرۆڤەکان دەگەیەنیت[1].

پێغەمبەر مەزن (ﷺ) بە ئاگادارمان دەکاتەوە بۆ ئەوەی فتواکانمان پتەوو بەهێزو ورد بێت چونکە ئەگەری هەڵەی هەیە، دەفەرموێت: (من مرۆڤێکم، ئەگەر فەرمانم پێکردن بە شتێك لە دین دا ئەوە لێم وەرگرن، ئەگەر فەرمانێکم پێ کردن بە بۆچونی خۆم ئەوە من مرۆڤم)[2].

---

[1] – ئەم دەقە زۆر گرنگە بەڵام نازانم لە چی سەرچاوەیەك وەرم گرتووە، ناوەکەیم لەبیر نەماوە، خودا پاداشتی خاوەنی ئەم وتە بداتەوە.

[2] – صحيح مسلم، كتاب الفضائل، باب وجوب امتثال ما قاله شرعاً دون ماذكره من معايش الدنيا على سبيل الرأي، رقم ٦٢٠٢.

## بەرژەوەندییەکانو خراپەکان (المصالح والمفاسد):

بەرژەوەندی لای پێشەوا غەزالی بریتییە لە: (پارێزگاری کردنە لە مەبەستەکانی شەرع. وە مەبەستەکانی بۆ پارێزگاری کردن لەم بنەمایانە دروست بووە: ئایینو ژیانو شەرەف، و سامان و عەقڵ. لە ژێر ئەمانەشدا هەموو بەرژەوەندییەکانی تریش جێی دەبێتەوە)[1].

دەڵێت: پێویستە وریابین ئەم یاسایە بەسەر نەتەوەیەك لە نەتەوەکانو شەریعەتێك لە شەریعەتەکان دەیانەوێت چاکسازی بکەن ناگرێتەوە، بەڵام هیچ شەریعەتێك جیاواز نییە لەگەڵمان لە حەرام کردنی کوشتنو داوێن پیسیو دزیو خواردنەوەی کحولییەکان.

پێشەوا عیزی کوڕی عەبدولسەلام دەفەرموێت: (هەر کەسێك شوێنی مەبەستەکانی شەریعە بکەوێت لە هێنانە دی بەرژەوەندیو لابردنی خراپە ئەوە بەو کارە کۆمەڵێك بیرو

---

[1] – المستصفى ٢٨٦/١.

باوەڕی چاكەی دەستكەوتووە، چونكە ئەم بەرژەوەندییە دروست نییە پشتگوێ بخرێت چۆن دروست نییە نزیكی ئەو خراپەیە ببیتەوە ئەگەر دەقێك یان كۆڕای زانایان (اجماع) یان بەبەرداگرتن (قیاس)ێك نەهاتبوو، چونكە تێگەیشتنی لە ناخی شەرع ئەوەی پێویست كردووە)[1].

بەرژەوەندی لای شاتبی ئەوەیە بگەڕێیتەوە بۆ هەستانەوەی ژیانی مرۆڤایەتی بە تەواو كردنی هەموو لایەنەكانی ژیان ئەوەی پێویست بێت بەدەستی بهێنیت دابین كردنی دڵبەرەكانو ئاوەزییەكان تا ئەوكاتەی دەبێتە نازو نیعمەتێكی گەورە[2].

خوێندنەوەی بەشە لاوەكیەكانی شەریعەت ئەوەش بەڵگەیەكە لەسەر ئەو دانراوە بۆ هێنانە دی بەرژەوەندییەكانی بەندە[3].

---

[1] – قواعد الأحكام، ٢/٦٢.

[2] – الموافقات، ٢/ ٢٧.

[3] – الموافقات، ٢/٤.

کۆنترۆڵکردنی بەرژەوەندی لای ئەو بریتیە لە ڕاستکردنەوەی دنیا بۆ ژیانی ئاخیرەت، نەك بۆ ئەوەی بە دیدێکی نەفسانیەوە باسی ڕاکێشانی بەرژەوەندییە سادەکان یان خراپە سادەکان بکەین.

بەم شێوە وادەبینێت پوختەی مەبەستەکان کۆ کراونەتەوە لەبەرژەوەندی ڕەهادا (المصلحه المرسله)، مەرجە بەرژەوەندییە ڕەهاکانیش بگونجێت لەگەڵ مەبەستەکانداو پاشان بهێنرێنە دی. بە ڕونی ئەمە بەڵگەیە لەسەر بونی پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان بەرژەوەندییەکانو مەبەستەکان، مەبەستەکان هەوڵ بۆ هێنانە دی بەرژەوەندییەکان دەدات، بەرژەوەندییەکانیش پێوەرە بۆ پێوانی مەبەستەکان[1].

گومانی تێدا نییە مەبەستەکان ژیانی فیقهی پێك دێنێت ئەم دوانە گیانێکی زیندویان بە بەردەوام بونو پێکەوە گونجانیان لە گەڵ جیهان بینیو ڕوداوەکان لێ پێك دێت، مانای

[1] – مصالح الانسان مقاربة مقاصدية، ص ٥٤ ط١ المعهد العالمي للفكر الإسلامي ٢٠٠٩.

ئەوە نییە ئەو ڕێگانەی بۆ هەستانەوەی فیقهی ئیسلامی بە چالاك کردنی لە ژیاندا لە ژێر سێبەری دیدارو کۆڕبەندە یەك لەدوای یەکانە باسی نیازمەندی زۆر گرتنی نوێگەری فیقهی ئیسلامی و دووبارە خوێندنەوەکانو مەبەستەکانیش بکرێنە ڕێگای دووبارە نوێ بونەوەو هەستانەوەی بە گیانی فیقهدا لە چەق بەستن و دەرچوون لە چاوەڕوان کردن بۆ خوێندنەوەی نوێ لەلایەكو و لە لایەنە زانستیەکەی بۆ ئەوەی شتە پێشهاتە کانی سەردەم قبولّ بکاتو کێشەکان چارەسەر بکات.

لێرەوە زۆر باشە بلّێین: (مەبەستەکان تەوەری هەموو حوکمە شەرعییەکانە خولگەی دەرگاکانی فیقهییە، بەردەوام بونی شارستانی مرۆڤایەتییە و لە خۆ گرتنی بەختەوەرییە بۆی )[١].

---

[١] – مالك لأبي زهرة ص ١٦٦.

**مەبەستەکان لە هزری فقهی نوێدا (المقاصد في الفكر الفقهي الحديپ):**

گەشە سەندنی بیری مرۆڤایەتی هاوچەرخو ئەوەی دەردەکەوێت تیایدا لە ڕوداوەکاندا پەیوەندی بە بزاوتە مرۆییەکانەوە هەیە لە دان نان بە مافەکانی پیاوانو ژنانو ڕێکخستنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیو ئابوری و جگە لەوانەش، توانای ڕوبەڕو بونەوەی ئەو هەموو ڕێبازەی نیی، ناتوانن ئەو بەر یەککەوتنەی زمانەوانیانەی بەردەوام شارستانیە هاوچەرخە ببنەوە شەریعەتو مەبەستەکان بکەن بە جیهانی، بۆ ئەوەی موسوڵمانان بونو بەهای خۆیان بۆ جیهان بسەلمێنن ئەو ڕەوشتانەش لە مەبەستەکانی شەریعەتەکەیاندا هەیە بەم شێوەیە دەتوانن بڕۆنە ناو جیهانی ئەوانەوەو نزیکیان ببنەوە.

شێخ محمد ڕەشید ڕەزا دەڵێت: (کاتێك قورئان دەخوێنیتەوە ئەوەمان بۆ دەرکەوت لەگەڵ ئەوەی هەموو چاکسازییەکی پایەکانی دینی تیا کۆ کراوەتەوە بەڵام دیوی

پێغەمبەرێتی (ﷺ) ەنەزانراوانە کەمان بۆ ڕون دەکاتەوە، ئیسلام ئاینی پاکێتی (فطرة)[1] و ئاوەز و هونەرو سەلماندنو سەربەستیو سەربەخۆییە چاکسازی کۆمەڵایەتی و سیاسی دابین دەکات مافەکانیش بۆ ئافرەت فەراهەم دەهێنێت. بەمەش دەتوانین بڕۆینە ناو سەردەمی هاوچەرخەوە)[2].

زۆربەی ئەوانەی ئەمڕۆ لە سەر مەبەستەکان دەنوسن دەیانەوێت دەستەواژە هاوچەرخەکان بخەنە ناو مەبەستەکانەوە، وەك: بنەمای دادپەروەری کۆمەڵایەتی، مافەکانی مرۆڤ، گەشەپێدانی مرۆیی، و سەربەستی باوەڕ، و تەواکاری کۆمەڵایەتی، بڵاو کردنەوەی بیری زانستی، ئەمانە هەمووی لە بڕ بڕەی پشتو وەچەی بابەتەکانی مەبەستەکانی شەریعەتەوە وەرگیراوە.

---

[1] – (فطرة) لای فەیلەسوفەکان ئامادەکارییەکە لە مرۆڤدا بۆ جیاکردنەوەی حەق لە ناحەق، (وەرگێڕ).

[2] – الوحي المحمد ص ١٠٠ القاهرة، مؤسسة عزالدين.

شێخ محمد ڕەشید دەڵێ بە بۆچونی من باسی هەر شتێك لەمانە بکەین لە ژێر ڕیزبەندی یەکێك لەمانە شوێنی دەبێتەوە: زۆر پێویست و ئاتاجی و جوانکاری (ضروري، حاجيات، التحسينيات) باسکراوە، بەدەمەوە چوونی ئەم حیکمەتانەی مەبەستەکان لە ناو یاسای ڕۆشنبیر کردنی شارستانی لە نێوان مرۆڤەکان کۆکراونەتەوە.

ئەو ڕاستیە جێگیرەی کە زانایانو لێکۆڵەران لەسەری کۆبونەتەوە لەسەر مەبەستەکان لە پێکهاتەی شەریعەتی ئیسلامی هاتووە بە بەرژەوەندییەکان نەبێت تەواونابن، بەتایبەت بۆ ڕو بەڕوو بونەوەی ئەم سەردەمە ئاڵۆزەمان، بازنەیەکی (الحلقه) زۆر گرنگو قوڵە لە زنجیرە (سلسله) ئەو زانستیە شەرعیانەیە بە سەرجەم باڵەکانیەوە هەموو شەرع زانێك پێویستیان تێی دەکەوێت، ئەوانیش:

توێژینەوە لەدەقەکان، پاشان تێگەیشتن لە مانا زمانەوانیەکانی، پاشان دەرهێنانی حوکم لێی لە چوار چێوەی یەك ڕێباز، پاشام بەراودکردنی بە هەموو ڕێبازە فیقهیەکان،

پاشان تێگەیشتنی وردو گشتگیر لە چوار چێوەی بنەماو یاساو مەبەستو سەر ئەنجامو جێبەجێ کردنی حوکمە لە شەریعەتی ئیسلامیدا. ئەم بازنەیە (الحلقە)ی کۆتاییە ئەو تەوەرەیە دەمان خاتە ناو سەردەمی هاوچەرخەوە لە دەرەوەی مێژوو دەمان باتە ناو مێژووەوە ئەویش دەمان خاتە ناو توێژینەوەی ژیانە بۆ ئەوەی بتوانین دەقەکان بە ماناو بنەماکانیەوە دابەزێنینە ناو ڕوداوە هاوچەرخەکان.

توشی زیانێکی زۆر بوین کاتێك بە ڕێبازێکی لاوەکییەوە ڕوو بەڕووی شارستانیەتی هاوچەرخ بوینەوە، چونکە لە یەکەم بازنە لەو چوار بازنەیەی وتمان وەستاین، لە کاتێکدا ئەو بە هەموو پێکهاتە گشتیەکەیەوە ڕو بەڕوی جیهان بویەوەو چارەسەری کێشە هاوچەرخەکانی کرد. پاش ئەو ئەزمونە ناخۆشە، نوێگەرەکانی ئەم سەردەمە کاتێك بازنەی ئەو دەرهاویشتە مەبەستیانەیان فراوان کرد ئەم ڕێڕەوەیان گۆڕی بۆ ڕێگەیەکی گشتی لەسەر دەقەکان. ناڕەحەتی ئەو ڕوبەڕوو بونەوانە ئەمانە دەگرێتەوە: یاسای نەتەوەکانو یەکسانیو

سەربەستی میهرەبانیو جیهانی بونی و ڕەچاو کردنی پاکێتیو یەکتار پەرستیو دادگەریو ئاوەدان کردنەوە و پاك کردنەوەی ڕۆح و بەهێز کردنی ڕەوشتو پێك هێنانی خێزانێکی بەختەوەر و بەوژیدانی بۆ ئافەرتانو بانگەواز بۆ جیانێکی مرۆڤایەتی هاوچەرخ گۆڕانی وەستان لە ڕابردوو بۆ دووبارە ئامادەگیو زیندو کردنەوەی ڕۆڵی شارستانی بۆ نەتەوەی ئیسلامیمان.

کارەکە وای لێهات شەهید سید قوتب بڵێت بونیات نانی مەزهەبی ئیسلامی گەردونو کۆمەڵگەو ژیانو مرۆڤایەتیی کە مەبەستە گشتییەکانی شەریعەتی ئیسلام ڕاستەوخۆ لەئایەتە قورئانییەکان دەرهێنراوە، ئەوەتا ئەو لە پەرتوکەکانی بەم شێوە دەست پێدەکات (جەنگی ئیسلامو سەرمایەداری) و (ئیسلام و ئاستی جیهانی) و (ئیسلامو کێشە شارستانییەکان) و (ئایندە بۆ ئەم دینەیە)و (لە ژێر ڕۆشنایی قورئاند)[١].

---

[١] – مقاصد الشريعة في فكر سيد قطب، رسالة دكتوراه نصير زرواق، دار السلام القاهرة ط١، ١٤٣١هـ، ٢٠١٠م.

ئەمە مانای وایە خوێندنەوەو توێژینەوە لەسەر مەبەستەکانی فیقھ و فکرییەکان لە ژێر بوارەکانی فەرمودە لە کێشە هزری‌و فەلسەفی‌و ڕێبازیە ئیسلامییە گەردونیە گشتگیرەکان و پێکهاتە گشتییەکان لە شەریعەتی ئیسلام بونیات دەنرێت‌و پێك دێت، بۆ بەراورد کردنی بە پێکهاتە گشتییە کانی لە یاسای تەشریعی هاوچەرخ بۆ گەیشتن بە ئەوەی ئیسلام لەپێشترە بەهۆی ئەوەی لە سێ بەڵگەوە سەرچاوەی گرتووە: خوێندراوە (المقروو) و بینراو (المنظور) جێ بەجێکراو (المطبق) ئەویش فەرمودەی پێغەمبەری خودایە (ﷺ) لە هاوسەنگیکی زۆر ناوازەدا ژیانی مرۆڤایەتی بە هەموو کارە باشەکانی پێویستی خۆی بەرز ڕادەگرێت ئەو بەشەی مرۆییەی لە ناوە پیرۆزەکانی خوای پەروەردگارەوە وەریگرتوە دەچێت بۆ بنیات نانی شارستانیەتی مرۆڤایەتی خواناسی بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی بەختەوەر بکات خۆی ئامادە بکات بۆ ژیانی هەمیشەیی نەبڕاوە لە قیامەتدا[١].

---

[١] – المقصد الاسني في شرح أسماء الله الحسني. للأمام الغزالي.

# ناوەڕۆك


| | بابەت | ژ.لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکی نوسەر | ٤ |
| ٢ | لە نیگای ڕونەوە بۆ ڕامیاری شەرعی | ١٨ |
| ٣ | بوارەکانی سیاسەتی شەرعیو گرنگییەکەی | ٣٧ |
| ٤ | مەرجە دان پێدا نراوەکانی سیاسەتی شەرعیی ئەمانەن: | ٣٩ |
| ٥ | بنەما گشتییەکان بۆ تێگەیشتن لە شەریعەتو جێ بە جێ کردنی: | ٤٨ |

| | | |
|---|---|---|
| ٦ | دادگەری شەریعەت: | ٥٩ |
| ٧ | جێگیر کردنو تۆکمەکردن (التمکين) | ٦٧ |
| ٨ | بەرژەوەندییەکانو خراپەکارو مەبەستەکانی شەریعەت: | ٨٤ |
| ٩ | بەرژەوەندییە ڕەهاکان (المصالح المرُسَلة): | ٩٦ |
| ١٠ | مەبەستەکانی شەریعەت (مقاصد الشريعه) | ١٠٦ |
| ١١ | مەبەستەکانو بنچینە فیقهییەکان | ١١١ |
| ١٢ | بنچینەی لابردنی نارەحەتی (رفع الحرج): | ١١٥ |
| ١٣ | بنچینەی ئاسانکاری (قاعده التيسير) | ١١٩ |
| ١٤ | بنچینەی پلە بەندی (قاعده تدرج) | ١٢٢ |
| ١٥ | بنچینەی لابردنی زیان (رفع الضرر) | ١٢٧ |
| ١٦ | بنچینەی ڕێگە گرتنو ڕێگە پێدان (سد الذرائع)<br>بنچینەی سەر ئەنجامی لەکارەکان: | ١٣٢ |
| ١٧ | گواستنەوەی ڕوداو گەلێك لە نیگای ڕونەوە بۆ سیاسەتی شەرعی (بةلاغءلموبين) | ١٣٩ |
| ١٨ | ئازار دانی عەماری کوڕی یاسر: | ١٤٤ |
| ١٩ | ڕێکەوتنی حودەیبییە: | ١٤٧ |
| ٢٠ | هەڵوێستی بەرامبەر بە تیر هاوێژەکانی (ئوحود) | ١٥٥ |
| ٢١ | لەکاتی دروست کردنەوەی کەعبەدا: | ١٥٨ |
| ٢٢ | هەڵسوکەوت لە تەك گەورەی دوو ڕووەکان: | ١٦٠ |
| ٢٣ | هەڵوێستی بەرامبەر سەمرەی کوڕی جندب: | ١٦٤ |
| ٢٤ | گواستنەوەی ڕوداو گەلێکی لە نیگای ڕونەوە بۆ سیاسەتی | ١٦٥ |

| | | |
|---|---|---|
| | شەرعی  لە ژیانی هاوەڵانی ڕاشیدیندا: | |
| ٢٥ | کێشەی زەوی زوحاك: | ١٧١ |
| ٢٦ | هەڵوێستی بەرامبەر بە زەوی وڵاتە ڕزگار بووەکان | ١٧٤ |
| ٢٧ | هەڵوێستی عومەر بۆ هاوسەرگیری لەگەڵ خاوەن کتێبەکان: | ١٨٤ |
| ٢٨ | هەڵوێستی عومەر لەسەر دەست بڕینی دزی | ١٨٩ |
| ٢٩ | ڕوداوەکان لەسەردەمی عوسماندا:(رضي الله عنه) | ١٩٣ |
| ٣٠ | ئەنجام دانی نوێژ بەتەواو لە مینا | ١٩٤ |
| ٣١ | ڕواوەکان لە ژیانی عەلیدا(رضي الله عنه) | ١٩٦ |
| ٣٢ | گەیاندن و سیاسەتی شەرعی لە سەردەمی خۆماندا | ٢٠١ |
| ٣٣ | گەیەنەر (پەیامبەر)ەکان سی چینن | ٢٠٦ |
| ٣٤ | سیاسەتی شەرعی لە سەردەمی نوێد | ٢١١ |
| ٣٥ | پاشماوە لە نیگای ڕونەوەبۆ مەبەسەتی شەریعەت | ٢٣٤ |
| ٣٦ | لە نیگای ڕونەوە بۆ مەبەستەکانی شەریعەت:ئاسانکاری: | ٢٣٥ |
| ٣٧ | پێناسەی مەبەستەکان: | ٢٤٧ |
| ٣٨ | گرنگی کارکردن بە ڕێبازی مەبەستەکان: | ٢٥٠ |
| ٣٩ | سودەکانی کارکردن بە مەبەستەکان: | ٢٥٥ |
| ٤٠ | ڕێساکانی ڕێکخستنی مەبەستە گشتییەکان: | ٢٥٧ |
| ٤١ | بەرژەوەندییەکانو خراپەکان (المصالح والمفاس): | ٢٦١ |
| ٤٢ | مەبەستەکان لە هزری فقهی نوێدا (المقاصد في الفكر الفقهي الحديث) | ٢٦٥ |